# تێکشکان

نۆڤلێت

# تێکشکان

نۆڤلێت

سەرۆ قادر

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس

هەولێر – هەرێمی کوردستانی عێراق

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

سەرۆ قادر
تێکشکان – نۆڤلێت
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٤٥
چاپی سێیەم ٢٠١٢
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ٢٨٧٧ – ٢٠١٢
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

ژێنک:
ژمارەی پێوانەییی ناودەوڵەتیی کتێب
ISBN: 978-9966-488-15-4

# پاساو بۆ تێکشکانێک

بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان. زەمانێکی دوور و درێژی خایاند، وەک دەڵێن "ئەمما زەمان". ئیشم بە مێژوو نووسینەوەدا نییە بەڵام ئەوە سەدەیەک و هەندێکە ئەم بزووتنەوەیە نەپساوەتەوە. ئێمە لە پارچەی خۆمان گەیشتینە رزگاری بەڵام کاروانی ئەم خەباتە مرۆڤایەتییە لە بەشەکانی تر هەر بەردەوامە، دەستیان خۆش، بەرەو خۆر بن.

رەخنەگرتن لە واقیعی ناوەوەی ئەم خەباتە ئینسانییە، نەک هەر کارێکی بەد نییە بگرە زۆریش پێویستە. پێشمەرگە و سیاسەتوانی ناو خەبات، خۆبەختکارەکانی پێناو ئازادی و بەختەوەری مرۆڤەکانی وڵاتی خۆیانن، مرۆڤدۆستن بۆیەش جوانن. لێ لە هەموو حاڵەتێکدا ئەوانیش بەشەرن، کەموکوڕی و جیاوازی لە بروادا لە خسوسییاتی ئەو ئینسانانەیە کە توانای داهێنانیان هەیە و بەدوای نوێدا عەودالن. لەم روانگەیەوە ئەز لە رەخنەگرتن لە شۆڕشگێڕان ناترسم. هەڵبەت زمان و پەنجەی خۆم قفڵ دەدەم ئەگەر بە سەهوش رێیان کەوتبێتە شێواندنی ئەوانەی قولابیان لە گرانیی خۆر گیر کرد و هێنایانەوە سەر ئاسمانی کوردستان.

لەوانەیە زۆر رەزاگرانی نەکەم گەر بیگێڕمەوە کە ئەم لاپەڕانەم دوای پاشەکشەی بزووتنەوەی چەکداری پێشمەرگە لە ساڵە بەدناوەکەدا دەست پێ کرد، ساڵی کۆتاییی شەڕی هەشت پایزە و ئەوجی سووتانی خاک و ئەنفالکردنی هاووڵاتییان.. ساڵی هەڵەبجە. بواری بڵاوکردنەوەم نەدیت، بۆیە تێم هەڵدایە ناو کاغەزە بێ کەڵکەکانی ماڵ. پاشان هەر لە بیرم چووەوە. دوای رووداوەکانی شەڕی ناوخۆ دەرچووم لە هەولێر، هاوسەرم لەگەڵ

هەندێک لە کتێبەکانم رای دەگوێزێ. لە ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ١٩٩٥دا، برادەرێکی نزیک و ئەدەبدۆستم هاتە مەسیف سەلاحەدین: دیارییەکم بۆ هێناوی، ئەمەیانم لەناو شتەکانتان دۆزیەوە.. دەفتەرە گۆڕینەکەی دایەوە دەستم.

بەهەرحاڵ، لە بەهاری ١٩٩٧دا چاپم کرد. هەندێک کەس و حزب پێی تەنگاو بوون.. فرە هێرشم کرایە سەر و ئازار درام.. زۆر نووسەریش دیفاعیان لێ کردم، منەتباریانم. ئێستا ئەوە بۆ جاری دووەم چاپی دەکەمەوە، هیوادارم وەک یەکەم جار، کۆ نەکرێتەوە!. ئەمە مێژوو نووسین نییە، داستانێکی ئەدەبییە پێشمەرگەیەک نووسیویەتی. ناوەکانی ئەم داستانە بەرێککەوتن و مەبەستم توانجدان لە هیچ کەس و حزبێک نییە. لەم چاپەدا هەڵە زمانەوانییەکانم چاک کردووەتەوە و دەسکارییەکی کەمی داڕشتنەکەیم کردووەتەوە.

سەرۆ
هەولێر - ٢٠٠٢

## یەکەم

قـیـژەیەکی تونـد رای چڵـەکـاندم.. هێنامـیـەوە سـەر خـۆم، منداڵەکەی سـەر دەستانم بوو پەلەکوتەی دەکرد، کچە وردیلە لە هۆشچووەکە بە کوڵ دەگریا.. توند لە باوەشم گرتبوو، لە جیاتیی پێکەنین ئێستا دەمویست بگریم، سەرم هەڵبڕی بینیم لە بەردەم ماشینەکە راوەستاوم و ترافیک لایتی لای راستە لێ دەدا.. شـــەقــام بەدیارمـــەوە وشک چەقـــیـــوە و چاوەڕوانی دواســـاتی رووداوێکی دڵتەزێن دەکا. لە دەوریشمان ژمارەیەکی زۆر ماشێن وەستاون و خـەڵکەکـەیان دادەبەزن و لە رووداوەکـە دەپرسن و بەهـانای قـوربانییـەکـانەوە دەچن. خـەڵکی گـوندیش کـە زۆربـەیان ژن و منداڵن بـەغـاردان بەرەو لامـان دێن، ژنێکی قـەڵەو لەپێشـیـانەوە بە پێـخـواسـی و سـەرکـۆتی رادەکـا، لە هەر چەند هەنگاوێک مستێک بەسەر و رووی خـۆیدا دەکێشێت.. هـاوار دەکات.. زانیم دایکی کـچـەیە، بەرەو رووی چووم شـتـێکی زیاتر لە شـەرم بـەسـەرمدا کشا، دەمویست وەکو ئەو دەست بەگریان بکەم، بەڵام خێرا خۆم گرتەوە:

"ئاخـۆ خۆ شـوکر نەمردووە. پێویسـتە خـێرا دڵنیای بکـەم و لەم مۆتەکـەیە دەری بێنم"

– دایە.. دایە گیان

بەردەمی خـۆی نەدەدیت، سـاتمەی دەبردن و دەنگی منیـشی نەدەبیـست چونکە بەردەوام هاواری دەکرد.

– کوا نازەی من؟ کوا... دایکت کوێر بێ کوا..

– دایە گیـان، ئەوەتا لە دەست مندایە، دەتۆ سەیر کە... پێشم پێی گرت و دەستیم راتەکاند:

– هانێ ئەوەتـا.. ئەوەتا نازەی تۆ.. تەمـاشـا کـە دەگرییێ. دایک لە هـەمـان جێ دانیشت، وەکو بلێی سام گرتبێتی، پرچی ئالۆز، بەسـەر دەموچاویدا شـۆڕ بووەوە، چاوەکـانی سـوور هـەڵگەڕابوون، بەلام هیچ فرمـێسکم بە گۆناکانیەوە نەبینی. دەستی لە چۆکی خۆی وەرهێنا و رووی تێ کردم.

– ئەتۆ لێت دا؟

سەری خۆم داخست. هیچم پێ نەبوو بۆی باس بکەم.

– شەرمەزارم دایە... شوکر بۆ خوا بە سەلامەت دەرچوو.

لەو کاتەدا دەنگێکی ئاشنا وەکو هەموو رۆژانی خواکورک، بانگی کردم:

– هۆی ئەوە دەعمت کردیە؟

ئاوڕم دایەوە "ئـازاد" بوو. لە پێـشـەوەی پیکابێکی تویـۆتای خـاکی لەگـەڵ یەکـێکی سـەر زلـی پرچ و ریش قـرژن دانیـشـتـبـوو. زانیم گـیـراوە و بەرەو زیندان دەیبـەن. کـابرای قـرژن بە دەقـەت سـەیری دەکـردم، منی زۆرجـاران دیتـبـوو، منیش ئەوم لە لا ئاشنا بوو، هـەردووکـمـان لـە شـارێکدا دەژیاین هـەرچەندە ئەو تورک بوو بەلام کە بـە کوردی قسەی دەکرد دەتگوت بە حەوت پشت لە کـوردانـە. پتـر لـە کـۆلانـان و بەدوای ژناندا لە گـەڕەکی کـوردان دەمدیت. زۆرجاران دەمبیست خەڵک پێیان دەگوت:

ئەو حەسەنە گوایە خۆی بە پیاوی خوا دەزانێ کەچی مێباز و قەحپەگێیە.

شتێکی پیسە.

سەگبابە..

جاسووسە، هەر دەبێ ئاوها ناپیاو بێ.

لەو غەڵەتەی ئازادی هاوڕێم زۆر ترسام. گومانم دەکرد هەر لەوێندەر حەسەناغا پیلم بگرێ و بۆ لێپرسین بمخاتە پاڵ ئەوەوە.. خۆم نەبان کرد و وەڵامی پرسیارەکەی ئازادم نەدایەوە.

پێم لەسەر پدالی بەنزین گران کرد و لۆفەیەکم بە دەوری ماشێنەکەی بەردەمم داکرد. هێندە بە خێرا سوڕامەوە تایەی ماشێنەکە سیڕەیەکی توندی کرد:

بوویتە سایقێکی چاک.. کافر باشی لێ دەخوڕی.

لەسەر عەینەکەکانمەوە تێیم ڕوانی:

ژیان وایە.. پیاو پێویستی بە هەرچی بوو ناچار دەبێ تێدا شارەزاش بێت.

ئینجا "مەولوود" قیافەیەکی جیدیتری بەخۆوە گرت و رووی لە لام کرد:

بیستومە ئەمڕۆ ئێران بڕیاری ٥٩٨ی قبووڵ کرد و شەڕ وەستا؟

گورج ئاوڕێکی ترم لێی دایەوە:

نا! بەراستیتە؟

بەڵێ.

لە کێت بیست؟

وەڵڵا زۆران باسیان کرد، گوایە دەنگوباسی ئەمڕۆ پاش نیوەڕۆی رادیۆ تاران هەواڵەکەی بڵاو کردووەتەوە.

بۆ ساتێک بێدەنگی بەسەرماندا زاڵ بوو. هەندێ هەواڵ ئەوەندە کاریگەرن

بەجارێک مێشکی مرۆڤ دادەپۆشن. لەو کاتەدا عەقڵ ناچارە هەڵوێستەیەک بکات و بۆ ماوەیێ بچێتەوە ناو خۆی.

لە وڵاتی ئێمەدا هەواڵی ورووژێنەر زۆرن، کەمتر هەیە رۆژانە یان بەلای کەمەوە حەفتەی جارێک مرۆڤ بەسرتەیەک رانەچەڵەکێ، چونکە لێرەدا قەت ژیان بەرێچکەی ئاسایی خۆیدا نەڕۆیشتووە و کەسیش شەوێک تا بەیانی دەستی لە تەنیشت خۆی درێژ نەکردوون، بەردەوام لەپی دەستی بەسەر نزاری سینگەوەیە، وا فێر بووین کە نووستین دەستمان بەسەر دڵەوە بێت. "مام بابەکری" هاوسێمان زۆرجاران دەڵێ:

ئای بۆ دڵی خۆم.. وای بۆ مێشکی خۆم ڕۆ.

مام بەکر مەبەستت چییە؟

هەردوو دەستە خەپلەکانی دەهێنا پێش و رووی لە ئاسمان دەکرد:

یانی خوای گەورە بۆ هێندەم ئازار دەدەی. ئەدی منیش عەبدی تۆ نیم، ئاخر بۆ هێندەم خەبەری ناخۆش پێ دەدەی، دە جارێکیش خەبەرێکم دەرێ ڕەحمەت و کەرەمی تۆی تێدا بێ!

لەوسەری شار چوومە دەرەوە ملی جادە خاکییەکم گرت. ستوونێکی درێژی تەپوتۆزم بەدوای خۆمدا جێ هێڵا، لە پردی سەر جۆگەکەی "باڵغچی" پەڕیمەوە و ماشێنەکەم لە قەراغ باغی سێوان و لە خوارەوەی گردی قەبرستان راگرت. دابەزین و چووینە بن سێبەری درەختێکی سایەبانی سێو دانیشتین.

مەولوود سەری باسەکەی کردەوە:

چییە؟ دەڵێی زۆرت پێ ناخۆشە ئاشی خوێن وەستا؟

وەڵامی ئەم قسەیەم دەستبەجێ دایەوە:

نا، حزبی ئێمە هەر لە سەرەتادا دژی شەڕبوو، چونکە کاتێک

هەڵگیرسێندرا کەس پرسی پێ نەکردین و لە باوەڕیشدا نەبووینە لە دامرکاندنەوەیدا لێمان بپرسن.

ئەم بەڵایە هەر چەند زوو بوەستێ هێندە باشترە.

با بوەستێ، هەر چەند ئێمەشی قوت داوە.. هەروا ئاسان بەسەرماندا تێ ناپەڕێ.

مەولوود گوتی:

لێ گەڕی با قونی رەش و سپی دەرکەوێ.

دەرکەوتنی قونی رەشی ئەم و سپیی ئەو یان ئەوی تریان کارێکی ئاسانە، لەوەش گەڕێ کە هەردوولا داوێنپیس و قون رەشن. ئەوەی نیگەرانم دەکات چارەنووسی خۆمانە.. ئێمە بە کوێ دەگەین.. چیمان بەسەر دێ؟!

جا ئەوە دیارە.. لە شەڕی خۆمان بەردەوام دەبین ئەمجارە دەمێنێتەوە ئێمە و رێژیم.

پێم گوت:

من لەوەدا بە گومانم کە هێندەمان بۆ مابێتەوە بتوانین لەسەری بوەستین.

کەمێک دانیشتین، ئۆقرەم نەهات، حەزم دەکرد بێمەوە شار و دیمەن و گوفتاری خەڵک، لەو ساتە مێژووییەدا ببینم.. وام دەزانی ئێستا سەرتاپای شار چراخانە و خەڵک لەناو شەقامەکان هەڵپەرکێ دەکەن.. ئاخر کەم نییە، بەڵایەکی ماڵ و گیان سووتێنەریان لە کۆڵ بووەتەوە کە هەشت ساڵە بە دەستیەوە دەمرن و دەناڵێنن.

مەولوود با هەڵسین.

بێ ئۆقرەی.

هەڵسامە سەرپێ و هەناسەیەکی قووڵم هەڵکێشا، سییەکانم پڕ کردن لە هەوا و دامەوە دەر، عەینەکەکەم لەپێش چاوانم هەڵگرت و بە قامکی

بچووکی دەستم ئارەقەی پشت چاوانم هەڵگرت و بە قامکی بچووکی دەستم ئارەقەی پشت بیژۆڵگەکانم سڕییەوە. شنەیەکی فێنک لا بەلای دارسێوەکان دەهات و سەرچڵی یۆنجەی ژێر سێبەری درەختەکانی دەلاواندەوە. پیرەمێردی خاوەن باغ لەولای ئێمە قۆڵەدارێکی بەدەستەوە بوو هێدی هێدی بۆ لامان دەهات:

کاکە لێرە دانیشن، بەڵام یۆنجەکە نەشێلن.

مەولوود:

باشە خاڵە گیان، ئەگەر دەستمان بۆ هیچ درێژ کرد لێمان رازی مەبە.

مەولوود دوا بەدوای قسەکەی دەمی پەل کردەوە و پێکەنینێکی رووکەشی کرد، ئەوجا رووی تێ کردەوە و گوتی:

خاڵە زانیوتە شەڕ تەواو بوو.

کابرا کە ئێستا قولەدارەکەی لەپاش قۆڵان گرتبوو، ئاوڕێکی نیوەڕۆخی لێمان دایەوە و بەهێواشی:

دەڵێ شەڕ تەواو بوو. نا، راوەستاوە بەڵام خەلاس نەبووە. شەڕ تەواو نابێ.. شەڕ بووەتە بەشێک لە ژیانمان.

دەستی برادەرەکەم گرت و بەرەو ماشێنەکە رام کێشا:

بابڕۆین، بە پەلەم.

لەناو بازاڕ ئەوم دابەزاند و خۆم گەیاندە ماڵ. بەرەو ئێوارە، سێبەر داکشابوو. کۆمەڵ کۆمەڵ خەڵک لە کار دەگەڕانەوە. سەرتاپایان لە تۆز و گەردی درەختان نوقم بوو. لێرە تەنیا هاوینان کار هەیە، ئەویش گران و تینبڕە، نۆک رنینەوە، بژار و سێو چنین.. هەموویان ژنی بەساڵداچوو، کوڕ و کچی مێرمناڵن. ئەوانە خاوخێزانی ئاوارەکانی کوردستانی عێراقن، زۆربەشیان ژن و منداڵی ئەو کەسانەن کە خۆیان لە مەقەڕ دەژین و پێشمەرگەن.

ئەمە نامەی هاوڕێ ڕابەرە، داوای کرد بەپەلە پێت بگەیەنم.

ئەمــەی گــوت و بـەهێـدی تۆقــەیەکی لـەگـەڵ کـردم و ملی ڕێگەی گـرت. کـورتەبالا و لاواز، قـژی لوول و ئـاڵۆز بوو، هـەر بۆیەش سـەری لە لەشـی بە گەورەتر دەهاتە پێش چاو. هـاوڕێ ڕابەر لە کاروباری زۆر نهێنیدا تەنیا ئەو دەنێرێ و بڕوای زۆر پێیـەتی. مـەودایەک لێم دوور کەوتەوە. بەدەم کردنەوەی نامەکە بانگم کرد!

ئامانج، ئەرێ وەزعی ڕێگە چۆنە؟

بەخوا زۆر باش نییە.

پسوولەیان دەوێ؟

ئەگەر ئەوە نەبێ، کارتیش دەخوا..

کـەمـێک بێـدەنگ بوو، بە نـووکی پەنجـە مـووی سـمـێـڵـەکـەی خـۆی هەڵدەکێشا:

لە خۆت وریا بە.

بۆ جـاری یـەکـەم کـە هـاوڕێ ڕابەرم بینی دۆخـی ئاسـاییی خـۆمم پێ ڕانەگـیـرا و لە ناخـەوە دەلەرزیم، هـەسـتـم دەکـرد لەگـەڵ پیـاوێکی مـەزن دادەنیشم کە ورەی بەپەد کێوێک و دڵی بە ئەندازەی دەریایەکە، گەر وا نەبێ چۆن دەتوانـێ سی سـاڵ سـەرۆکی حـزب بێت؟ من وا لـەگـەڵ گـەورە پیـاوێک دادەنیـشـم کــە هـاییی لـە هـەمــوو شــتــێک هەیە و دەســتی لە گــشت ڕووداوەکـاندایە. پەنجـەی دیارن، بـەڵام کـەمـتـر کـەس چارەی دەبیـنن، بەناو ناسـراوە و بەرەنگ کـەس نایبـینـێ، چەند جـارێک تفی دەمم قـوت دایەوە و چەوراییـیـەک گـەرووی گـرتم و بە وردەکـۆکـەیەک پاکم کـردەوە، چوومـە ژوورەکەی.. نەرم تۆقەیەکی لەگەڵ کردم و لە تەنیشتیەوە دانیشتم.. چەند کاغەزێکی لە بەردەم داندرابوو خەریک بوو دەیخوێندنەوە. عەینەکێکی زل و

ئەستووری بە چاوەوە بوو.. لە سەروویانەوە دەیڕوانییە من. جەمەدانییەکەی لە تەنیشت خۆی دانابوو، کڵاوێکی کۆن و چڵکنی لە سەر بوو، کورتەک و پانتۆڵێکی دژوێن و دڕاوی لەبەردا بوو، دەمانچەیەکی مەکاریۆفیشی لەسەر پشتێنێکی زل بەستبوو. قۆپچەکانی تا بن گەردن داخستبوون و لەژێر شەویلاکە داکەوتووەکانی گوێچکەی یەخەی ئەملا و ئەولای کراسەکەی دەرچوو بوون کە لە چڵک و گو کێچدا رەق بوو بوون.. ئەم دیمەنە زۆر کاری تێ کردم، شەیدای ئەو سادەییە بووم. شتێکی تر سەرنجی راکێشام ئەویش ئامرازێک بوو لە عەینەک دەچوو (کە لە تەنیشتیەوە دانرا بوو) بەڵام دوو گڵۆپی بچووکی بەسەر هەرتک شووشەکانەوە بوون. زۆرم پێ سەیر بوو، ئاخر عەینەک و گڵۆپ؟! دەمایەک سەرم هەڵبڕی دیتم زۆر بەدیقەت تەماشام دەکات.. گورج نامەکەی دەستی پێچایەوە و ئەوانەی بەردەمیشی کۆ کردنەوە. زۆر بەسەر خۆمدا شکامەوە.. وای زانی من لە قەراغەوە خەریکی خوێندنەوەی نامەکانی ئەوم. نمێکی تەنک نێوچاوانی داگرتم و لە شەرمان شوێن نەبوو خۆمی تێ گرم. بۆ دەرچوون لە حاڵەتە پرسیم:

– هاوڕێ ئەمە چییە، لە عەینەک دەچێ؟

نەرمە پێکەنینێک، دوایی خەندەیەک کە سنگ و شانی هەڵدەبەزاندنەوە:

– جا ئەگەر دەزانی عەینەکە بۆ دەپرسی؟ خۆ ئەمە عەینەکە و گەر هەوە، ئیتر پێویست ناکا بپرسی.

بێدەنگ بووم، ئەویش هیچ دەنگی نەکرد.. پتر کەوتمە سەرەچنگ دانی خۆم و لە دڵدا بەخۆمم دەگوت: هەی کیوی ئاخر ئەوە قسەیە تۆ کردت؟ کەی ئەمە ئیشی کەسێکە بیەوێ پێ بنێتە دنیای سیاسەت ئەویش لەگەڵ کێ؟

پاش دەمێکی تر چاوی بڕیەوە چاوانم و کەمێک دەستی بەدەوری خۆیدا گێڕا و پرسی:

– ئێی چی هەیە؟

تەزوویەک لە تۆقی سەرمەوە دەستی پێ کرد و بەلەشمدا چووە خوار. سەرزمانم تویخێکی لینج گرتی، وام هەست کرد بناگوێکانم سوور بوونەتەوە.. من هەر لە منداڵییەوە کەمێک لاڵ بووم ئێستاش بەم دەست و پێ ونکردنە زیاتر زمانم لەنگ بوو:

بەڵێ هاورێ، لە چی دەپرسی؟

لە ناوچەکەتان چی هەیە؟ خەڵکی چی دەڵێن؟ هەروەها خراپ نییە بزانین کاروباری ڕێکخراوەکەتان لە چیدایە؟

لە نێزیک بە سەعاتێک قسەکردن هەوڵم دا بە هەر پرسیارەی شتێک وەڵام بدەمەوە، لە هەمان کاتدا وریا بووم زیاتر لە پێویست قسە نەکەم، چونکە کاتی هاورێ ڕابەر لەوە بە نرختره من بە فیرۆی بدەم.. پاشان بێدەنگ بووم. لە ریزی قسەکانمدا چەند پرسیارێکیشم لێ کرد. ئێستا چاوەڕوانی ئەو بووم بە تێروپڕی تێبینییەکانی خۆی لەسەر قسەکانم بڵێت و کەمێک ڕێنوێنیشم بداتێ. تا دەمێک دیسان بە بێدەنگی ماینەوە وای لێ هات هەردووکمان وەڕس بووین. دەموچاوی لەوە نەدەچوو فیکری قسەکردنی هەبێت، بۆیە چاوەڕوانی ئەوە بووم پێم بڵێت ئەوە دەرگە و برۆ ئیتر ئیشمان تەواو بوو، کەچی وای نەگوت. ناچار من بە منەمنەوە گوتم:

هاورێ با زیاتر وەختت نەگرم.. ئەگەر ئیشت پێم نەماوە با برۆم.

فەرموو بەخێر چیت.

لە شوێنی خۆم هەڵسام، داهاتمەوە تۆقەیەکی ساردمان پێکەوە کرد و هاتمە دەرەوە. لەبەر دەرگەکە رووم لە خۆر کرد و جارێک خۆم لێک کێشایەوە، هەستم بە ماندووبوونێکی زۆر کرد. گەرمایی خۆر دەموچاوی دەلاواندمەوە و تینێکی بە لەزەتی هەبوو. دارکۆڵینەیەک لە دوورەوە ککوو ککوو.. دەیخوێند. بە باریکە رێگەکەدا بەرەو بارەگەی گشتیی پێشمەرگەکان شۆڕ بوومەوە. گیاوگۆل لە هەردووک لای باریکە رێگەکە

خشت راوەستابوو. خیوەتی ژن و مێردێکی پێشمەرگە لە دەستی سەرەوەی ڕێگەکە بوو "شلێر" ژنێکی باڵابەرزی ڕەش ئەسمەرە، دوو چاوی ڕەش و گەورە و قژی تا سەر سمت و ساتانی شۆڕ بووەتەوە، کاتێک هەڵدەستێتە سەرپێ دەڵێی شەنگەبییە با دەیهەژێنێ، لە یەکەمین تێڕوانیندا لووتی کەمێک زل دێتە بەرچاو. بە عەرەبی بانگی کردم:

هۆی.. هاوڕێ.. دا وەرە.

هاوکات لەگەڵ ئەودا (نزار)ی مێردیشی تا نیو قەد لە خێوەتەکە دەرچوو، بەدەست ئیشارەتی بۆ کردم بچمە لایان. ئەم دووانە هەرچەندە عەرەبن بەڵام لە پێشمەرگایەتیدا ناوی کوردییان لە خۆیان ناوە. بەرەو لایان هەڵشکام.

شلێر بە پێکەنینەوە:

هەر بەجارێک بزر بووی، نە باسێک نە نامەیەک؟

وەڵڵاهی چی بڵێم هاوڕێ.. حزبە ئیتر خۆی چۆنی ویست وامان دەگۆڕێت.

لە کوێ بووی.. مەبەستم ئێستایە.

چوزانم لەو سەرەوەیە بووم.

لای هاوڕێ ڕابەر؟

بە منگەیەکەوە وەڵامم دایەوە:

بەڵێ.

ئاسۆت روونە ها.. دیارە تۆش..

سەرم هەڵبڕی و بەخەندەیەکی بێزارییەوە قسەکەیم بڕی:

دیارە من چی؟

دەڵێم تۆش بەرز کراویتەوە، وا نییە؟

وەڵلا نازانم بەرزی بەکام مانایە. وا بزانم لە کردەوەدا نزمی و بەرزی هەر یەکێک دەردەکەوێت.

چایەکی شیرین و تۆخم لایان خواردەوە کە هەرچەند دەمکرد بە قورگمدا نەدەچووە خوار. پاش دەمێک هەڵسام و گەڕامەوە بارەگە. کەمێک لە بەردەم دەرگە بە تەنیا وەستام، وەک بڵێی هیچ بیرێکم لە سەردا نەبێت، ئەو ساتە یەکەم جار بوو لە ژیانمدا بۆ دەمێکی کورت بێ هیچ بیرکردنەوەیەک قیت ڕابوەستم. لە خوار منەوە مامۆستا عومەر بە دیار چەند کەروێشکێکەوە راوەستابوو. لەپشت سەرمەوە چرپەیەکم بیست:

سەیری بکە گوایە بە ناخێری گیانی ئەندامی سەرکردایەتییە، کەچی ئامادەیە رۆژی چەند سەعات بەدیار کەروێشکانەوە بوەستێ.

سەرم هەڵبڕی پێشمەرگەیەکی بالابەرزی سمێڵ زلم دی:

کاک هەردی چۆنی؟

خۆش بی ئەتۆ چۆنی؟

لای ئێوارە لەبن دارگوێزێک بە کۆکردنەوەی گوێزان خەریک بووم.

لە پڕ یەکێک بانگی کردم:

هاوڕێ...

سەرم هەڵبڕی:

بەڵێ

هاوڕێ ڕابەر چاوەڕوانتە.

خێرا گوێزەکانم خستە گیرفانم و تۆزێک دەستەکانم تەکاند و بەرەو سەرەوە هەڵکشام. دیتم بە تەنیا لە سەربانی بارگەکەدا پیاسە دەکا، هەردووک دەستی لەپشت خۆ گرتووە و جەمەدانییەکەی زۆر بەشڕی لە سەر ناوە. زۆر پیر هاتە بەرچاوم. کاتێک سەرگەی پیاسەکانی تەواو دەکرد و بای

دەدایەوە، پشتی دەکەوتە لای من. گوپەکانی لە پشتەوە دیار بوون کەمێک بۆ خوارەوە شۆڕ بووبوونەوە.

لەپشت بانەکە وەرسوڕامەوە و پازێکم هاوێشت و چوومە سەرەوە. وەختێک سەرکەوتم دیتم بەلایەکەی تردا خەریکی دابەزینە. پێم سەیر بوو. خۆ ئەو بانگی منی کردووە کەچی وا دەچێتە خوارەوە. پێش ئەوەی تەواو دابەزێت بەسەری پەنجە ئیشارەتی چوونی دامێ، منیش بەدوایدا شۆڕ بوومەوە. کۆمەڵێک درەختی گوێز و هەنجیر لە خوار بارەگەکە بە ڕیز راوبوون، لەبن دارەکان راوەستا. کاتێک گەیشتمە لای دەستی کردەوە بە پیاسە، منیش لەگەڵیدا هاتوچۆم دەکرد. دڵنیا بووم ئێستا وەڵامی پرسیارەکانم دەداتەوە کاتێک سەری هەڵبڕی گوتی:

لێرەوە بارەگە دەبینی؟

تا ئەو کات ئەو شتە سەرنجی رانەکێشابووم، وەختێکیش تەماشام کرد بەراستی بارەگەکەم لێ دیار نەبوو. گوتم:

نەخێر نایبینم.

من بۆیە لێرە پیاسەت لەگەڵ دەکەم تا کەس نەزانێ تۆ پێوەندیت بە منەوە هەیە!

جا خۆ ئەوانەی لێرەن هەموو پێشمەرگەی خۆیین.

تۆ چیت بەسەر ئەو شتەوەیە. کێ دەڵێ لەناویاندا پیاوی سەر بە دوژمن نییە!

پاش کەمێک بێدەنگی بەردەوام بوو:

بەیانی کاتێک لای من دەرچووی بۆچی چوویتە ناو ئەم خێوەتە؟

پەنجەی بۆ خێوەتەکەی شلێر و نزار درێژ کرد.

ئەوانە برادەرمن.. لە بارەگەی پێشووماندا پێکەوە بووین..

پێشدان شتێکه و ئێستا شتێکی تر.. له کاری نهێنیدا برادەر و دۆست نابێ هاتوچۆیان بکەیت، چونکه هەر جارێکه نهێنییەکت له زار دەردەپەڕێ، که قسەش له زار دەرچوو ئیتر ناگێڕێتەوە.

ئینجا هەڵوێستەیەکی کرد:

سوپاس.. هەر بۆ ئەوەندەم بوو، دەتوانی بڕۆی.

## دووەم

هەر بەسەر پێوە خەریکی هەڵپچڕینی نامە پێچراوەکە بووم. سەرەنجام لە تەنیشتەوە دڕاندم و بە شێنەیی کردمەوە. نیوەی نووسراوەکەش لەگەڵ هەڵپچڕین دڕا. زۆر بە زەحمەت پارچەکانیم لە نێزیک یەکتری دانایەوە و چاوێکم پێدا خشاند:

".. دوای سڵاو

بەپەلە خۆت بگەینە لامان.

راوەستانی شەڕ لەم وەختەدا شتێکی چاوەڕواننەکراو بوو. نازانین ئەوە رووداوەکان بەکام لادا وەرگێڕێ، لەوانەیە زۆر شتی چاوەڕواننەکراو روو بدەن.

هاوڕێت رابەر"

چێشتەنگاوێکی گەرم بوو، ئارەقە بە بناگوێم و ژێر لاچکی عەینەکەکەمدا جۆگەلەی بەستبوو. هەر کاتێک سەر قەپۆز و لاچکی عەینەکەکەم تەڕ دەبن سەرەنجام شل دەبێ و دەکەوێتە سەر نووکی لووتم، زۆر قەڵس دەبم، وا

دەزانم نێرێکی زلیان لەسەر ملی دوو گاجووت هەڵگرتووە و خستوویانەتە سەر قەدی لووتم، سووک هێنامە خوار و سڕیمەوە. بە پەلە بەرەو ماڵە نهێنییەکەم گەڕامەوە. چوومە ناو ژوورەکەم، چاوێکم بەملا و ئەولادا گێڕا، نەهاتەوە بیرم چیم پێویستە. کەمێکی تر وەستام هەر نەمزانی، ئینجا لە دوورەوە چاوێکم بە جانتا گەورەکەدا گێڕا و بۆ ساتێک ترسم لەوە پەیدا کرد یەکێک بە ژوور کەوێ و خۆی بەم جانتایە خەنی بکا. دوایی هەر لەبەرە خۆمەوە گوتم: کێ دەزانێ من چی دەکەم و چیش لەم ژوورەدا هەیە، هەر وا دەزانن شۆفێرێکی سەڵتم و لە مانگێ بۆ مانگێ دەژیم، خۆ جگە لە من و هاوڕێ ڕابەر کەس نازانێ من ئەو پارەیەم لایە. دەرگەکەم قایم کردەوە و دەڕابەی گەراجەکەم هەڵدایەوە و ئۆتۆمۆبێلەکەم هەڵکرد. هێشتا نەمهێنابووە دەرەوە رام گۆڕا و بڕیارم دا بە ئۆتۆمۆبێلی کرێ بچم. هەر لە جێ کوژاندمەوە و دەڕابەکەم دادایەوە و بە پێش دەرگەی ماڵی باوکم کە هەر چەند دەرگەیەک لە خوارەوەی ماڵەکەی من بوو برا بچووکەکەی خۆم ڕاسپارد:

شەمام، شەوانە لە ژوورەکەی من بخەوە.

باشە کاکە. زۆرت پێ دەچێ؟

چەند ڕۆژێک، زیاتر نا.

بە پێیان لە کۆڵانەکەی خۆمان دەرچووم و گەیشتمە شەقامی سەرەکی. نەمدەویست بەناو بازاڕدا بڕۆم. لەم شەقامەوە، بە کۆڵاناندا خۆم دەگەیاندە شەقامەکەی تر. ئێستا زۆر لە کۆڵانەکەی خۆمان دوور نەکەوتبوومەوە کە ئۆتۆمۆبێلێکی پیکاب هێواش بە تەنیشمدا تێ پەڕی، وام بەسەر هاتبوو لە هەموو شتێک بە پارێز بم، جاری یەکەم شۆفێرەکەی سەرنجی ڕانەکێشام، بەڵام دوای تێپەڕین، ئاوڕێکم دایەوە دیتم لە ئاوێنە گەورەکەی تەنیشت خۆیەوە سەیرم دەکات. خۆی بوو "حەسەن ئاغا" دڵنیا بووم کەوا لە دەورم

هەڵدەسوڕێت، بەڵام ئێستاش بە تەواوی بۆ دەستنیشان نەکراوم. تێکڕای برادەرانی گیراون و تاکەکەس من ماوم. دەگوترا یەکێک لە گیراوەکان قسەی لەسەر کردووم. هەمووییانم یەک یەک هێنایە بەرچاوم ئەوەی لێم نێزیک بێت "کاروان" ئەویش قسە نادۆڕێنێ.

پێش ئەوەی بگەمە گەراج سەرێک چوومە سەرتاشخانەی "کاوە" کاوە هاوکارێکی نێزیکمە، ئەم رۆژانە لە هەڵسوکەوتیدا ترس بەدی دەکەم.

تۆقەیەکی ساردمان کرد، بەدەم سەرتاشینەوە لە ئاوێنەکەی بەردەمی خۆی سەیری کردم:

– دەمویست بتبینم.

– خێرە؟

– وەڵڵا چ بڵێم! ئەدی هەر خێر نییە؟

– من کەمێک بە پەلەم. لەوانەیە چەند رۆژ نەیەمەوە، دەچمە ئەودیو.

پێکەوە لە سووچێکی دوکانەکە لەسەر کورسی دانیشتین، گوتی:

– دوێنێ ئەو کوڕە پرچ زەردە باریکەکەم دیت لەگەڵ پاسدارێکی بەخۆوە بە بەر دوکانی مندا تێ پەڕین، لە پێشەوەی پیکابێک سوار بووبوو.

تەزوویەک بە لەشمدا هات. "هەر لە زووەوە ترسم لەوە هەبوو، بەڵام خۆ ئەو هیچ شتێکی وای لا نییە".

– مەبەستت هێرشە؟

– ئا خۆیەتی، ئەوەی جاران رۆژنامە و پۆستی بۆ دەهێناین.

– باشە، سوپاس، کەمێک بەدیقەت بە، هەر چیت دی زوو ئاگەدارم بکە.

لە بەردەم دوکانەکە تاکسییەکم راگرت:

– کاکە بمانگەینە "شنۆ"

– فەرموو.

لە شنۆوە یەکسەر ماشێن دەچێتە "خواکورک" بەڵام ئەو رۆژە هیچیان نەدەرۆیشت. دوو ئۆتۆمۆبێلی لاندرۆڤەریش لەوێ وەستابوون. یەکێکیان سپییەکی نوێ بوو، ئەوی تریان سەوزێکی کۆن. لە شوفێری نوێیەکەم پرسی:

– ئەرێ نامانگەیەنیتە ئەودیو.

– نا کاکە. ئەمرۆ کێ دەچێتە ئەوێ!

– بۆ؟

– بۆ بۆ، چونکە لەوانەیە نەتوانی بە ماشێنەکەوە بگەڕێیتەوە، شەڕ وەستاوە و عێراق لە رێگەکە هاتووەتە پێش. بە پەڕۆکەکەی دەستی هەندێکی تر شووشەی ئۆتۆمۆبێلەکەی سڕیەوە و کەمێک جەمەدانییە سوورەکەی بۆ سەر چاوان خوار کردەوە:

– دەڵێن بە دۆشکان داوێتە سەیاران، بەو ئاگربارانەی ئەتۆ بۆ دەچیتە ئەودیوی؟

– ئیشم هەیە.

– رووم کردە ئەوی تر، ئەویان پیاوێکی بەساڵداچووی کورتیلە بوو. کە بەشێوەی سۆرانی قسەی دەکرد دەتگوت تازە کوردی فێر بووە:

– کاکە ئەتۆش نایەیتە ئەوێ.

– ئەگەر پێک بێن بۆ نایەم؟

– دەفەرموو با برۆین لە رێگە پێک دێین.

خۆی خستە پشتی سوکان و منیش لە تەنیشتیەوە سوار بووم، جارێک پێی لەسەر بەنزین گران کرد و ماشێنەکەی لە شوێن خۆی هەڵقەنا، زۆر بە

خێرایی جادەکانی ناو شنۆی دەبڕی. گەیشتینە یەکەمین بازگە. لێمان هاتنە پێشەوە:

– کجا میرید؟ (بۆ کوێ دەچن)

ئەو بەفارسییەکی شەپرێو وەڵامی دانەوە:

– بە عراق میرویم (دەچینە عێراق)

– بفرمائید. (فەرموون)

– تێپەڕین، رووم تێی کرد: زۆر بەئاسانی ئیزنیان داین.

– جا چ ماوە بۆ ئیزنمان نادەن، قەحپەبابانە وەکی حیزان قونیان دۆڵ کرد و هەڵاتن.

– من ناوی جەنابت نازانم.

– ئەحمەد حاجی.

– کاک ئەحمەد شەڕ راوەستانت پێ ناخۆشە؟

– شەڕ راوەستان ناخۆش نییە، خۆشیشە بەڵام بە شەرتێک ئاگر بەر نەداتە ماڵی ئێمە.. بۆ ئێمە شەڕ رانەوەستاوە و هەر بەردەوامە، ئەو ئاگرە لایەکی ئاگربڕ کراوە و لایەکی تری هەروا خۆش دەکرێ.

کەمێکی تر رۆیشتین رێگەکە گەیشتە بنار شاخ، پێچ و لۆف دەستی پێ دەکرد:

– مەگەر گوێت لە گرمەی تۆپان نییە؟

– گوتم:

– با گوێم لێیە.

– بەدەم ئەم باسانەوە گەیشتینە سەر سنوور. بازگەی ئەوێ دروست لەو

شـوێنەیە کـە نێوان دوو وڵات نیـشـانـە کراوە. رووباری (گـادەر) لەو کێـو و دۆڵانە کۆ دەبێتـەوە و بەرەو خـوار دەچێ و دەشـتی شنۆ و (سـندوز) ئاودێر دەکات. لەسـەر کێوەکانەوە کە سـەیری دواوەم کـرد گـادەرم وەک کەژویەکی پان و سـپی دەهاتـە بەرچاو کـە بەدرێژاییی ئەو دەشـتـانە بەخـواروخـێچی راکشـابێت، دەشـتیش دەتگوت شاڵی سـەوزە و گوندەکـان لێرە و لەوێ و زۆر لێک نێزیک لە قەراغ رووبارەکە قوت کراونەتەوە.

گـادەر کـە دەکـەویتـە دەشـتێ، ئیـتـر هـەردووک رۆخـی بە دار و درەخت و قـامیـشـەڵان چنراوە، هـەر بۆیەش خـەڵکی دەشـتێ پێی دەڵێن "چۆمی گـادەر" جـحێڵـەکانی ئەو گوندانەش لە کۆنەوە تا ئێستا چاو و برۆ و گـەردنی کچـە جوانەکانیان بە هـی قاز و قورینگەکانی ئەو چۆمە دەشوبهێنن:

هـەی پەری پەری پەری

قورینگی چۆمی گادەری...

رووباری گادەر سنووری نێوان هـەردووک وڵاتە و پردێکی ئاسنی بەسـەردا راهێڵ کراوە. بچیتـە ئەوبەری پرد لەو وڵاتی و لەمبـەرە بیت هـی ئەم وڵاتەی. زۆرجـاریش سـوپای دوو وڵات لە دوو بەری ئـەم گـادەرەدا ئاگـر و ئاسـنیـان بەسـەر یـەکـتـریدا باراندووە و گـوند و هـەوار و دۆڵ و نزارەکـانی هـەرتک بەریان لە گڕدا سووتاندووە، قەتیش ئەم دوو سـوپایە بۆ پارێزگاریی خەڵکی ئەم ناوچەیە نەهاتوون:

هەڵدێراون لەم شاخانە

بوونەتە پەندی زەمانە

ئەم وڵاتە گۆڕستانی دوژمنانە

"لەو کاتدا ئەم پارچە شیـعرەم هاتەوە یاد کە لە قـوتابخـانە دەمانخـوێند، ئەو کات ئاوارە نەکرابووین". هـەر لەسـەر ئەم پردەدا مانگێک پێش ئێستا لە

ئۆتۆمۆبێل دایان بەزاندم و پێیان گوتم:

– تۆ لەوان نیت.

– وەڵڵا لەوانم، پێشمەرگەم و دەگەڕێمەوە ماڵەوە، ماڵمان دەمێکە ئاوارەن و لەودیون.

– نا تۆ لەوان نیت، تۆ وێ دەچێ لە سوورەکان بیت، ئاخر ئەوان سمێڵ دەتراشن، یاڵڵا دابەزە.

لەوە بەدواوە ناچار سمێڵم هێشتەوە تا بەدیمەن لەوان بچم. ئەوسا بە درێژاییی ئەم ڕێگە شاخاوییە سەنگەر و پایگا و سوپای چەکدار هەبوون. چەکدار تا بناگوێ، هەموو خۆیان مەڵاس دابوو، تاکو بچن ئەوبەری رووبار بگرن و بیخەنە سەر ئەمبەرەی خۆیان.

ئەمجارەیان تەنیا چەند سەربازێک لە سەیتەرەکە مابوون ئەوانیش خەریکی کۆکردنەوەی خۆیان بوون. شوێنی پایگا و سەنگەرەکانی تر چۆڵ بوو. لەبەر پەلەپرووزێ زۆر شتیشیان جێ هێشتبوو. سەربازێک لە ماشێنەکەمان هاتە پێشەوە:

– بۆ کوێ دەچن؟

– دەچینە ئەودیو.

– بەخێر چن.

– خۆم پێ نەگیرا گوتم:

– ئەی بۆ جاران وا بە ئاسانی ڕێگەتان نەدەداین؟

– ئێستا فەرمان وایە، شەڕ تەواو بوو.

– مەگەر ناتانەوێ بچنە کەربەلا؟

– کەربەلا بۆ خۆتان، گەر بەمن بێ لەم رووبارە ناپەڕینەوە.

پەتەکەی بەردایەوە ئێمە بەسەریدا تێ پەڕین. کەمێکی تر بە هەورازدا سەرکەوتین، هەردووکمان بێدەنگ بووین، تا گەیشتینە سەراولێژی، ئەو دۆڵە قەڵەباڵغ و پڕ لە هاموشۆیەی جاران ئێستا بە چۆڵستان دەهاتە بەرچاوم. لە هەموو شوێن جێی چۆڵکراوی سوپای ئێران دیار بوو، هەندیش بە پەلە چۆڵیان کردبوو زۆر شتی بەقیمەتیان لە بابەت تانکی ئاو و ترمۆز و خانووی سەفەری جێ هێشتبوو. سوپای عێراق زۆر هاتبووە پێش، بە تۆپ و دۆشکا سەر ڕێگەکەی بۆردمان دەکرد. بەترسەوە خۆمان گەیاندە خوار.. پارەکەم بۆ ژمارد و مالاواییم لە کاک ئەحمەد کرد و بە پێیان بەسەر لێواری رووبارەکەدا هەڵکشام. ئەم رووبارە لە بەرزاییەکانی دۆڵی خواکورک سەرچاوە دەگرێت و دەرژێتە ناو رووباری (لۆلان). لە قەراغ رێگەکەدا پێشمەرگە لەبن دار و دەوەنان راکشابوون.. لە ترسی تەیارە بچووکترین شتیشیان شاردبووەوە. سلاوم لێ دەکردن، زۆر بەساردی وەلامیان دەدایەوە، وەڕەز دیار بوون، تۆز دەموچاویانی گرتبوو. ئەوانە پێشمەرگەی لایەنە جیا جیاکان بوون و زۆربەی هەرە زۆریشیان لەژێر فەرماندەی "مارف" بوون، من لە نێزیکەوە دەیناسم چەند وەختێک لە زانکۆی ئەفسەریدا خوێندوویەتی و پاشان هاتبووە دەرەوە بوو بە پێشمەرگە. قەت دوو سەربازی بەڕێوە نەبردووە، بەلام لێرەدا لەنێو شۆڕشدا بەسەدانی لەژێر دەستدایە. کاتێک قسە دەکات لەوە دەچێ جەنەراڵێک بەرامبەر ئوردویەک سەرباز وەستابێت. هیچ مۆرک و رەفتاری پێشمەرگەیی نییە. خۆی دەڵێ "من لە سیاسەتدا سفرم من عەسکەریم" کەچی لە سەرکردایەتیی حزبەکەشیدایە.

هاتەوە بیرم کە لە سەرەتای هاتنە ناو حزبدا کادیرێکی کورتەبنەی رەش ئەسمەر ئێمەی بەڕێوە دەبرد و فێری ئەلفوبای ئایدۆلۆجیای دەکردین دەیگوت:

– هـاورێـیــــــان ئـەوانـە بـورژوازین.. بـورژوازیش دەیـەوێ دەوڵـەتـێـکـی سەرمایەداری لە کوردستاندا بنیات بنێ. یەکێک لە هاوشانەکانم پرسی:

– هاورێ رەوەند، ئێمە چیمان دەوێ؟

– ئێمە پرۆلیتارین و دەمانەوێ سۆسیالیزم لە عێراق دابمەزرێنین.

دیسان دەم هەراشی کرد و پرسی:

– پرۆلیتار سەربەخۆییی کوردستانی ناوێ؟

– پرۆلیتاریا سۆسیالیزمی بۆ عێراق دەوێ. لە عێراقێکی سۆسیالیستیدا کوردیش بە مافی خۆی دەگات. لە بیـرتان نەچێ مـرۆڤی پرۆلیتـاری دەبێ بەردەوام دژی نەتەوەیی بێت، نەتەوەخوازی ئایدۆلۆجیای بۆرژوازیە.

لە پاشان کاوەی هاوشانەم لە خۆی پرسی:

– بەپێی بڕوای حـزب ئێـمـە پرۆلیـتـاریاین و ئەوانەی ناو حـزبـەکـانی تر هەموویان بورژوازین؟

کەمێک خۆم گرت، هەوڵم دا هەڵوێستی هاورێ رەوەند بسەلمێنم گوتم:

– ئێمە سۆسیالیزممان دەوێ، بەڵام ئەوان سەرمایەداریان گەرەکە.

– ئاخر چ فەرقێکی چینایەتی لە نێوان من و باوکم، تۆ و باوکتدا هەیە؟ گشتمان لە یەک هـەلومەرجی کۆمەڵایەتیدا دەژین و هەمـووشمـان وەک یەک ئاوارەین، یان لەناو نیشتماندا ستەممان لێ دەکرێ.

– راسـتـە، لە رووی کـۆمـەڵایەتییـەوە جـیـاوازیمان نییـە، بەڵام هەڵوێستی سیاسی و کۆمەڵایەتیمان فەرقە.

– واتە ئێمە لەوان پتر بەتەنگ نیشتمان و نەتەوەوەین؟

– بەڵێ پتر بە تەنگ نیشتمان و دوارۆژیەوەین.

"ئێـسـتـاش بە رێگەوە ئەوەی دەیبـینم هـەر پێـشـمـەرگـەی رەش و رووتە"

دوژمن وای شــێــواندووه و وڵاتی لێ تێک داوه هەر بەتەواوی ریشـــەی چینایەتی ون بووە، خۆ زۆربەشیان لە خێزانی جووتیاری هەند هەژار و پاشکەوتوون، کە پێوانە ئایدۆلۆجییەکەی ئێمە نایانگرێتەوە. بەدەم رێگەوە هەنگاوم دەهاویشتن و ئەم هزر و بیــرەوەرییـــانە قــدیلەیان دەدام، کــە هاتیشەوە بیرم لە سەرکردایەتیی حزبەکەی ئێمەشدا هەن لە دەرەوەی وڵات شاهانە دەژین، لە کۆشکی دیپلۆماسییان دادەنیشن و سواری ماشێنی دوا سیستەم دەبن، لووتیان لە مارف بەرزترە و پاش دەوامی سیاسی، بەشەکەی تری رۆژیان بەتەپاندنی ژنە پێشمەرگە و هاورێکانی خۆیان دەبەنە سەر و لە میوانداریی‌ەکدا پارەی مانگێکی بنکەیەکی پێشمەرگە خەرج دەکەن، هەر بەجارێک سەرم گران دەبوو.

– هاورێ رابەر ئەم شتانە چۆن قبوول دەکرێن.. خۆ ئەوە لە رەوشتی بورژوازی نزمترە.. ئەوانە چەندین ساڵە لە وڵات و نیشتمان دوورن، لە کورد هەر زۆر دوورن..

– تۆ بۆ ئەوەندە باسی کــورد دەکــەی؟ ئێــمــە مــەســەلەیەکی لەوە سەرەکیترمان بەدەستەوەیە ئەویش دیموکراسی بۆ عێراق و سۆسیالیزمە لە داهاتوویەکی نزیکدا.. ئەوەی تریان هەمووی مەسەلەی شەخسین و من هەقم چییە باسیان بکەم.

پێش ئەوەی لە بیتوێنی زێدم هەڵقەنێین و پەراگەندەی هەندەران بین، هاوسێیەکمان ناوی (حاجی غەریب) بوو، ئەو تا بەرێگە نەکەوتبا نەدەکەوتە بیرکردنەوە، کاتێک دەشکەوتە بیرکردنەوە هەندەی تیا قوول دەبووەوە هۆشی لەسەر رێگەکە نەدەما و مەبەستی چوونە "رانیە" بوو کەچی سەری لە شاری (کۆیە)وە دەردەهێنا.

جا هەر خۆی دەیگوت:

– خەیاڵ وەکو چاڵێکی قووڵ وایە کە تێی کەوتی لێی دەرناچی.

جار جار گرمەی تۆپێکم دەبیست، لە دووریشەوە دەنگی تەیارەم دەهاتە گوێ، کلۆ بە پۆل لەبەر لاقانم هەڵدەفڕین، پۆلێک دەنیشتن و پۆلێک هەڵدەستان، ئەوانەی لە بەردەمم دادەنیشتن دەکەوتنە بەر پێیانم، کە قاچم دەخستە سەریان قرچەیان دەهات. زۆرجار کلۆیەک سەرنجمی رادەکێشا کە بەنیوە پلیشاوەیش هەوڵی رۆیشتن دەدات. رێچکەی فیکران بەریان نەدەدام و هەریەکە یەکێکی تری بەدوای خۆیدا دەکێشا:

– هاوڕێ نەبیل، بۆ هێندە کەم دێیتەوە وڵات، ئەمە لە هەست و خواستی خەڵکەکەت دوورت ناخاتەوە؟

– ئەمەیان بەسەرکردایەتیی حزبەوە پێوەندە و پێویست ناکا لێرە باس بکرێ.

– هاوڕێ نەبیل، بمبوورە زۆرت سوالپێچ دەکەم، دەڵێن تۆ بە خوارەوەت زۆر کولافەی، هەر بۆیە ناویان لێت ناوە کێری حزب، پێت وانییە ئەوە زیان بە حزب و شەخسیەتی خۆت دەگەیەنێ؟

لە قاقای دا و هەردوو دەستی خۆی بەرز کردەوە:

– ئەگەر بورژوازی لە کێری من بترسێ ئەوە پێویستە تۆش شانازیی پێوە بکەی، من کێریشم لە خزمەتی حزبدایە.

لەگەڵ ئەو قسەیەدا قاقا دایەوە پێکەنین.

من خۆم پێ نەگیرا و رووم کردە برادەرەکەم:

– هاوڕێ "بۆتان" وازی لێ بێنە با لە سەرەوەڕا بە شتێک تاوانبارت نەکەن.

– وەڵڵا خۆ راستە با هەر لێی گەڕێن، خوا بکا زوو بچێتەوە دەرەوە دەنا لێرە لە بارەگەکەمان تا دەگاتە مێیەکان نێرەکانیش..

پردێکی چەپەر باریکە رێگەکەی دەگواستنەوە ئەوبەری رووبارەکە.

بەهێواشی بەسەریدا ڕۆیشتم، لەگەڵ هەر هەنگاونانێک تێکڕای پردەکە بەرز و نەوی دەبووەوە و تەڕاشە تێکچنراوەکانی سیرەیان لێ هەڵدەستا. پیاو لەو چیرە و هاوارە تێ دەگەیشت کە بنیانی پردەکە شل بووە و ئەو پتەویەی نەماوە کە بەدڵنیاییی هاتوچۆی بەسەردا بکرێت. هەر شتێک زەمانی بەسەرچوو لە ناوەوە شل و هەڵۆڵ دەبێ، بەڵام مەرج نییە وەکو ئەم چەپەرە سیرەی لێ هەڵسێت. بەم قسانە کە هەر لە دڵمدا دەکران کەمێک ڕاچڵەکیم و هاتمەوە سەر خۆم، لەبەر خۆمەوە پێ کەنیم:

– ها، زۆر بەشتاندا دەچیتە خوار، هەست ناکەی سنوورت بەزاندبێ؟

بەناو گوندی (شێخانۆک)دا تێپەڕیم، ئەم گوندە هەر شەش تا حەوت ماڵ دەبێ، ئەوانیش بۆ کوێستانان هەڵکشاون، مێشەکەرە چونکە وڵاغیان دەست ناکەوێت بەدوا ئادەمیزادان دەکەون. شێخانۆکیش بۆنی چۆڵەوانیی لێ دێت. دارگوێزەکانی زیاتر لە هەموو ساڵان بەریان گرتبوو، بەبن دارێکیاندا تێپەڕیم فێنکاییی سێبەرەکەی هانی دەدام کەمێک پاڵ دەمەوە و نەختێ بخەوم. هەر لە کۆنیشەوە باوە دەڵێن خەوی سێبەری دارگوێزان زۆر گران و قووڵە، خۆ ئەگەر درەختەکە زۆر چڕ بێت، دوور نییە کابرای خەوتوو جارێکی دی ڕاست نەبێتەوە. حەزم لە خەوێکی ئاوها قووڵ بوو کە گشت ڕۆژانی سەختی ژیانم بە خەونی تاڵ و تفت بە بەرچاودا تێپەڕنەوە، تا لە بیرم نەچێت لە کوێ لەدایک بوومە و هەر لەوێشدا ئازار دراوم و ڕاو نراوم، بۆ ئەوەی کەلاوەی گوندە سێ جار سووتاوەکەی زێدەکەم لە خەیاڵ دەرنەچێت، تاکو ئاوەدانکردنەوەیم لە بیر نەچێتەوە دەمویست قووڵ بنووم تا چەند دەتوانم هێندە لە ئێش و ئازاری گەلەکەم بێتەوە بەرچاو و لە بیرم نەچێت کە منیش لەوانم.

ئەوێ جارێ لە کۆبوونەوەی لێژنەکەماندا هاورێ کاوە ڕاپۆرتێکی ئابووریی بۆ خوێندینەوە:

– هاورێیان من لە حەفتەیەدا بە تایبەتی گوێم لە هەواڵەکانی ئابووریی وڵاتانی سۆسیالیستی گرتووە. خۆشبەختانە پێشکەوتنێکی یەکجار زۆر بەدی دەکرێ. سۆسیالیزم بەخێرا بەرەوپێشەوە دەچێ، بۆ نموونە بەرهەمی ساڵانەی پەتاتە و پەمۆ لە یەکەتیی سۆڤیەتدا دوو بەرابەری ساڵی رابردووە و بەم چەشنە ژیانی خەڵکی ئەوێ..

قسەکانیم بڕی:

– هاوڕێ کاوە ئەمەیان هەڵگرە بۆ دوایی، با کەمێک لە وەزعی رەنجدەرانی وڵاتەکەی خۆمان ورد بینەوە.

هاوڕێ رەوەند:

– نا هاوڕێ، پیاوی (ئومەمی) پێویستە زۆر بایەخ بە سەرکەوتنی براکانی لە وڵاتانی تر بدات، بە تایبەتی یەکەتیی سۆڤیەت کە لە جیهاندا مەڵبەندی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕییە.

لە گۆڕستانەکەی شێخانۆک تێ پەڕیم، ئەوەش گۆڕی هاوڕێیەکی عەرەبە "ئەبوعەباس" یادت بەخێر، ئێوارەیەک زیاتر لە هەموو رۆژانی تر گاڵتەی کرد و پێ دەکەنی، بەیانی کە هەڵساین لەسەر جێگەکەی رەق بووبوو، تەمەنی خۆی لە سەرکردایەتیی حزبدا بردە سەر، لە یەکێک لە پێشانگەکانی پێشمەرگەییدا برادەرێکی کورد بە کابرای هونەرمەندی عەرەبی گوت:

– ئەرێ نەدەکرا کە تۆ هێندە لەسەر ئەم خاکە ژیابیت و لە کوردستاندا ماویتەوە، هونەرەکەشت وێنەیەکی ئەم خاکەی تیا با، ئەوەی من سەیرم کرد تابلۆکانت گشتی رەنگدانەوەی ژیانە لە ئەوروپا و لە بەغدا.

ئەبوعەباس لە قەراغەوە گوێی لەو گفتوگۆیە گرتبوو؛ لە پڕ هەڵچوو و قیژاندی:

– چییە ئێوە هێندە باسی کورد دەکەن، مەگەر دەکرێ خەیاڵی هونەرمەند

چوارچێوەی بۆ دابنرێ؟ واقیعەکە ئەوەی کە کاری تێ کردووە، ئاخر دەبا کەمێکیش باس لە ئومەمیەت بکەین.

نازانم بۆچی لەم سەفەرەدا هێندەم بیرەوەری دێنەوە یاد، تۆ بڵێی گەیشتبینە سەرە وەچەرخانێک و قۆناغێکی نوێ لە ژیانی گەلە ئاوارەکەماندا دەست پێ بکا؟ "مام حەمەدەمینی" هاوسێمان کۆنە سیاسی بوو، دەیگوت:

– میللەتەکەی ئێمە هەر لەوەتای هەیە بە ئاوارەیی دەژی، ئێستاش لەسەر خاکی خۆمان هەر ئاوارەین، لەسەر خانوو و زەویی خۆشمان دانیشین هەر بارمان لەسەر پشتی ولاغە.

دواجاریش خۆی بە ئاوارەیی لە شارێکی ئێران و دوور لە وڵات سەری نایەوە.

بارەگەی سەرکردایەتی لە سەرەوەی شێخانۆک لە قەد پاڵێکە پێی دەڵێن "پێر بینان" سێبەر کەمێک داکشاون، چەند پێشمەرگەیەک لەبەر دەرگەی بارەگا لەبن دارتووییەک لەسەر تاشەبەردان دانیشتوون، بە گەرمی هەواڵم پرسین. هاورێ هەردی لەولاوەتر بە پێوە پاڵی بە کۆڵەگەیەکی دابوو، تەواو خۆی لە رەختان پێچابوو، دوو نارنجۆکیشی بەکەلەکەوە کردبوون. لە دوورەوە بانگی کردم:

– چییە ئەوە خوا غەزەبی لێ گرتووی لەم رۆژەدا هاتوویتە شاخی؟

هەر بەخەندەوە وەڵامم دایەوە:

– بۆ ئەمرۆ لەگەڵ رۆژانی تر چ جیاوازیی هەیە؟

– ئەدی وا دەزانی هەموو رۆژ وەک یەکن؟

گەیشتمە لای، تۆقەیەکی گەرممان کرد. پرسیم ئەم وەزعە چۆن دەبینی، پێکەنینێکی بێزاری بەسەر لێواندا هات:

– چۆنی بلێی وا خراپ.

– بۆچی؟

– کوڕە وەرە خازر بی خۆت بە کوشت بدەی، ئامادە بی سنگی دەبابە بگری، بەڵام پیاوێک نەبی سەرپەرشتیت بکا.

– مەبەستت لە سەرپەرشتی چییە؟

– مەبەستم ئەوەیە لە سەرکردایەتییەوە یەکێک بێت سەرپەرشتیی شەڕەکان بکات. قەت نەمدیت لەوانە یەکێک لە نێزیکەوە گوێی لە تەقەی تفەنگێک بێ.

کەمێک داما ئەوجا درێژەی پێ دا:

– لە شێنەییدا هەموویان ڕابەری سیاسی و کادیر و سەرکردەن، بەڵام کە بووە تەنگانە هەریەکە و بە کونێکدا دەچێ. کە دەشهێتە سەر قسان کەس لەوان شۆڕشگێڕتر و واقیعبینتر و لێهاتووتر نییە. ڕەخنە لە هەموو دنیا دەگرن بۆ خۆشیان لە هەمووان بەکەموکوڕیترن.

بێدەنگ بوو. لە تەنیشتیەوە هەڵتوتەشکام:

– کاکیلە دڵت زۆر بریندارە.

– چۆن بریندار نەبم، ئەوانە هەموو کات چاویان بڕیوەتە کەموکوڕیی خەڵکی تر و چاوەڕوانن لە ناکۆکیی نێوان ئەوان ڕۆڵێک بۆ خۆیان بدۆزنەوە. کە دێتە سەر مەیدانی کردەوە ئەوانەی چەندان جار تێ شکاون لە ئێمە سەرکەوتووترن.

– پێت وا نییە زۆر ڕەشبینی؟

– کوڕە کەی ڕەشبینم، ئاخر لەوەتای من پێشمەرگەم تا ئەمڕۆ نەمدیوە لە تەنگاناندا بە ڕێکوپێکی ئەگەر دەستیش نەکەینەوە، ڕابکەین، لە تێ شکانان

هەردەم هەر بەدەست بێسەروبەریی سەرکردایەتییەوە لە ئازاردا بووین.

دوای لە ناکاو پتر هەڵچوو:

– نازانم من لە چ سەگ و سەگبابییەک بەدوای ئەم حزبە کەوتم.

– پێت وایە خەڵکی تر لە ئێمە رێکوپێکترن؟

کەمێک هاتەوە سەر خۆی و وەک بڵێی بیەوێ بەهێدی قسە بکات.

– بۆ دەبێ ئاوها بیــر بکەینەوە؟ ئێـــمـــە بەوپەڕی هۆشـــیـــارییـــەوە سەرکردایەتییەکانی ترمان رەت کردووەتەوە، واشمان دانا بیروباوەڕ لەگەڵ خواستن و ئیرادەی میللەتەکەمان دەگونجێت و ئەم حزبە رزگارمان دەکات.

– کارەساتی ئەم گەلە چارەڕەشەی ئێمە لەم بێ سەرپەرشتیەدایە. نە ئەوان رێکوپێکن، نە ئێمەش لە شوێنی خۆمانین.

دەمێک بێدەنگ بووین، پاشان پرسیم:

– لە سەرەوە کێی لێیە؟

– هەمــوو لەوێندەرن، هاوڕێ ڕابەریش لەوێیە. ئێستا ئەویش فێر بووە یاری لەگەڵ کەروێشکەکان دەکات.

دەنگی تەیارە لە دوورەوە دەهات، دوو پیلاتۆز بە تۆقی ئاســمــانەوە دیار بوون، بەرەو لای ئێـــمـــە دەیانســـمـی، لەگـــەڵ هەردی خـــۆمـــان گـــەیاندە پەنابەردێکی گەورە، لەولاشەوە ژنێک لە ژوورێک هاتە دەرەوە و بەڕاکردن بەرەو پەنایەک دەچوو بە عەرەبی و کوردی بانگی دەکرد:

– "هاوغییان تەیاغە.. تەیاغە" گیغان، گیغان، گیغان

هەردی لەبەر خۆیەوە ورتاندی:

– دەک ماڵت خراپ بی، ئەوەش قەت فێر نەبوو "ر" بەزاردا بێنێ.

بەرەو سەرەوە هەڵکشام. سێبەری چیا خانووی بارەگایەکەی داپۆشیبوو.

هاوڕێ ڕابەر و مامۆستا عومەر بە پشتێنی نەبەستراو و پێڵاو بەسەر پێوە بەدیار یەکترییەوە وەستا بوون، پاش هەواڵ پرسین منیش لە لایان وەستام، پرچ و سمێڵی زلی هاوڕێ ڕابەر سپیتر لە جاران هاتە بەرچاوم، کڵاوە کوردییەکەی تا سەر برۆیان خوار کردبوو، بە نیگەرانییەوە سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد:

لای ئێوە چ باسە.

گوتم:

– هیچ.

– ئەم ڕووداوە گەورەیە بەلای خەڵکییەوە هیچە؟

– خەڵک زۆربەیان نیگەرانن و هەندێکیشیان بە بێبایەخەوە دەڕواننە ڕووداوەکە.

ئەوجار من قسەم لێی وەرگرتەوە و پرسیم:

– ئێوە چۆنی دەبینن؟

دەستی بۆ گیرفانی برد و پارچە کاغەزێکی دایە دەستم:

– وەڵڵاهی لە ناچاری ئەمڕۆ بەیانێکمان دەرکرد.

من خەریکی چاو پێداگێڕانی بەیانەکەی ئەو بووم کە هەر خۆی زیادی کرد:

– ئێمەش وەک خەڵکی گوتمان ڕاوەستانی شەڕ باشە.. بەڵام ئەوە چۆن ڕاوەستانێکە.. بەخوا پیاو لە ناخی دڵەوە حەزی نەدەکرد ئاوها بوەستێ.

– مەبەستتە بڵێی ئەم چەشنە ڕاوەستانە خزمەتی ئێمە ناکات؟

– هیچ خزمەتمان ناکا، ئەگەر نەشمانهاڕێ.

شووشەیەکی شەربەت لە ناوقەدڕا کەرت کرابوو، لای بنەوەی بۆ ئاو

خواردنەوە لە کن سۆندەی ئاوەکە دانرابوو.

بنە شووشەیەکم پڕ کرد و هەڵم قوڕاند. زۆر گەرم بوو، کەروێشکەکان لە جاران زیاتر ون و بە کەیفی خۆیان کەوتبوونە گیانی سەوزاییەکەی بەردەم بارەگا. بە شێنەیی خەریکی هەڵکۆڵینی بن پنچە تەماتە و بڕکە ئارووەکان بوون.

گوتم-

لەم هەشت ساڵەدا ئێمە بەردەوام داوای راوەستانی شەڕمان دەکرد و دەشمانکردە بنەما بۆ دۆستایەتی لەگەڵ خەڵکی تر، ئێستاش وا دەردەکەوێ ئەو رەحمەتەی دەمانخواست، دەبێتە غەزەب و بەسەر خۆماندا دەبارێتەوە.

ئەبوداود هەڵی دایە ناو قسەکان:

- ئەم بەڵایە رابوەستێ باشترە نەک بەردەوام بێ.

هاوڕێ رابەر بەرەو ژوورەکەی خۆی هەڵکشا، پێش ئەوەی بگاتە بەر دەرگەکە، هەڵوێستەیەکی کرد و ئاوڕی دایەوە:

- ئێمە هەڵدەکشێین بۆ سەرەوە، تۆش ئێوارە وەرە بۆ وێندەر.

گوتم:

- باشە.

دەستم نایە بەر پشتێنم و بەرەو بارەگاکەی خوارەوە گەڕامەوە. دوو ئافرەت لەسەربانی یەکێک لە ژوورەکان کە کەمێک درێژ و پان بوو پیاسەیان دەکرد. لەژێر سوانەکەوە سەلامم لێیان کرد.

- بۆ سەرناکەویت لاو لاو.

(ئەو کەسانەی گۆشەگیر بان لەگەڵ دەوروبەریان درەنگ تێکەڵ بووبان "ئەستێرە" پێی دەگوتن لاو لاو.. واتە گوندی یان پاشکەوتوو). ئەوی تریش

درەخشــان هاوســەری هاوڕێ ڕابەر بوو لەگەڵ ئەســتێرە پیاســەی دەکرد. پارێکی دایە ســەر بانەکە و لایان راوەســتام. من و ئەســتێرە مـاوەیەکی زۆر بەیەکەوە لە رادیۆ و رۆژنامـە و کۆوارەکـانی حزب ئیشــمـان دەکرد، ئەویان بێژەری رایۆ بوو، لە ئامـادەکردنی بـەرنامەکـانی ئێزگەش هـاوکاریی دەکرد. کچێکی گیان سەختە و کەمتر وایە بڕوبیـانوو بگرێ و خۆی لە ئیشی بارەگا بدزێتـەوە، ئەوەی پێشـمـەرگە ئافـرەتەکانی تـر زۆریان دەکرد. ئەم دواییـیـە مێردی بە پێشمەرگەیەکی عەرەب کرد:

– بیستم مێردت کردووە، پیرۆز بێ ئەستەخان.

– هەر بژی..

– لە قاقای دا و گوتی:

– من لە تۆ ئازاتر بووم.. ها؟

– گوتم

– ئازایی هەیە تا ئازایی.

– یەعنی چی؟ تۆ ئێستـاش هەر بەدوای کلاوی بابردووەوەی. کوڕی چاک بڕۆ بۆ خۆت ملی کچێک بگرە و بیکە بە ژنت.

– تۆش وات کردووە؟

– لەم قـسـانەدا، درەخـشــان کـە بەتەمـەن لـە هەردووکـمـان گـەورەتر بوو روخسـەتی خواستن و رۆیشتـە خوارەوە.. پێش ئەوەی لە سیلەی بانەکەدا ون بێت ئاورێکی لێ دامەوە:

– کابرات دیت؟ چونکە ئێمە سەردەکەوین.

بە سەرلەقاندنێک وەڵامم دایەوە.

کەمێکی تر لای ئەستێرە راوەستام:

– بارەگاکەتان لە شوێن خۆی نەماوە؟

– نا کوڕی چاک چووینەتە هۆو دۆڵەی سەرەوە.

کە پێ دەکەنی ددانەکانی گڕ دەچوون و زاری کەمێک گەورەتر دەهاتە بەرچاو. ملی لای هەردیم گرت:

– رازیت پێکەوە پیاسەیەک بکەین؟

هەردوو شانی بۆ سەرەوە هەڵتەکان و گوتی:

– بۆ رازی نابم؟

– کەمێک لە بارەگاکە هاتینە خوارتر و لەسەر لێواری رووبارەکە و لە قەراغ کاروانە رێیەکە دەستمان بە پیاسە کرد. لێواری رووبارەکە بە سپێندار و چنار و دارگوێزی پان و بڵند داپۆشرابوو، بە چەشنێکی ئەوتۆی ئاوی رووبارەکە نەدەبیندرا، شنەبایەکی فێنک و توند لە دۆڵەکەوە بەرەو چنار و سپینداری بەرەو ناو ئاوەکە شۆڕ دەکردەوە.

هەردی:

– ئێمە لە بارەگاکەی خۆمان لە خوارەوە فیکری مقاومەتمان هەیە.

– شتێکی باشە... پێشمەرگە پێویستە بەرەنگار و خۆڕاگر بێ ئەگینا جیاوازی لەگەڵ مەرِدارەکانی کوێستانان نامێنێ.

– ئاخر لەناو خۆماندا زۆر ئامادە نین!

– لە چ روویەکەوە؟

– مەبەستم ئەوەیە بڵێم پێکهاتەی پێشمەرگەکان وەک یەک نییە. هەندێک دەڵێن ئێمە کاروباری سیاسیمان گەرەکە و سەرکردایەتیی سیاسیی پەلەکانین، ئەوانە کە شەڕ دەست پێ دەکات وە نییە پیاوەتیمان لەگەڵ بکەن و خۆیان رابکەن، هەوڵ دەدەن ئەوانی تریش لەگەڵ خۆیان پەلکێش بکەن.

– جا باشە ڕێگەیان مەدەن.

دەستی لەبەر پشتێن هێنایە دەرەوە توند هەردووکی لە شت خۆی گرتن:

– ناتوانین، هەر تەنگاویان بکەین دەڵێن ئێمە کادیرین و لە پێناوی ئیشی حزب (دیموکراسی بۆ عێراق) هاتووینەتە ئەم شاخ و دۆڵە، هەڵبەت ئەوانە هیچ پێوەندییەکیشیان بەم خاکە و دانیشتووەکانی نییە و بە ئەرکی خۆشیان نازانن دیفاعی لێ بکەن.

کەمێک بێدەنگ بوو ئەوجا بەردەوام بوو:

– کە هەڵی شدێن و خەڵک بەجێ دێڵن، خۆیان لە بەرامبەر خەڵک بەشەرمەزاریش نازانن.

لچکی پشتێنەکەم لە ئەرز دەخشا، هەڵم گرتەوە و لە کەمەری خۆی قایم کرد و ویستم قسەیەک بکەم، خێرا هەردی بەکەمێک سوور هەڵگەڕانەوە گوتی:

– ئەگەر قسەیەک بکەم لەوانەیە تووڕەش بی، بەڵام هەر دەیکەم. چەندی لە رووی فیکرەوە راستە و غەلەتە هەقم بەسەردا نییە. ئێمەی پێشمەرگە ئیشمانە کۆتک و سینگە، ئەنگۆی رۆشنبیریش کەیفی خۆتانە.

گوتم: فەرموو

– لایەنەکانی تر مقاوەمەتەکە دەکەن و خەڵکیشی لەگەڵ ئازار دەدەن، بەدەردی کابرای جووتیار گوتەنی گەندوگویان زۆرە، ئێمە بە زار چمان تێدا نەهێشتووەتەوە، هەندێک جار کردەوەی قارەمانانەشمان هەبووە، بەڵام کە دێینە سەر بەردەوامی لە نوکەوە بەدەردی خۆمان گرفتار دەبینەوە، ئێمە هیچ نین.

بە بیرەوەڕا چووبووم، فیکرم لە قسەکانی ئەو دەکردەوە، هەر وتەیەکی وەک گزیلک بە بناگوێمەوە دەچزا، هەردی چەند راست بۆ گرفتەکان چووە؟

چەندیش بە هەڵەدا ڕۆیشتووە؟ کەس بیر لەم قسانە دەکاتەوە؟ هەر لەبەر خۆشمەوە دەمگوت: جا ماقووڵە لەو بنە و پاڵەدا سەرکردایەتیی پێخوستی پێشمەرگەکانی خۆی نەبیستێ؟ دەستی خستە سەرشانم و گوتی:

– ئەو دوژمنەی ئێمە چەندە دڕندەیە! سەرکردایەتیی ئەم میللەتەش هێندە لێنەهاتووە...

– مەبەستت چییە؟

– دەمەوێ بڵێم ئەم میللەتە زۆر نەزۆکە.

کەمێک وەستا ئینجا بەردەوام بوو:

– مێژووی قوربانیدانمان لەو میللەتانە کەمتر نییە کە ئێستا دەمێکە حەساونەتەوە بەڵام مخابن..

گوتم:

– هەردی قسەکانت دەمهەژێنن.

بەردەوام بووم:

– کاک هەردی پێت وایە چی ڕوو دەدات؟

– نازانم، تەنیا هەست دەکەم لە ئازاردام، چەندە ناخۆشە پیاو هەست بە بوونی سەرکردەیەک نەکات؟

لەو قسانەدا بووین، بینیم هاوڕێ ڕابەر سواری هێسترێک بووە و ئەملا و ئەولای بن بارەکەشیان بە چەند جانتایەکی زل هەڵچنیوە، لەسەر پشتی هێسترەکە ئانتێنی رادیۆکەی هەڵداوە و گوێ دەگرێ، لەگەڵ هەر جووڵانێکی ولاغەکە ئەویش بۆ پشتەوە و پێشەوە لار دەبێتەوە.

پێشمەرگەیەک لەپێشەوە سەری هێسترەکە رادەکێشێت و یەکێکی تریش لەگەڵ درەخشان لەپشتەوە دەڕۆن.

هەردی گوتی:

– دەبینی؟

– باش دەبینم.

– هەموو حزب و تێکڕای ئاواتەکانی ئێمە لەسەر پشتی ئەم هێسترەیە!

وەختی خۆی مەلا بەکری برادەرم کادیرێکی کۆنی رێکخستن بوو، بە شانازی و بە پێکەنینەوە دەیگوت:

– لە کۆنی کۆندا لە زەمانی مەلیک وایان دەزانی حزبی ئێمە سەرکردایەتییەکەی برێتییە لە داوودەزگایەکی بەرفراوان، کەچی نەیاندەزانی هەموو حزب لەناو جانتایەکدایە و بەدەست هاوڕێی دامەزرێنەرەوە لەم ژێرزەوین بۆ ئەوی تر دەڕوا.

گوتم:

– هەردی چەند کارەساتە هەموو بوونمان ئەوەندە بێت!

کاتێک گەیشتنە راست ئێمە، بە خێسەیەکەوە سەلامێکی کرد. پێ حەسیام چی لە دڵدا دەگوزەرێت:

"من نەمگوت لەگەڵ خەڵک تێکەڵ مەبە.. کاری نهێنی ئاوها ناکرێ.."

"میراوای"زێدم هاتەوە بیر، ئەو کاتە منداڵ بووم، مام حەمەدەمین بارێکی گورجی لە کەرە گزگلەکەی نابوو بە چەشنێک کەری تاین چوار پەلی لەبن بارە گرانەکەیدا رەپ بووبوون، ئەو لە چیای "قەشان" دەهاتەوە و تاپڕەکەی بەشاندا کردبوو، کەوێکی راوکردووشی سەراوبن بە کەلەکەی خۆیدا شۆڕ کردبووەوە. جەمەدانییەکەی هێنابووە سەر چاوان خۆی بەدوا بارە داردا بادەدا. باوکم لەبەر دەرگە لەگەڵ چەند لێپرسراوێک لەسەر کورسییەک دانیشتبوو چای دەخواردەوە، ئەو بەکنماندا هات، سەلامێکی ساردی لێ کردین."

– مام حەمەدەمین بابم دەیگوت بۆ وا ساردی؟

– ئەمن سارد نیم کوڕم، ئەوەندەیان بەسە.

– مەبەستت لەوانە کێیە مام حەمەدەمین؟

– مەبەستم لە ئەوانەی سەرەوەیە.

– جا خۆ بابم تەنیا پێشمەرگەیە.

پشوویەکی هەڵکێشا و قومێکی لە جگەرەکەیدا:

– هەو نییە، بەڵام بەدوای ئەوان دەکەوێ، هەر بۆیە چاوم بەویش هەڵنایێ.

تەمـــاشـــایەکی دۆڵەکـــەم کـــرد و تـا چاوم بـڕی کـــرد دوور روانیـم، دۆڵی خواکورک بـەرەو سـەر تا دەچێ تانگ دەبێتەوە و سـەرەنجام لە بەرچاوان تەم دای دەگرێ:

– مام حەمەدەمین ئەمەش لەوانە؟

دووبارە پیلاتۆزەکان هاتنەوە سـەرمان، وەک دالاش بەسـەر ئەو دۆڵە تەنگ و چواردەور بە چیا چنراوەدا دەگەڕان. لەم دۆڵەدا بەرچاوی مرۆڤ زۆر دوور نییە. هەمـوو شتێک لە نێزیکەوە دەبینرێ تەنیا بەرەو هەوراز نەبێت ئەویش لە کۆتاییی دۆڵەکەدا تەمومـژ هەموو شتێک تێکەڵ دەکات. خۆمـان خزاندەوە بن بەردان:

– گیغان گیغان.. گیغان..

هەردووی گوتی:

"ئوم لەیس" قەت ئەرکی خۆی لە بیر ناچێتەوە.

پاش ئەوەی تەیارەکان رۆیشتن، تاقمێکی پازدە نەفەری لە سەرەوە هاتن و هەریەکیان کۆڵەپشتی خۆی بە شانەوە بوو.

– هەردی ئەوانە بۆ کوێ دەچن.

– بپرسه کێن؟

– ئێ؟

– ئەوانە هەمـوویان کادیر و دەست و پێوەندەکانی هـاوڕێ ڕابەرن، وەکو ڕەوەداڵاش بە دوایدا کۆچ دەکەن.

– کەمێکی وەستا ئەوجا وتی:

– وا نەزانی زۆر لێهاتوو و بە ورەن، هەموویان سەد جار لە جێی جارێک، تەپیون. هەریەکەی چەند جار بۆ ئەوروپا رای کردووە و ئێستاش..

– ئێستاش چی؟

– دەڵێم ئێستاش بۆ دەرەوە سرەیان گرتووە.

پێش ئەوەی دنیـا تەواو تاریک دابێت، منیش لەگەڵ تاقمێک پێشـمـەرگە بەرەو (جۆرجان) ئەو شوێنەی هاوڕێ ڕابەر لێی گیرسابووەوە، سەرکەوتم. ڕێگەکـە باریکان باریکان بـەرەو سـەرەوە هەڵدەکـشـا و لە رووبـارەکـە دوور دەکـەوتەوە، دەوروپشت بە بنەدار کـرۆسک و داربەڕووی گـیـرابـوو، لە زۆر جـێـیـان رێگە کە راست بوایە بەبن یەکێک لە دارەکاندا دەڕۆیشت و پیـاو ناچار دەبوو وریای سەر و پۆتەڵاکی خۆی بێت نەکا پەلێک بە چاویدا بچێت.

– وریای دەموچاوت بە پەلێکی پێدا نەچێ.

– تۆ بڵێی هاوڕێ بۆتان.

– لە بێ شـانسـی هەموو شـتێک دەبێ. ئەوێ سـاڵێ برادەرێکی پێشـمـەرگە بەناوی سـاڵح کـە هـەندێ کـوێر بـوو، سـەری چووە گـۆڕی بـابی ئێـسـتـا و ئێستاش هەر خەریکی عەمەلیاتانە و چاکیش نابێتەوە.

بۆتان گەنجێکی مـەیلەو مـوزەردی باریکەڵانەیە، تەمـەنی لە سی سـاڵ تێ پەڕیوە سـەرمـلانی کەمـێک کوڕ دێتە بەرچـاوان، کە سـەیری دەکـەیت پێش

هەموو شتێک لووتە باریکەکەی سەرنج رادەکێشێت، بەڵام لێی ناشیرین نییە، هەرکە بەرێ کەوتین کۆڵەپشتەکەی کردە مل و پەستەکێکی بەسەر شانان دادا.

– ئەوە چییە هاورێ بۆتان، هاوین و پەستەک؟

جاری یەکەم نرکەیەکی لێوە هات و پەستەکەکەی کردە بەری:

– ئەدی پێشمەرگایەتی بابی نەگام. دایکم هەموو جارێ کە دێتە لام دەڵێ: بەخوێنی دڵم گەورەم کرد و وا بەئاسانی دەیفەوتێنێ.

– لێت حاڵی نەبووم کێ چ دەفەوتێنێ؟

– خۆم، خۆم، لەشی خۆم، ئەدی وا دەزانی ئەتۆم فەوتاندووە.

دوایی دەمێک بێدەنگی، هەندێکی لە تاقمە پێشمەرگەکە دواکەوتبووین، بۆتان هەڵی دایەوە قسان. زۆر دەمان سنووری گاڵتە و جیدی لای ئەو هەڵدەگیرێت، هەر بۆیە لە یەکەم دیداردا زۆر کەس بەجۆرێکی تر لە شەخسیەتی ئەو تێ دەگەن:

– ئەرێ؟

– بەڵێ.

– بە کورکی کەست وەنەداوە؟

– مەبەستت چییە؟

– دەڵێم ژنت نەهێناوە.

وەستام و قاقا پێ کەنیم، خەڵکی ئاسایی لە لێقەومان و کارەساتاندا پێ ناکەنن، بەڵام هەر ئەو خەڵکە کە بوونە پێشمەرگە جۆرێکی ترن.

– جارێ نا.

– خەریکیش نیت؟

– دەمەوێ ژن بێنم و مەجالیشم نییە هەڵبژێرم.

– یانی دەتەوێ دڵداری بکەی ئەوجا ژن بێنی؟

– بەخوای شتێکی ئا لەو بابەتە.

سەری هەڵبڕی و تەماشای کردم. شانی خۆی هەڵتەکاند و کۆڵەپشتەکەی ڕاست کردەوە:

– خەیاڵت خاوە، لەم وەزعەدا کەم کەس دەتوانێ وەک دەیەوێ وا ژن بێنێ.

– شتێکم بنیات ناوە بەڵام پتر لە مامەڵە دەچێ.

– دەی بە تەمای خوای، ئەگەر وەک منت لێ نەیێ.

– بۆ تۆ چیت لێ هاتووە.

نەمهێشت دەست بە قسان بکات بەردەوام بووم.

– خۆ خوانەخواستە ناتەوێ لەوە باشتر بیت.

وتی:

– هەموو جارێ کە دایکم دێتە لام: دەڵێ: کوڕم تا لەناو گونگەڵی کچان بووی چەندم گوت دەستەکی بوەشێنە نەتکرد، ئێستاش خەڵک لە ناز و نیعمەتی ناو شاری نایەتە ناو کونە بەردان.

هەر خۆی وەڵامی خۆی دایەوە.

– ئۆباڵت بە ئەستۆم، قسەتە دایە..

دەمایەک هاتمە خۆ دیتم مەودایەک لە هاوڕێکانمان دواکەوتووین. ئێمە بە قسانەوە خەریک بووین و ئەوان بە فیکری زووتر گەیشتنە جێ، هەر بۆتان سەری قسانی کردەوە:

– چۆن لە هاوڕێ ڕابەر دەگەی؟

– وەڵامدانەوەت ئاسانە، بەڵام بە زار داهێنانی گرانە؟

– مەبەستت تێ ناگەم.

کاتێک گەیشتینە "جۆرجان" تەواو تاریک داهاتبوو کانییەکی گەورە و چەند زەوییەکی زەنەک، ئەو دۆڵە بچکۆڵانەی لەژێر لووتکەی چیاکەوە دەستی پێ دەکرد، سەوزیان داگێرا بوو، ئاوەکە بە باریکی بە بنی دۆڵەکەدا دەهاتە خوار و درەختی گوێز لەوبەر و ئەمبەریدا لق و پۆپیان تێک هاڵابوون. هەوایەکی یەکجار فێنک سەرەوژێر دەهات و دەموچاوی سارد دەکردمەوە. وەک هەموو جاران بنکەیەک پێش بنکەکەی ئەو هەیە.

هەردی:

– ئەو کابرایە دەموچاوی خەڵکی لێ دیار بێت نانی پێ ناخورێت.

ئەمەی بنکەی کارگێڕانی راگەیاندنی ناوەندیی حزب بوو، هەموو کۆوار و رۆژنامە و بڵاوکراوەکان لەوێ دەردەچوون، ئێزگەش هەر لەوێ بوو. لێرە و لەوێ بە بەرپەسارەوە هەریەکە و بەقەد شوێنی نووستنی خۆی بن تەڕاشێکی خۆش کرد بوو. بەدوای شوێنی شاخەوان و بەهاردا گەڕام.

هەواڵپرسینێکی گەرممان کرد.

وتی:

– ئێمەش چەند رۆژێک بۆ ئێرەمان گواستووەتەوە.

– دیارە.. بەڵام من نەمزانی بوو.

– ئێستاش ئێزگە و دەزگاکانی چاپخانەکەمان نەکردووەتەوە.

مژێکی لە جگەرەکەی دا، لە تاریکاییدا ئاگری جگەرەکەی وەک پۆلو دەگەشایەوە،

– نازانم ئەم پاشەکشەیەی ئێمە لە کوێ رادەوەستێ!

وتم:

– وێ دەچێ لەودیوی سنوور بوەستێ.

– یەعنی پێت وایە ئەمە سەرەتای تێشکانێکی ترە؟

– تۆش وای نابینی؟

– بێدەنگ بوو. پاش دەمێکی تر پرسی:

– هاتوویتە لای هاوڕێ ڕابەر

– بەڵێ.

خەندەیەک گرتی:

– ئەو لەپێش ئێمەدا ڕادەکات.

بەهار چوو لەوبەر شوێنەکەی خۆیان، دوو پەتۆی بۆ من راخست و کیسەیەکی پڕ لە جلی خۆیانی دانا تا سەرمی پێ بکەم.

شاخەوان:

– لەم هەموو ڕووداوانەدا پیاو وەک رانە مەڕی بەرەڵلا خۆی لە ڕووداوەکان دەبینێتەوە.

– تۆش بیر لە هەمان شت دەکەیتەوە؟

– بەڵێ ئەمە شتێکە هەموو بیری لێ دەکەنەوە.

– ئێمە وا دەزانین بەشداریمان لە خەڵکی زیاترە، کە چی نەک هەر کەمترە بگرە لەناو خۆشماندا دەستمان بەستراوە، ئەگەر بتەوێ لە خەم گیروگرفتەکانی ناو بزووتنەوەکە و حزبەکەتدا بی، خێرا بە بەرچاوتەنگ و نەتەوەپەرست دەدرێیتە قەڵەم.

ئانیشکی دابوو. کەلەکەی گۆڕی و کەمێک لە ئاوی مەتارەکەی بەسەر

زاری خۆیدا کرد:

– وەڵڵاهـی من بیـرم لـێ کـردووەتەوە دەرچمــە دەرەوە. وا هـەست دەکـەم تەواو مـاندو بوومـە، پێـویسـتـیـم بە یەک دوو سـاڵ پشـوودان و سـەرلەنوێ بیرکردنەوە هەیە.

– سەرکردایەتی ئاگەدارن؟

– سەرکردایەتی ئاگەدارن؟

– بەڵێ، رازین.

شــەو لەبەر گـرمـەی تۆپـان و تروسکەی گـولله رووناککەرەوەکـان تا لای بەیانی خـەوم لێ نەکەوت، زۆرجاریش لەگەڵ گڤەی با و هاشـە لێک خشـانی گــەڵای داران لە پچکە خــەو ڕادەپەڕیم. وام دەزانی هـاشــەی گـوللەتۆپە و لەنزیک من دەکـەوێت، لەوەڕا هـەر بەسـەر پشت راکشـانەوە کـەوتمە بیـری "میراوا" گوندە بـچکۆلانەکەی سـەردەمی منداڵیم، ساڵ دوازدەی مـانگ لەژێر رەحمەتی تۆپاندا بوو. نیوەشەوان خەڵکی گوند، لە بچـووک تا گەورە لە خەو ڕادەپەڕین، کۆمەڵ کۆمەڵ لە لای یەکـتری کۆ دەبوونەوە، بەهانا بۆ یەکتری بردن سێبووریان دەهات و زۆرجاریش کە تۆپێک لە نێزیکمان دەکەوت، پێش تەقـینەوەی هاشــەیەکی ترسناکی لێ دەهات. لەناو هـەمـوو دانیـشـتـوانی میراوا سێ کـەس لەوانی تر جیا بوون. هەڵبەت کەمتر وا هەبوو تەنیا تۆپێک یان چەندان بهـاوێت بەڵکو رۆژێ جـارێک یان چەند جـار بەچڕی گـوندەکە و دەوروبەریان بۆردمان دەکرد. لەگەڵ گرمەی یەکـەمین تۆپ "شێخەکوێر" تاکە پیـاوی کـوێری مـیـراوا بەدارکـوتان لە ژوورەکـەی دەهـاتە دەرەوە و هـاواری پوورە ئایشی ژنی دەکرد:

– کچی دم بڕای، ئایشە دم بڕای.. کچێ هەی..

کەمێک دەوەسـتا و چاوە بەتەم گیراوەکانی هەڵدەسوڕاندن و لە ترسـان و

له قینان لێوی خۆی دەکرۆژتن و دەیلەرزاندن:

–کچێ دم برای، هەی دایکت دەگێم له کێندەری.

ئەگەر پوورە ئایشە دم براو لەو هەردانە بایە بەکاوەخۆ دەچوو دەستی شێخەی دەگرت و دەیگەیاندە ئەو پەنایەی لەبەر دەرگەیان و لە نێزیک ماڵی حەمە باول لێ درابوو. زۆرجاریش نەیدەتوانی وەڵامی قسە سووکەکانی شێخە نەداتەوە.

– بەبابی خۆمت دەگێم، کوێرەی پل دەرهاتوو... دەڵێی سەیە دەمی دەکاتەوە...

"پوور ئایشە دم براو" بە گەنجی مێردی یەکەمی خۆی بەدوکەوتبوو، براکانی لای مێردی دووەمی دەیگرن و یەکێکیان بەبێ بەزەییانە لووتی دەبڕێت و لەناو رووبارێک دەیبەستێتەوە. لە بەختی خۆی ناخنکێت و بۆ رۆژی دوایی رێبوارێک دەیدۆزێتەوە. زۆرجاریش بە گاڵتە ژنانی گوند لێیان دەپرسی:

– پوور ئایش لە مێردی دووەمت مارە کرابووی؟

پوور ئایش بەشەرمەوە دەیگوت:

– کچێ کوا پێڕاگەیشتم، گوڕ بەگوڕی برام گەیشتە سەرم و ئاوای بەسەر هێنام.

(حەلە رەش) لە ژنانی تر زیاتر سەغڵەتی دەکرد:

– پوور ئایش تا پێت ڕاگەیشتن چەندی بە حەرامیت کردن؟

– هەموو دەیاندا پێکەنین و ئەویش هەموو جارێ یەک وەڵامی هەبوو:

– بەخوای دەستی بەدەستم نەکەوت..

"شێخە کوێر" مێردی سێیەمی "پوور ئایش" بوو.

"حەمە باول" ترسنۆکی بەناوبانگی میراوا بوو، چونکە زۆربەی پیاوانی

گوندەکەمان پێشمەرگە بوون، بۆیە ژنەکانیان بە تەنیا لە ماڵ دەمانەوە، لە کاتی بۆردماندا ئەو کۆمەڵە خەڵکەی لەبەر دەرگەی ماڵی حەمە باول کۆ دەبوونەوە زۆربەی هەرە زۆریان ژن و کچانی گوند بوون. حەمە باول جەمەدانیی لەبن هەنگڵی خۆی دەنا و پەلی عەلەی کوڕی دەگرت و هاواری دەکردە ژنەکەی:

– کچێ حەلە حۆل ئەو کچانە بگەیەنە کونێ.

لە پشتێری پەناگادا خۆی بەدیوارەوە دەنووساند، لەگەڵ هەر گرمەیەک ڕێزێک ئایەت و دوعای لە زار دەردەپەڕین و پاش دەمێک هێدی هێدی ناخی دەرپێ سپییەکەی بەرز دەبووەوە و لە شەرمان هەردوو ڕانی بەیەکەوە دەنووساندن. لەناو ژنان حەجمینی نەدەما و لە ترسی تۆپانیش نەدەوێرا بچێتە دەرەوە. ژنان لە بنەوە سەیری یەکترییان دەکرد و پێ دەکەنین. ڕۆژێکیان لە بەردەمی مزگەوت پاش دەرچوون لە پەناگا ئەوەی حەمە پێی دەگوت کونە تەیارە، مام حەمەدەمین گوتی:

– کێر هەڵستانی حەمە باول لە ترسانە نەک لە بۆ ژنان. ئەمە ڕادارە هەر کە رەپ بوو دیارە تۆپ دەهاوێ یان تەیارە دێ.

حەمە باول:

– ماشەڵڵا مام حەمەدەمین پیاوەکی رووشکێنی. ئاخر من ژن و منداڵم هەیە. وەڵڵاهی بە چاوی سووک تەماشای ژنی خەڵک ناکەم.

– ئەمنیش هەر وا دەڵێم حەمە. دەترسم خوانەخواستە وەکی تر تێ بگەن و جارێک پێشمەرگەیەک ساردت بکاتەوە.

ئەوی تر (نەزیفە) بوو، بەستەزمانە لەناو کونەکەدا منداڵەکەی دەگرتە باوەش و هەڵدەلەرزی، لە پڕ خوشەیەک دەهات، دیسان ژنان سەیری یەکترییان دەکرد و پاش دەمێک لووتی خۆیان دەگرت.

نازانم رێچکەی بیــرەوەرییــەکــانم لە کــوێندەر پســان. لە دەنگەدەنگی پاسەوانی بەرەبەیانی لە خەو هەڵسام. کابرا کلاشینکۆفێکی بێ رەختی سەراوبن لە شان کردبوو:

– هاوڕێیان بەیانیتان باش.

یەک یەک بەسەر هەموو شوێنەکاندا دەگەڕا.

تیشکی خۆر درەنگ دەگەیشتە جۆرجان، پەتۆکەم لەسەر رووم لادا و عەینەکەکەم کردە چاوم. باوەشە گزنگێکی روون و مەیلەو زەرد لەوسەری چیای بەردەممان لە بەرزاییاندا دەرچووبوو. وەک پردێکی بەتەپ و تۆز هەردوو لووتکە بڵندەکەی ئەوبەر و ئەمبەری بەیەکەوە دەبەستەوە. تەپ و تۆزەکە هی تەقینەوەی تۆپ و دووکەڵی سووتانی ناوچەکە بوو.

پەتۆیەکانم هاویشتە سەرشانم و گەڕاندنمەوە لای بەهار، ئەوانیش تازە لە خەو هەڵسابوون:

– بەیانیتان باش.

– گیانت باش.

بەسەر چیچکانەوە هەندێک نیسکی نیوە کوڵاوم هەڵلوشی و چایەکی رەش و شیرینی دووکەڵاویم بەسەردا کرد.

لەگەڵ ئەستێرە بەرەو شوێنی هاوڕێ ڕابەر هەڵکشام، ئەو لەپێشمەوە دەڕۆیشت، دەمانچەیەکی لە لاتریسکەی بەستبوو پانتۆڵێکی تەنگی کردبووە بەر و قژە بە گرۆزەکەی لەسەروە خڕ کردبووەوە و توند بەستبووی. دەم نا دەم ئاوڕێکی دەدایەوە و سەرە باسەکەی دەگۆڕی:

– من زۆربەی زۆری بەرنامەکانی ئێزگە دەنووسم.

– بەڕاستیتە؟

– بەڵێ، سەرکردایەتیش دەیزانیت، شاخەوان بەس لە فشەفش ئازایە، ئەگینا وشک بووە و تەڕاییی تێدا نەماوە.

– ئاوڕێکی تری دایەوە.

گوتم:

– ئەو رۆژنامەنووسێکی لێهاتووە.

هەرتک دەستی نایە ژێر کەلەکەی و رووی کردە لام:

– دەڵێی چی کوڕی چاک، یەکێک واز لە برایەتیی نێوان کورد و عەرەب بهێنێ و پشت بکاتە ئومەمیەت و هەر خەریک بێ بە وردە شتی نەتەوەیی چی پێ دەمێنێ.

– نەتەوەخوازی بەمانای خۆگونجاندنە لەگەڵ خواستی گەلەکەت، من وای تێ دەگەم.

– گەلی عێراق گرینگە نەک گەلی کورد، کوردی هەژار جگە لە دواکەوتن چیی تری هەیە، کۆمەڵێک جووتیاری لاو لاون و بەس.

– ئەستێرە وادیارە (ئەبوقەیسی) مێردت زۆر خۆش دەوێ.

– ئومەیەکی سپۆرتە، لەگەڵیام.

– بە مسۆگەری ئەویش لەگەڵ تۆدایە.

قاقا پێ کەنی:

– هەی شەیتان قسە قۆڕەکانت نەبڕاون.

سەرەباسەکەی گۆڕی:

– ئێستا دەگەینە لای هاوڕێ ڕابەر.

– خوا بکا.

– دەزانی سەرکردەیەکی چەندە سپۆرتە، من زیاتر لە هەموو شتێک بەسادەیی و بێدەنگییەکەیەوە شادم، ئێستا دەبینی لەگەڵیدا چەندە خۆییم.

چەند خێوەتێکیان لەسەرەوە هەڵدابوو، راست لەو گۆشەیەی کە دۆڵ بەکۆتا دێت. ئاو لە سەرەوەرا بە شۆڕ بەرەوخوار دەهات. درەختی گوێز و چنار سەریان تێک چنیبوو، شوێنەکە نەک فێنک بگرە هەندێکیشی سارد بوو. دوا خیوەت لە سەرەوەی هەموویان ئەوەی هاوڕێ رابەر بوو.

چەند پێشمەرگەیەک هێندەی جێگەی خێوەتێکیان خۆش کردبوو، لەژێر سێبەری دارەکان خەوتبوون. پاش ماوەیەکی کەم لە دانیشتنمان، یەکێکیان پەتۆکەی لەسەر خۆی لادا و بەرەو لام هات.. ئاری بوو، ئەو گەنجە باریکەڵە رەشتاڵەی کە پتر لە هیندییان دەچوو، خەڵکی بادینانە، هەمووی مانگێک نەدەبوو ناردبوومە ئەوێ ببێتە پێشمەرگە. دەفتەرێکی بچووکی بەدەستەوە بوو:

ئاری ئەوە چییە نووسیوتە.

– وەڵڵاهی بڵێم چی.. دەمەوێ عەرەبی فێر بم، لێرە ئەگەر عەرەبی نەزانم هیچ فێر نابم و لە زۆر باسانیش تێ ناگەم.

بەدەمیەوە پێ کەنیم و سەرم راوەشاند، هەر خۆی گوتی:

– لە دوورەوە وام دەزانی حزب کوردە، کەچی کوردەکانیشی عەرەبن.

– پێت وایە؟

– وەڵڵاهی چ بێژم.

لەو ساتەدا هاوڕێ رابەر لە خێوەتەکەی هاتە دەرەوە. وەک جاران هەردوو دەستی لەپشت خۆی گرتبوون و جامانەکەی هەر بەشڕی بەستبوو، بەرەوڕووی چووم... دەستێکی راکێشا:

– ها بەخێر هاتی.. ئەوە کەی پەیدا بووی. نەمدەویست بەدواتدا بنێرم،

باشە خۆت هاتیت.

بەدوی یەکتردا ئەم قسانەی کرد بەبێ ئەوەی ڕێگەی نەفەس کێشانەوەم پێ بدات. تۆقەیەکی ساردمان کرد. من وەکو جاران بەبینینی نەدەتاسام. چاوەڕوانی هیچی تازەشم نەدەکرد.

ئەستێرە بەرەو لامان هات. پێش ئەوەی دەست بەقسەکردن بکات، هاوڕێ ڕابەر پێی گوت:

– چییە، ئەوە لە بێکاری سەر بە هەموو شوێنێکدا دەکەی.

ئەستێرە کەمێک بەسەر خۆیدا شکایەوە، ویستی بە پێکەنینێک بیشارێتەوە:

– هاتم سەرتان لێ بدەم.

– جا من ئیشم هەیە و کەی داوای دیتنی تۆم کردووە.

هەستم کرد بازنەیەکی تەڕ بەدەوری سپێنەی چاوی کیژەدا بەسترا، کەمێک لامان وەستا و ئیتر جێی هێشتین.

هاوڕێ ڕابەر:

– دەبا بچینە لای ئەم برادەرانە و کەمێک دانیشین، دەمەوێ هەندێک تاوڵەیان لەگەڵدا بکەم. لەگەڵ ئاری کەوتە یاریکردن، منیش بەچاو سەیرم دەکردن، بەڵام بەفیکر لە شوێنێکی تر بووم، ئەوەندەم لە بیرە کاتێک بە هزر هاتمەوە لای ئەوان، ئاری لە هاوڕێ ڕابەری پرسی:

– ئەوە چەند بەچەندە؟

شانەکانی هەڵتەکاندن:

– جا من چوزانم!

– ئەی ئەگەر فێڵم لێت کرد؟

بەدەم زار هەڵدانەوە:

– جا بیکە!

(ئاری پێ کەنی)!

– ئاخر دەدۆڕێنی

– جا با بیدۆڕێنم.. بۆ تۆ وا دەزانی بۆ بردنەوە یاری دەکەم؟

– ئەدی بۆچی دەیکەی؟

– بۆ هیچ.. بۆ پشوودان.

(ئاری) شل بووەوە:

– کەواتە دۆڕاندم... من چیی تر حەوسەڵەم نەما.

پاش دەمێک هاوڕێ ڕابەر هەڵسا و بەرەو خێوەتەکەی کەوتەوە رێ. ویستم لێی بپرسم کە منیش بچم یان نا.. خۆی ئاوڕێکی دایەوە:

– دەوەرە با بچین بزانم چیت پێیە.

درەخشانیش لە ژوورەوە بوو. کۆیەک کاغەزیان لە بەردەم خۆیان هەڵڕشبوو، هەردووکیان روویان کردە من

هاوڕێ ڕابەر:

– لای ئێوە چی هەیە؟

– جا لە چی دەپرسی؟

– هەرچی تۆ پێت باش بێ.

– من وای بەباش دەزانم لە تۆ بپرسم، چی هەیە و چی دەقەومێ؟

(پشوویەکی خواردەوە):

– خەڵک چۆن دەڕواننە راوەستانی شەڕ؟

– بێلایەن دیارن.

– یەعنی شادی و هەڵپەڕکێ ناکەن؟

– نا.

– بەلاچوونی ئەم مۆتەکەیە شاد نین؟

– وەک یەکێکن مۆتەکە بەری دابن، واتا لە شوێن خۆیان بێدەنگن، تاک و تەراش هەن پێیان ناخۆشە شەڕ وەستاوە.

ئەوە جاری دووەم بوو ئەم پرسیارانەی لێ دەکردم.

هەرسێکمان بێدەنگ بووین، پاش دەمێک پرسی:

– دیارە ڕێگە تایبەتییەکەتان زۆر ئەمینە.

– بۆ بەپێچەوانە تێ دەگەیشتن؟

(هیچ وەڵامی نەدایەوە) پاش دەمێکی تر بێدەنگی گوتم:

– باوەختتان نەگرم.

– دەفەرموو، هەر لەم ناوە بمێنە تا بزانین چی دەقەومێ.

هاتمە دەرەوە، وردە وردە ژمارەی پێشمەرگان زیاد دەبوو، دیار بوو بنکەکانی خوارەوە پاشەکشەیان دەکرد، جاری یەکەم خەڵکە پیر و پەککەوتە و ترسنۆکەکانیان دەناردن.. بەرەو لای شوێنی شاخەوان هاتمەوە خوارەوە، دوور بە دوور لە کاتێکدا جگەرەکەی لە لێوی دادەگرت، بانگی کردم:

– ها.. چی تازەت بیست؟

– جا لەو هەوارەدا کەس شتی تازە دەبیستێ؟

(بە قاقاوە):

– منیش هەر وای تێ دەگەم.

لە خـوارەوەتر لەسـەر رێگە سـەرەکـیـیـەکـە، بارەی مـێگەل و بۆرەی گـا و دەنگی خەڵک دەهات، گوتم:

– چییە؟ دەڵێی..

– بەڵێ ئەو خـەڵکانەن کـە لەم دۆڵانەدا خـۆیان حـەشـار دابوو، بە تایبـەتی خاوەن مەڕەکان بەرەو ئەودیو هەڵدێن.

ئەوجا گوتی:

– تۆ دەزانی ئـەم کـەرانە بڕیاریـان داوە ئێـزگـە و دەزگـاکـانی چاپـەمـەنی بخرێنە ژێر گڵەوە.

– چۆن وایە؟

– وەڵڵا ئەوە فەرمانی هاورێ ڕابەرە.

– جا ئێوە قبووڵ دەکەن؟

– ئەی ناڵێن بڕیاری حزب پێویستە بێ چەند چۆن جێبەجێ بکرێ؟

دەمێک بێدەنگ بووم. بە عـەقڵمدا نەدەچـوو، ئاخر ئەو ئامـرازانە هێندە بە ئاسـانی دەست ناکـەونەوە، دوای ئەوە مـەجـالی قـوتارکـردنیـان هـەیە.. لەو کاتەدا "راوێژ" بێڵێکی لەسەر شان و بەلاماندا تێ پەڕی:

– کوڕی باشینە ماندی نەبن.

ئەو تایپیـستی راگەیاندنی نـاوەندییـە، کـاتێک دەکـەوێتـە سـەر ئیشکردن، تەواو خۆی لە بیر دەکات. کە ماندووش بوو، خۆی واتەنی:

"خواش بێتە خوارێ" پیتەکی بۆ لێ نادەم.

وتم:

– راوێژە رەش بۆ کوێندەر دەچی.

ئاوڕێکی گشتیی لێم دایەوە و بە تووڕەیییەوە:

– دەچم قەبری هەڵدەکەنم قەبر.

– بۆ کێ؟

– بۆ ئەو دەبەنگانە!

ویستم زیاتر بیهاروژێنم:

– لێت تێ ناگەم، کێ دەبەنگە.. قەبر بۆ کێ؟

– قـــەبر بـۆ ئەو دەبەنـگـانـە لە سـێ ســـاڵدا ئـەو دووجـــارە بەرهـەمـی ماندووبوونی خۆم پێ لە گۆڕ دەنێن.

کاتێک تورە دەبێت زمانی هەتڵەدەکا و چەند جار تە.. تە دەکا:

– ت..ت تێ ناگەم کێ ئەوانەی هێناوەتە سەرکردایەتی. یەکێک لە دوورەوە بانگی کردین:

– هاوڕێیان چای عەسرانە ناخۆنەوە؟

شاخەوان:

– بابچین.

وتم:

– ناکرێ بچینە لای هاوڕێ ڕابەر، ئەم شتەی لەگەڵ باس بکەین؟

دەستێکی لە پرچی وەر دا:

– باشە دەچین، بەڵام سوودیشی نابێ.

بەدەم چای خواردنەوە و باسەکەمان لەگەڵ هاوڕێ جەلال کردەوە! ئەویش ئەندامی سەرکردایەتییە، لە کۆندا بە نووسەرێکی لێهاتوو دەناسرا، پاشان وەک خـۆی دەڵێت کـەوتە مـەجـالی کـاری نهـێنی و قـاچاغـچـێـتـی، بۆ

پێداویستییەکانی حزب هەموو ئەوانەی تاقی کردووەتەوە.

خۆی دەڵێ:

– لەسەر سێ سنوور ئیشم دەکرد و هاوڕێیان و چەک و پارەم دەهێنا و دەبرد.. من نووسەر بووم کە حزب بڕیاری دا بووم بە قاچاچچی، ئێستاش کە هەر حزب بڕیاری داوە بوومەتەوە نووسەر.

شاخەوان خەندەیەک گرتی:

– راستە تۆ نووسەر بوویت.. بەڵام

کەوتە ناو قسەکانی شاخەوان:

– بەڵام چی؟

– بەڵام کە بوویتە قاچاغچی ئیتر نەبوویتەوە نووسەر.

هاوڕێ جەلال چایەکەی نایە زەوی و هەردوو چاوی سوور هەڵگەڕان دیار بوو زۆر تووڕە بوو:

– لای فەریکە نووسەری وەک ئێوە من قاچاغچیم، ئەگینا ئێستاش خۆم بە سەدی وەکو تۆ ناگۆڕمەوە.

من ویستم باسەکە هەتڵە بکەم و هەندێک هاوڕێ جەلال سارد بێتەوە:

– ئەرێ ناکرێ ئەم شتانە قوتار بکرێن و نەفەوتێن؟

هاوڕێ جەلال:

– کێ ئەڵێ دەفەوتێن.

– ئەی ئەوە نییە لەژێر گڵیان دەنێن؟

فڕێکی لە چایەکە دا و کەمێک لێوە پانەکانی خۆی لێستەوە:

– جا ئەمە فەوتاندنە یان پاراستن؟

وتم:

– پێویست بەباسکردن ناکا، لەم کوێستانانە لەگەڵ یەکەمین باران، ئەم دۆڵانە دەزێنەوە دەبن بە یەکپارچە قوڕ و لیتە.

پەرداغی چای خواردنەوەکەی بەلاوە نا:

– پێویست بە لێدوانی ئێوە ناکا.. سەرکردایەتی لە ئێوە شارەزاترە.. ئەم شاردنەوەش حیکمەتێکی تێدایە.

– هاوڕێ جەلال..

بێدەنگ بووم.. ویستم پڕ بە گەرووم بەسەریدا بقیژێنم.. خۆم گرت. قسەی لێم وەرگرتەوە:

– ئەم بڕوبیانووانە هینی پیاوی تەپیوون، ئەگینا ئێوە چیتان لەم شتانە داوە.

شاخەوان گرژ بوو. تەواو تووڕەییی بەدەموچاوەوە دیار بوو:

– وا سێ جارە لەم دۆڵانەوە بەرەو دەرەوەی وڵات ماڵاواییم لێ دەکەن و هەر لێرەش پێشوازیت لێ دەکەمەوە..

نەمهێشت شاخەوان قسەکانی تەواو بکات:

– منیش سێ جار، بەم دەستانەم ڕەوانەی دەکەم هەر بەم دەستانەش کە دەگەڕێتەوە تۆقەی لەگەڵ دەکەم..

شاخەوان:

– تەپیو ئەو کەسەیە خۆی بەم کێو و بەردانەوە ناگرێت.

هەردووکمان هەڵسایین و بەجێمان هێشت.

دەمێک بوو بەیەکەوە لەبن داربەڕوویەکی پیر و چڕ دانیشتبووین، هەردووک نیگەران بووین لەو هەڕەشەی بەرەو سنوور دەخشێت! یەکەباری

خۆم لە کەرەستەی سەرکردایەتی و باری ناوەخۆی پێشمەرگەکان رادەمام، خەم دای دەگرتم:

– ئەرێ هەردی و بۆتان بۆ کوێ چوون؟

– هەردی هەر دوێنێ بەرەو پێشەوە گەڕاوەتەوە، وا بزانم بۆتانیش ئەمڕۆی ملی لای ئەوی گرتووە.

– پێت وایە هیچ مقاوەمەتێک بکرێ؟

– وەڵڵا پێشمەرگە بڕستی ئەو مقاوەمەتەی تێدا ماوە تا بەلانی کەمەوە دیفاع لە بارەگەیەکی خۆی بکات، بەڵام هەر پێشمەرگە بە تەنیا و بێ نان و بێ پشتیوان و بێ سەرکردە تا کەی خۆی پێڕا دەگیرێت؟

لەو کاتدا برادەرێکی عەرەب بەناوی ئەبونادیا کە ئەویش ئەندامی سەرکردایەتییە بانگی کردم:

– خەریکی چین؟

– هەر دانیشتنە و قسەکردن.

هات لامان دانیشت، جگەرەیەکی دایە شاخەوان و دانەیەکیشی بۆ خۆی داگیرساند، کەمێک بێدەنگ بووین. شاخەوان بەهەر قومەی باقەیەک دووکەڵی بەبا دەکرد و سەر و گوێلاکی تیا ون دەبوو. ئەبونادیا:

– بۆ وا بێدەنگ بوون.

شاخەوان:

– جا باسی چی بکەین.

هەندێ سەیری دەموچاوی ئەبونادیای کرد:

– جاڕس بووین هەندێ بڕێسین و کەس نەیبیستێ.

– ئێوە زۆر خۆتان بە شتی وردەوە ماندوو دەکەن.

هەروەها لەوەشدا بە سەهو چوون کە پێتان وایە سەرکردایەتی باش لە مەسەلەکە ورد نابێتەوە، دڵنیا بن ئەوان بۆ هاویشتنی هەر هەنگاوێک هەزار جۆر بیر دەکەنەوە، ئەوەشتان لە بیر نەچێ، یەکێک لە مەبدەئە سەرەتاییەکانی حزبێکی شۆڕشگێڕ، پێڕەویکردنە لە فەرمانی سەرکردایەتی:

شاخەوان:

– ئەدی ئەگەر سەرکردایەتی بە هەڵەدا چوو؟

ئەبونادیا هەردوو دەستی خۆی بەرز کردەوە، ئەوجا جگەرەکەی نایە زەوی، بەسەر ناڕەزاییی خۆی بۆ ئەم قسەیە دەربڕی و پاشان لەسەر خۆی گوتی:

– ئێوە هەردووکتان کەوتوونەتە ژێر فیکری حزبە قەومییەکان.

گوتم: مەبەستت چییە؟

گوتی:

– هەڵەی ئێوە لێرەدایە. رزگارکردنی چینی کرێکار و گەلی عێراق واز لێ دێنن و باس لە رزگارکردنی پارچەیەکی عێراق دەکەن. کە دەشڵێم ئێوە قەومین، مەبەستم هەر ئەوەندەیە.

سەیرێکی رووخساری شاخەوانم کرد دیتم ئەویش سەیری من دەکات! سەرێکی بادا و بە تەوسەوە خەندەیەک گرتی. لە خوار ئێمەوە لەسەر رێگە سەرەکییەکەی رۆخ رووبارە، وردە وردە تەپ و تۆز بەرز بووەوە دەنگی ژن و منداڵ و لێخوڕینی دەواران دەهات. پێکەوە بەرەوخوار شۆڕ بووینەوە هاتینە سەر رێگەکە، خەڵکی کوێستانەکان بوون لە ترسی تۆپ و تەیارە، پێش ئەوەی مەترسیی سوپایان بگاتێ شوێنەکانی خۆیان بەجێ دەهێشت و بەرەو ئێران کەوتبوونە رێ.

شـاخـەوان قـومـێکی لـە جگەرەکـەی دا و پاشـان چەمـایەوە و بـە تلیـشـە بەردێک پلیشاندیەوە، ئەوجا بە نیگەرانییەوە گوتی:

– وێ دەچێ ئەمە سەرەتای کارەساتە مەزنەکە بێت.

سێبەر دابەزیبوون، فێنکایی دەوروبەرمانی گرتبوو، ئێمە لەسەر پێچێکی رووبارەکە دانیشتبووین، ئاو بە تەوژمێکی زۆرەوە دادەبەزی و لە ناوەڕاستی پێـچکەکەدا دەکـەوتە پەنا دار دەوەنی چڕ، لەوێ لێمـان ون دەبوو، تەنیـا بە هاژەهاژە قورسەکەی کە دەتگوت نرکەی دێوێکی بریندارە، دەمانزانی لەو پەنایە، لە نەدیتی ئێمەشدا هەر بە خوڕ و فشارە، هەردووکمان بە بێدەنگی دانیشتبووین. خشپەی پێی یەکەمین دەستەی بارەگاکەمان ئێمەی هێنایەوە خۆمـان کە بەرەوسەرووتر هەڵدەکشـان، تێگەیشتین کە لێرەش ئۆقرەیان نەماوە و بۆ سەرەوەتر دەڕۆن! کاتێک گەیشتینەوە شوێنەکەمان بەهار بە نیگەرانی هەڵتوتشکابوو. شتـومەکەکانی خـۆی و شـاخـەوانی مێـردی پێچابووەوە و لەسەریان دانیشتبوو:

– ئەوە لە کوێ بوون.. لەوە دەترسام بەجێ بمێنن.

شاخەوان بەبۆڵەیەکەوە وەڵامی دایەوە:

– جا خۆ ئەگەر جێش بمێنین ناخورێن.

بەهار:

– جا بۆ هێندە نارازیت، بۆ وا دەزانی من بڕیاری کشانەوەم داوە؟

کەمێک لە لایان بێدەنگ وەستـام، پاش دەمێک دوا خەڵکانی بارەگاکە شـاخـەوان و بەهار بوون کـە ئەوانیش کـەوتنە ڕێ. راوێژ پێش ئـەوەی لەناو دار و بەردەکاندا ون بێت ئاوڕێکی لێم دایەوە، پڕ بە گەرووی بانگی کردم:

– بە بارگـەی هێسـتران هاتینە ئێرە و بە پیادە لێی دەردەچین، هەرچی هەمانبوو لەبن گڵیان خست.

بە باریکە ڕێگەکەدا وردە وردە بەرەو شوێنی هاوڕێ ڕابەر ڕۆیشتم، هێندە دوور نەبوو، چۆلەکە لێرە و لەوێ لەسەر بەردان هەڵدەفڕین و جوکەیەکیان دەکــــرد، دار کــــۆڵینەیەک لە دوورەوە خــــەریک بوو: تەپ.. تەپ.. تەپ لە شوێنێکی زۆر لەو دوورتر قاسپەی کەوێکم زۆر بەکزی دەگەیشتە گوێ. وەک بڵێی ماوەیەکی یەکجار زۆرە لە بێدەنگیدا دەژیم و گوێم بە کپی ڕاهاتبێ، بۆیە بەرامبەر هەڵپەزینەوەی کلۆیەک و هەڵفڕینی جیرجیرەیەکیش حەساس بووم و سەرنجی ڕادەکێشام. وردە وردە پێم خۆش دەکردن و تاوم دەدایە خۆم، لە پڕ وەک ئاسمان بقڵیشێتەوە شریقەی هاژەیەکی ترسناکم بیست، ناخود ئاگا خۆم دا بە عەردا و هەردوو کونە گوێی خۆم گرت. جووتێک باڵەفڕەی سپی لەوبەری دۆڵەکە باڵیان لە لووتکەکان دەخشاند. چڕە دووکەڵێکی ڕەش و تۆزاوی هێدی هێدی وەک کەرتکە شاخ لەسەر شێخانۆک بەرەو ئاسمان هەڵدەچوو، باڵەفڕەکان چەند خولی تریان لێ دا ئەوسا ون بوون.

پێش ئەوەی بگەمە شوێنەکە، لە دوورەوە زانیم چۆڵ کراوە. بەڵام بۆ دڵنیایی، نەگەڕامەوە و چوومە ئەوێ، دیار بوو هەر کەمێک پێش گەیشتنی من ئەوانیش ڕۆیشتبوون. هەوارەکە ئێستا بۆنی زیندووانی لێ دەهات، لە ئاگردانی تازە دامرکا و دەچوو کە تێن لە خۆڵەمێشەکەیدا دەمێنێ. سووک رووی خۆم بادایەوە و بەرەوخوار بۆ سەر ڕێگە سەرەکییەکەی ڕۆخ ڕووبارە داکشام. ماڵە مەڕدارەکان بەردەوام دەهاتن و بەرەو سنوور دەڕۆیشتن. کەمێک تەنیا بە ڕێگەکەدا ڕۆیشتم، دواجار لەگەڵ پیرەمێردێکی حاجی کە لە پێشەوەیدا سێ هێستری بەبار دەڕۆیشتن، هەنگاومان بوون بەیەک و بە ناچاری بووین بەهاوڕێ. سەرباری هەرسێک هێسترەکان پێنج منداڵ بوون. چواریان دوو دوو لە پشت یەکتری سوار بووبوون و یەکێکیان کە لە ئەوانی تر گەورەتر بوو بە تەنیا خۆی بە سەر پشتی هێسترێکەوە نووساندبوو، بچووکەکانیش بە گوریس پێچرابوون، سەرباری ئەوەش چوار دەست و پێی

خــۆیان بەبارەکــانەوە شــەتەک دابوو، دوو چێڵ بە گــۆلکەوە دوا بەدوای هێسترەکان دەهاتن و ژنی حاجی بەدوایانەوە دەڕۆیشت.

– مام حاجی ئەو منداڵە ساوایانە هی خۆتن؟

ســەیرێکی کـردم، کـیـســەکـەی لەبەر پشـتی دەرهێنا و دەسـتـێکی لە تووتنەکەی وەردا. بەدەم پێچانەوەی سیغارێک گوتی:

– بەڵێ.. بۆ پرسیت؟

– دیارە کۆرت ساوایە.

– ئاخــر لە لایەکی درەنگ ژنم هێنا، مــاوەیەکی زۆریش خــوا هیــچی نەدەداینێ.

کەمێک بە سیغارەکەیەوە خەریک بوو. ئەوسا بەردەوام بوو:

– کە دەڵێم نەیداینێ، دەبوون بەڵام دەمردن.

ئەوجار ئەو لە منی پرسی:

– خەڵکی کێندەری، سەر و رووت بەخەڵکی ئەو ناوە ناچێ.

– پێشمەرگەم.

– پێشمەرگەی.

– بەڵێ.

– ئەدی بۆ بەرەو پاشەوە دێی؟ کوا تفەنگت؟

لەو پرسیارەی ئەو شەرم دای گرتم. لە دڵی خۆمدا گوتم:

– راست دەکا پێشمەرگە و بەرەو سنوور رۆیشتن ئەویش بێ چەک؟

کـە زانـی بێـدەنگم ئەو سـێ ســەرەی لەســەر هەڵنەگـرتم، قــومـێکـی لە سیغارەکەی دا:

– پێشمەرگەی ئێستا بە ئی کۆن ناچن.

– لە چ روویەکەوە؟

– دەپرسی کو؟ لە هەموو رووان. جاران پێشمەرگە دیفاعیان لە خەڵکی دەکرد و خۆیان بەکوشت دەدا نەیاندەهێشت گوندەکان خراپ بێ. کەچی ئێستا دوو تەقەی دەکەن و بە قونەشەڕ تێی دەتەقێنن لەپێش خەڵکیدا هەڵدێن. ئەوەتا هیچ نەماوە هەموو وڵات وێران بوو.

– کەست پێشمەرگەیە مام حاجی؟

بێ دامان یەکسەر وەڵامی دامەوە:

– کەسوکاری من هەموو جاشن، بەس ئەمن جاشایەتیم نەکرد و لێرە لە شێخانۆک لەسەر پارچە زەویی خۆم مابوومەوە، ئێستاش هەر ئەوان دێن ئەوەی لە دۆڵاندا خۆی شاردبووەوە ماڵی وێران دەکەن و ئەگەر بە دەستیان بکەون دەشیانکوژن.. یان دەگەڵ خۆیان بە ئەنفال دەبەن.

دوای هەر خۆی وتی:

– بێ سەروبەرین.. زۆر بێسەروبەرین، هەر خوا دەزانی چارەنووسمان بە کوێ دەگا.

گەیشتینە دووڕیانێک، یەکێکیان بەرەو ئێران و ئەوی تریان رووی لە لای سنووری تورکیا دەکرد. پێشمەرگەیەکی بریندار لەوێ لە قەراغ رێگەکە دانیشتبوو، ماڵاواییم لە حاجی کرد و بەرەو لای ئەو چووم، پاڵی بە تاشە بەردێکەوە دابوو، داردەستەکەی لە تەنیشت خۆی فڕێ دابوو و کۆڵەپشتەکەی هەر بە پشتەوە بوو. ریشێکی درێژی هێشتبووەوە و جەمەدانییەکەی بە شێوەی بادینی بەستبوو.

– هاوڕێ عادل ماندوو نەبی.

بەهێواشی وەڵامی دامەوە:

– زۆر هیلاک بوومە. توانای بەرێگەدا رۆیشتنم نەماوە.

ماوەیەک پێش ئێستا لە شەڕدا بریندار بووە. بۆ چارەسەرکردنی برینەکەی هاتووەتە سەرکردایەتی. خۆی دەڵێ ماوەیەک لێرە کەوتووە و کەس بایەخی پێ نەداوە، لە ئەمڕۆ بۆ سبەینێ حەواڵەیان کردووە.

– پیاو تا ساغە بە قیمەتە، حزبیش هەر بە ساغی ئێمەی دەوێ.

– ئەدی ناتوانی تا یەکەمین بارەگا وردە وردە ڕێ بکەی؟

دەستی بۆ تروسکاییی ئاگرێکی کز کە لە خوار ئێمەوە دایسا درێژ کرد:

– ئەمشەو لای ئەو رەشماڵە دەمێنمەوە بەیانی هێدی هێدی دێمە لاتان:

پرسیم:

– ئەدی برادەران بەکام لادا رۆیشتن

دەستی بۆ ڕێگەکەی لای تورکیا درێژ کرد:

– بۆ ئەولا رۆیشتن.

– بێنە با کۆڵەپشتەکەت بۆ بگەینمە بارەگا.

– پێویست ناکا، سوپاس، هەندێک دەرمان و کەلوپەلی پێویستی خۆمی تێدایە.

ملم پێوە نا، لە یەکەمین هەورازی بچووکی بەردەمم سەرکەوتم، دنیا بەرەو تاریکی بوو. بە زەحمەت بەرپێی خۆم دەدیت و بایەکی سارد دەهات. پڕ بەدڵ حەزم دەکرد منیش لە دەمە رەشماڵەکە و لەبەر ئاگرەکەیان دانیشم، لەسەر لووتکە بەرزەکان بەفر هەر مابوو. بەفری ئەم کوێستانانە قەت رەش نابێتەوە، لە هەندێک شوێن تازە گیا دەڕوێت و گوڵە مێلاقەی کورتیلەی رەنگ سوور لەبن توێخە بەفری شلبووەوەی زەنەکان سەر دەردەهێنن و هەندێکیشیان قەد و پەلکیان دەرچووە، بەڵام گوڵە نیوە خونچەکەیان

چەماوەتەوە و سەری لەبن بەفردا ماوە.

لە خوار ڕێگە و بەوبەری ڕووبارەکە لە دۆڵێکی بچووکدا کە بەدەوەن و کۆلی تودرک داپۆشرابوو بارگەیان خستبوو، خێوەتێکیان بۆ هاوڕێ ڕابەر و بارەگەکەی هەڵدابوو. ئەوانی تر لە دەورووبەردا خەریکی شوێن خۆشکردن بوون. شاخەوان بە قاچ وردە بەردی بەلاوە دەنان و بەهار شتەکانی بە ئامێز گرتبوون. وازی لە بەرد فڕێدان هێنا و هەردوو دەستی نایە بان کەلەکەی و خەندەیەکی ماندووانە گرتی، ددانەکانی گڕ دەچوون:

– بەسەری تۆ وەک بزنمان لێ هاتووە.

لە مەبەستی نەگەیشتم:

– چۆن.

– هەر شەوە لە شوێنێک دەبێ جێی خۆمان خۆش بکەین.

دەستێکی بۆ خێوەتەکەی درێژ کرد:

– هۆو شوانە شرەش پشتی شکاندین.

یەکێک لە پێشمەرگەکان بەسەرماندا دەگەڕان و هەر یەکێک لەتکێک نان و تۆزێک پەنیری دەداینێ:

– فەرموو هاوڕێ، لە جێی چا ئاوی سارد بخۆنەوە.

شەکەتی بە هەموانەوە دیار بوو. گرمەی تۆپان ساتێک نەدەپسایەوە. پەتۆیەکم وەرگت و لەسەر بەردان لێی درێژ بووم. ئیتر ئاگام لە هیچ نەما کاتێک بە غڵبەغڵبی پێشمەرگان خەبەرم بووەوە، تاقمێکی دی لەگەڵ ئەبوداود هاتبوون، پەتۆیەکەم کۆ کردەوە و خستمە سەر کۆی ئەوانی تر. لەسەر ڕووبارەکە ئاوێکم بە چاوان داکرد تا خەوم لێ بڕەوێتەوە، دووسێ کەس لە ئافرەتە پێشمەرگەکان خەریکی چای لێنان بوون. ئاگرێکی بە دووکەڵیان کردبووە، هاوڕێ ڕابەر لە خێوەتەکەی هاتە دەرەوە، دەمانچەکەی

به لایەکدا شۆڕ بووبووەوە سەرێکی پشتێنەکەی بەلایەکەی تردا لە عەرز دەخشا. کڵاوی لەسەر خوار بووبوو، جەمەدانییەکەشی لە ملان هاڵاندبوو. دیار بوو شەو لە سەرمان سەری خۆی بەو پێچابوو، قونچکی هەردوو چاوی تۆپەڵێک جیقنەی پێوە نووسابوو، ریشی قولانجێک هاتبوو، رووی کردە لای ئاگرەکە و بانگی ئافرەتەکانی کرد:

– چییە، ئەوە دەتانەوێ بمانخەنە ژێر بارانی تۆپ و تەیارە، زوو کەن بیکوژێننەوە.

ئەستێرە:

– ئاخر چای دروست ناکرێ، دارەکان تەڕن و دووکەڵ دەکات.

– جا خۆ شەرت نییە چا بخۆنەوە. لە شوێن ئەو ئاو هەڵقوڕێنێن.

چەند حەلقە کاغەزێکی باریکی بەدەستەوە بوو "ئەبوسەرمەد" کە لەولای ئێمەوە دەزگا بێتەلەکەی دانابوو، بە پەلە هاتە لای و چەند حەلقەیەکی تری دایە دەستی، هەردوو دەستە پڕ لە کاغەزەکەی جارێک هەڵتەکاندن:

– کوا بەم هەموو شتە رادەگەم؟ کۆنەکانیم نەخوێندووەتەوە، هەندێکی تریشی بۆ هێنام.

وتم:

– باشە ناکرێ چەند کەسێک هاوکاریت بکەن و هەندێک لەم ئیشانە ڕاپەڕێنن.

بە مۆڕەیەکەوە سەیری کردم:

– کەس نییە.

– ئەدی ئەو هەموو خەڵکانە چین؟

– تۆ وا دەزانی ئیشی حزب وا بە ئاسانی دەدرێتە دەست هەموو کەس.

ئەمەی وت و بۆ لای خێوەتەکەی گەڕایەوە.

ڕێگە سەرەکییەکە بەوبەری ڕووبار، ڕووبەڕووی ئێمە تێ دەپەڕی. هەر لە بەیانی زووەوە کاروانی ماڵان تاقم تاقم دەهاتن و دەڕۆیشتن، کەمێک لە ئێمە دوور دەکەوتنەوە، لەودیو ڕێگەکە دیسان دەبووەوە دوو لق، لقێکی بۆ لای ئێران بای دەدایەوە.

کۆمەڵێک پێشمەرگە لە دەوری یەکتری دانیشتبووین، ئەو لەتکە نانەی بەرمان کەوتبوو دەمانخوارد. ڕەوەندیش شەوی رابردوو گەیشتبووە لامان، دیاربوو زۆر ماندوو بووبوو.

شاخەوان:

وەرچەرخانی ئەوها، کۆمەڵێک کەموکوڕی و لێنەهاتوویی دەردەخا کە هەرگیز لە ڕۆژانی ئاسایی بەسانایی هەست پێ ناکرێن.

ئەبونادیا خێرا پارووەکەی قوت دا و فڕێکی لە پەرداغە ئاوەکە دا:

– مەبەستت تێ ناگەم.

– شل و خاوی لە حزبەکەماندا دەبینم، جا تێ ناگەم هی پێکهاتەی حزبە یان..

– حزب پێکهاتەیەکی ئومەممیی هەیە، لە هەر هەنگاویدا دەڕوانێتە بەرژەوەندیی چینی کرێکار و خواستنی گەل، ئەم سەرکردایەتییەش هەڵقووڵاوی ناخی ئەم حزبەیە، تۆ نابینی هاوڕێ ڕابەر شەو و ڕۆژی لا نییە و ساتێک ناسرەوێت؟

شاخەوان:

– ئەوەی من دەیبینم شڕ و شەپڕێوییە نەک کار ڕاپەڕاندن، ئەم خەڵکەش وەک ئاشی نەزانان خوا بەڕێوەیان دەبات.

– له کاتی تەنگانەدا نابێ کەموکوڕی بەرز بکرێتەوە. جگە لەمە، من هیچ لێنەهاتوویەک لە هاوڕێ ڕابەردا نابینم.

ڕەوەند:

– ئەم قسانە لە کاتی ئەوهادا یەکەتیی حزب لاواز دەکا.

شاخەوان کەمێک توند پرسی:

ئەوەی من باسی دەکەم چییە؟

ئەبونادیا:

– کوردستانە، کوردستان.

– ئێمەش لە تێکۆشاندا مەبەستمان رزگارکردنی کوردستانە. دەمانەوێ گەلەکەمان لە دەست نەمان قوتار بێت.

– بەم مانایە هیچ پێوەندیت بە چینی کرێکار و حزبەکەیەوە نامێنێ، لەگەڵ ئەوانی تر هیچ سنوورێکت نەهێشتووەتەوە.

شاخەوان:

– من لە فیکر و کەرەستەی بەڕێوەبردندا جیاوازیم لەگەڵ ئەوان هەیە، ئەگینا لە خواستدا خۆ هیچمان لەوان جیاواز نییە..

ڕەوەند:

– هاوڕێ شاخەوان زۆر بە لای بورژوازی و نەتەوەپەرستیدا دەیشکێنیەوە.

شاخەوان:

– لە وڵاتی ئێمەدا ئەم قۆناغەی تێیداین، هەموو چینەکانی کۆمەڵگە بۆ رزگاری خەبات دەکەن، لەولاشەوە سنوورێکی زۆر تۆخ لە نێوان چینەکاندا نییە، بە تایبەتی کرێکار هەر زۆر کەم و ساوان و بورژوازیش بەلای خۆیەوە

ئازار لەم واقیعەی کوردستان دەبینێ.

رەوەند:

– تۆ زۆر سەهوی، بورژوازی کورد هاودەستی ڕێژیمی دیکتاتۆرییە و هیچ بەرژەوەندیی لە شۆڕشدا نییە. هەریەکە لە ماڵی خۆی دانیشتووە و حکوومەتیش چەند داوا بکا هێندە یارمەتیی دەدەن. بۆیە بەڕاستی نازانم هێندە دەور بدرێتە بورژوازی و فیکرە نەتەوەیییەکان.

شاخەوان:

– ددانَنان بە واقیعدا، پێدانی دەور بە بورژوازی نییە، تۆ ئەگەر لە سەرەکەی ترڕا باسی مەسەلەکە بکەی، دەردەکەوێ کە مۆرکی بزووتنەوەی کوردستان تێکۆشانە بۆ رزگاریکردنی ئەم خاکە، یان روونتر بڵێم ئەم نیشتمانە، بۆیە گشت ئەوانەی لەسەر ئەم خاکە دەژین و دەیانەوێ سەربەست بن بەشدارن لە شۆڕشەکەیدا، بەڵام کام تەوژمی سیاسی و فیکری رادیکالترە و قووڵتر بۆ مەسەلەکان دەچێ و ئەرکی کۆمەڵایەتی تریشی پێوە دەبەستێتەوە، ئەمەش بابەتێکی ترە.

ئەبونادیا پەلەدارێکی بەدەستەوە گرتبوو، کەم کەم لە خۆڵەکەی بەردەمی خۆی وەردەدا، زۆر بەوردیش گوێی لە قسەکانی گرتبوو:

– بەگوێرەی قسەکانی تۆ هاوڕێ شاخەوان، کوردستان وڵاتێکە و داگیر کراوە، بۆیە هێندە باسی خاک و نەتەوە دەکەی، لە کاتێکدا حزبمان گەلی کوردمان بە بەشێکی جیانەکراوەی گەلی عێراق دەزانێ، بۆیە بەڕاستی نازانم چیی تر درێژە بەم باسە بدەین چونکە خەریکە لە چوارچێوەی فیکری حزب دەردەچێ.

گرمەی تۆپێک کە لە تەنیشتمان بەزەوی کەوت، رێگەی قسەکردنی پێ گرتم، هەموومان خۆمان بەزەوینەوە نوساند، تەپ و تۆز سەرمانی داگرت.

کەمێک مات بووین، ئەوجا شاخەوان پێش هەمووومان هەڵسا و پڕ بەدەنگی بانگی کرد:

– بەهار لە کوێیت، ئەرێ کەس هیچی بەسەر نەهاتووە.

هۆی هەموو سەلامەتن؟

– شاخەوان من لێرەم لەناو ئافرەتان، ئێمە هیچمان لێ نەهاتووە.

دەنگی بەهار بوو دڵنیایی بە مێردەکەی دەدا.

پاش کەمێک چاوگێڕان دەرکەوت کەس شتێکی بەسەر نەهاتووە، هەر لە شوێن خۆمان دانیشتینەوە.

شاخەوان بە تووڕەییەوە لەبەر خۆی دەیبۆڵاند:

– ئەگەر ئەم ڕێژیمە داگیرکەر نەبێ دیارە داگیرکردن و داگیرکران هیچ مانایان نییە.

گوتم:

– هاوڕێ ئەبونادیا، راستە ئێمە هەموومان لەژێر سایەی حکوومەتێکدا دەژین، بەڵام ئەوەی لە یەک خاک و نەتەوە پێک نەهاتووە و تاکو مەسەلەکە بەرامبەر هەموو خەڵک یەک سروشتی هەبێ..

قسەکانی پێ بڕیم و هەڵسایە سەرپێ:

– من گوتم ئامادە نیم چی تر گوێ لەم باسە بگرم چونکە دژی حزبە.

دەستیم گرت:

– دانیشە هاوڕێ ئێمە گفتوگۆ دەکەین نەک شەڕ. هەمووشمان لە یەک حزبداین خۆ لە دەرەوەی حزبەکە قسان ناکەین، دوای ئەوە ئایدۆلۆجیاکەی ئێمە گوایە دیموکراتیترین فیکرە. کەواتە دەبێ ئێمەش بەلای کەمەوە توانای بیستنی قسەی یەکتریمان هەبێت، کەوایە گوێ بگرە قسەکەم تەواو بکەم..

لەم کوردستانەدا دەوری تۆی عەرەب لەگەڵ منی کورد وەک یەک نییە، تۆ هاوکاریی ئەم میللەتە دەکەی کەچی من بەشێکم لێی، زۆر ئاساییە فراوانتر و قووڵتر لە تۆ، بیر لە مەسەلەکە بکەمەوە، تۆ بەعەرەبی قسە دەکەیت من بە کوردی.

ئەبونادیا:

– حزب داوای یەکگرتنی تێکڕای وڵاتانی عەرەب دەکات هەڵبەت لەسەر بناغەیەکی دیموکراتییانە، کەچی ئێمە لێرە باس لە دوو پارچەکردنی یەک وڵات دەکەین.

– ئاخر خۆ کوردستان بەشێک لەو نیشتمانە نییە کە تۆ باسی دەکەی. ئەم داوایەی حزبیش بە مانای لکاندنی کوردستان بە خاکی عەرەبەوە نییە. تۆ بڕوات بەمافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە؟

– هاوڕێ عێراق عێراقە بە کورد و بە عەرەبەوە، مافی بڕیاردانی چارەنووسیش بەو مانایە نییە بورژوازی کۆنەپەرست بێنی و عێراقی پێ دوو پارچە بکەی، جگە لەمە حزب تەنیا بڕوای بە ئۆتۆنۆمی هەیە نەک بەسەربەخۆیی کوردستان.

رەوەند:

– بەرژەوەندیی کورد لەوەدایە هەرگیز لە برا عەرەبەکانی دوور نەکەوێتەوە، عێراقێکی سۆسیالیست مافی گەلی کوردی تیا دێتە دی. هاوڕێیان بۆ لە بیرتان چووەتەوە کە مارکس هەر لە سەرەتاوە گوتوویەتی کرێکاران نیشتمانیان نییە. چینی کرێکاری عێراقیش شیمال و جنوب نازانێ.

هەتاو هێدی هێدی بەسەر شوێنەکەماندا زاڵ دەبوو، تینی تیشکی خۆر تەنگاوی کردین. گرمەی تۆپان لە دوورەوە هەر دەهات، ڕۆیشتنی خەڵکیش

بەردەوام بوو. ئەبونادیا لە لامان هەڵسا بەرەو شوێنی ئافرەتەکان ڕۆیشت، پاش دەمێک لەگەڵ لەیلا بەرەو سەرەوە ڕۆیشتن. پەتۆیەکی لەبن هەنگڵی نابوو لەیلاش مەتارەی ئاوەکەی بەدەستەوە گرتبوو.

ڕەوەند هەڵسابووە سەرپێیان، جارێک خۆی لێک کێشایەوە:

– هۆو دووانەش چاک خوویان بەیەکەوە گرتووە.

لەیلا ئافرەتێکی بەغدایییە و هەموو ساڵێکە لە ئەورووپا گەڕاوەتەوە، کەمێک بەساڵدا چووە و جارێکیش مێردی کردووە و دوایی لێی تۆراوە و بەجێی هێشتووە.

من و شاخەوان بەرەو کۆڵە تودڕەکەکان چووین و هەندێک پرچکمان لادان و کەمێک بەرد و کۆڵکە دارمان هەڵکەندن لێی دانیشتین. ئەبوسەرمەد دەم نادەم بەدەستی پڕ لە شریتی برووسکە دەچووە خێوەتەکەی هاوڕێ ڕابەر. خاکی بن کۆڵەکان شێدار بوو، فێنکایەتییەکی دڵچەسپی هەبوو. پشتێنەکەم نایە ژێر سەرم و پاڵم دایەوە.

لای عەسرێ هاوڕێ ڕابەر لە خێوەتەکەی هاتە دەرەوە، چەنگێک کاغەزی بەدەستەوە بوون، ئەبونادیا و ڕەوەند کۆمەڵێک پێشمەرگەی تر دەوریان دا. ئاوڕێکی لە ئێمە دایەوە وتی:

– ئێوەش نایەن؟

کەمێک بەپەلە چوومە پێشەوە:

– بۆ کوێندەر؟

– دەچینە ئەو سەرەوە، دەڵێن ئاوێکی ساردی هەیە و بن درەختەکانی فێنکە.

وام زانی لە پەلە بۆ جێگەیەکی تر و بە ئیشێک دەچین، شاخەوان نەهات. من بەدوایاندا سەرکەوتم، ئەو شوێنە دەکەوتە سەرەوەی بنکەکەمان. دیار

بوو پێش ئێـمـه بارەگـەی پێـشـمـەرگـه بووە. لـه ڕێکخـسـتن و ئاوهێنان و خـۆشکردنی شـوێنەکـەوە دیار بوو. دوایی دیتـم لەسـەر تـوێکڵی دارگـوێزێک نووسـراوە "ئێـمـه لـه کـوردسـتـانی ئەودیوەوە هاتووین". ئەمـه بیـرەوەریی پێشـمەرگەیەکی ئەودیوە کە بەمسـۆگەری لە وەرەزیان کـەوتووەتە هەڵکەندنی توێکڵی دار و جێـهێشـتنی شـوێنپێی خۆی. هـاوڕێ ڕابەر لەسـەر چەپەرێک پاڵی دایـەوە و هـەردوو دەسـتی نـابووە بان جـەمـەدانیـیـەکـەی. قـاچەکـانی ڕاکێشـابوون. جـەمەدانیـیەکەی کـەمێک داکشـا بووە سـەر چاوانی، زیاتر لە دوو سـەعات لەوێ بووین، قسـەیەکی نەکرد، لە هـاتنـه خوارەوەیدا لێم نێزیک کەوتەوە:

– ئەرێ سـەرێکی درەخـشـان بدە، بزانە وەرقـە و مـۆرەکـان باش دروست کراون.

وتم:

– لەم کاتەدا هیچ پێویستیمان پێیان هەیە؟

– دەمانبێ تۆ بچۆ ئامادەیان بکە.

جـانتـای کـاغـەز و مـۆرە دروسـتکراوەکانم لە درەخـشـان وەرگـرت. چەند وەرەقـەیەکی پڕنەکـراوەم سـاز کـرد و خـسـتـمـە گـیـرفـانم. شـەو درەنگان بۆردمـانی شـوێنەکـەمـان چڕتر دەبوو. مـانگەشـەو بـوو، هەمـوومـان لە دەوروپشـتی خـێوەتەکە کۆ بـووینەوە. چاوەڕوانی فـەرمـانێک بووین، هـاوڕێ ڕابەر لە سـەرەوەتری ئێمـە ڕاوەسـتـابوو، ئەبوسـەرمـەد شـریتی برووسکەی دەدایە دەستی، زۆر تەنگاو دیار بوو، لەبەر خۆیەوە دەیبۆڵاند:

– نازانم.. من نازانم چی بکەم.

چوومە لای:

– چی بووە هاوڕێ؟

لەسەر خۆڵە پەتەکەی لێی راوەستا بوو، دانیشت، هەردوو قاچی راکێشان:

– چەندی برووسکەیان بۆ دەم پاشەکشە ناکەن، ئاخر ئەمە کەی ئیشە، دیارە دەیانەوێ خەڵک بەکوشت بدەن.

– کێ؟

– ئەو کەللەرەقە.. هەردی، وا دەزانێ تێکۆشان تەنیا لە تەقاندنی تفەنگدایە. دیارە کاریشی کردووەتە سەر یوسف و ئەوانی تر.. ئەوانیش لەو ماون و پێیان دەڵێم وەرن، نایەن بە قسەم ناکەن.

کەمێک راوەستا، ئەوجا بەردەوام بوو:

– پێوەندیمان لەگەڵ هەموو ناوچەکان پچڕاوە، نازانم چییان بەسەر هاتووە.

– ئەگەر ئەوان خەریکی مقاوەمەتن، قەیدی چی دەکات، هەوڵ بدەن با یارمەتییان بۆ بنێردرێ.

– مقاوەمەتییە چی؟ مقاوەمەت مقاوەمەت..

دەستێکی بۆ چیاکەی پشتەوەمان درێژ کرد.

– کێ دەڵێ ئێستا ئەو لووتکانە پڕ نین لە سوپا.

وتم:

– ئەو شوێنانە سەر سنوورن، تا ئێستا نەک سوپا، پێشمەرگەش بۆ وێندەر پاشەکشەی نەکردووە.

– تۆ چی دەزانی، کێ دەڵێ بە هەلیکۆپتەر دانەبەزیون یان ئەوەتا سوپای ئێران خۆی بۆمان دانەموسەکاندووە، خۆ ئەوانیش ئەگەر بمانگرن یان تەسلیمی عێراقمان دەکەنەوە یان دەمانبەنە ئۆردوگاکانی خۆیان.

– ئاخر ئەو شوێنانە پڕن لە ڕەشماڵ و خەڵکی مەڕدار، ئێستاش هەر لەوێن، دەکرێ زۆر شتی پێویست بۆ وێندەر بگوازرێنەوە. چەکی زیادە و ئێزگە و دەزگاکانی چاپەمەنی با لە چاڵان دەرکەین و بیانبەینە لای ئەوان.

قسەکەمی بڕی:

– تۆ هەر لە خۆتەوە قسە دەکەی.

– لە خۆمەوە نییە بەڕاستیمە.

– لە کاتی تەنگانەدا گیانی چەند کادیرێک لەو شتانەی تۆ باسیان دەکەی گرینگترە. ئێستاش من لە غەمی دەچواندنی ئەوان دام نەک کەلوپەل.

– لەم بارودۆخەدا کادیری بێ چەک و ئێزگە و بێ جەماوەر بە کەڵکی هیچ نایێ.

بە بێزارییەوە:

– من چی دەڵێم ئەو چی دەڵێتەوە!.. کێ دەزانێ ئەم پشتەوەی ئێمە بەدەست دوژمنەوەیە یان نا؟

لەناو خۆماندا زۆر تووڕە بووم.. وەڵامم دایەوە:

– ئەو پشتەوە و لەوێش بە پشتەوەتر بەدەست هیچ کەسەوە نییە جگە لە کوێستانچییە ئاوارەکان.. ئەی سەد خۆزیا..

لە حەژمەتان قسەم پێ نەکرا، لە "تەنگانان چۆن دەبێ ئاوها بشێوێن؟ جگە لەوەش چۆن دەبێ هەموو ئیش و کار لە دەستی یەکێکی پیر و شێواو و ماندوودا کۆ بکرێتەوە؟" ئەو پرسیارانە لەنێو مێشکم پەنگابوون؟

کەمێک لێی دوور کەوتمەوە، لە دەرەوەی خێوەتەکە هاوڕێ جەلال و ئەبونادیا و ئەبوداود ڕاوەستا بوون. لەبەر وانەوە ڕاوێژ خەریکی بەستنی ڕەختەکەی بوو. کەمێک بە دیاریەوە وەستام:

– بۆ کوێندەر خۆت دەبەستی؟

– ئاوڕێکی لێ دامەوە و بە تووڕەییەوە رووی وەرگێڕا:

– دەچمەوە خوارێ لای برادەران.

– هەر خۆتی؟

– بە تەنیام.. چ ئیشم بە خەڵکی ترە؟ هەر کەسە و ویژدانی خۆی..

بەهێواشی رۆیشتە خوارەوە تا لە تارماییدا لە بەرچاوانم توایەوە، گوێم لە خشپەی پێیانی بوو.

ئەبوداود پرسی:

– بۆ کوێ چوو؟

وتم:

– گەڕایەوە لا هەردی و ئەوانی تر.

– خەندەیەک گرتی:

بێ ئیلتیزامە.. گێلە وا دەزانێ بەدوو تەقەکردن کێشە چارەسەر دەکرێ.

رووخساریم نەدەدیت، هەر گوێم لە دەنگی دەبوو، دڵنیا بووم کە ئەویش خێسە پڕ قینەکەی من نابینێ. دەنگی نەکرد.

هەر لە شوێن خۆم پاڵم دایەوە و هەوڵم دا خەوم لێ بکەوێت.

دوو رۆژ و شەو ماینەوە. شوێنەکەیان ناو ناوە "حەمرین". هەڵبەت ئەوە ناوی ئەو شوێنەیە کە بەردەوام هاوڕێ ڕابەر لێی دەگیرسێتەوە. واتە شوێنی سەرکردایەتیی حزب.

"حەمرین"ی بێ چارە لە پێدەشتەکانەوە هێدی هێدی بەرەو هەوراز هەڵی دەکێشن و پاشەکشەی پێ دەکەن. بەو پێیە بڕوا زۆر ناخایەنێ لەودیو

سنوور له ئاوارەییدا دەیبینین.. ئەمە پرتەی سەر لێوانم بوو.

مەلا محەمەد گوتی:

– چەند ماندوو بووم تا ئێوەم دۆزییەوە:

هاوڕێ ڕابەر:

– بۆچی نەتدەزانی لێرەین؟

– من هاتمە حەمرینی پێشوو، واتە پێش حەفتەیەک. گوتیان لە سەرووەترن، دوو شوێنی تریشم کرد ئەوجا بۆم دەرکەوت حەمرین گەیشتووەتە ئێرە.

لە کاتی ڕۆیشتندا دەشەلێت. دووجار بریندار بووە. جارێک لە شۆڕشی ئەیلوول و جارێکی تر لە کاتی هاوکاریکردنی کوردستانی ئەودیو بەر تۆپ کەوتبوو. فەرماندەیەکی پێشمەرگەیی بەتوانایە. ئەم دواییە لە ئیش و کار دوور خراوەتەوە سەرباری هەندێش هەر خۆی لە گیروگرفت هەڵدەقورتێنێ. دەستێک بۆ لووتە پانەکەی دەبات و جارێک سمێڵە زلەکانی پان دەکاتەوە: چی بڵێم لالۆ.. زۆرمان ڕێستووە بۆیە ئێستا هیچمان لە بەردەستدا نەماوە.

– یەعنی تۆش هەست بەم نالەبارییە دەکەی؟

– ئەی خۆ گێل نیم.. کوێریش نیم تا نەبینم.

کچەکانی "تارا" و "ڕۆشنا" دێنە لای.. تارا تۆقەی لەگەڵدا دەکا. بەڵام ڕۆشنا باوەش لە ملی دەدا و ماچی دەکات:

– باوکە گیان زۆر بۆت نیگەران بووین.

– دەزانم.. بەڵام پێشمەرگایەتی نیگەرانی هەڵناگرێ.

ڕۆشنا:

– ئەی دڵزار نەهات.

– ئەو لە خوارەوە لەگەڵ برادەران ماوەتەوە.

دڵزار تاقە کوڕیەتی ئەم هەرسێک منداڵەی پاش بۆردمانی هەڵەبجە رایان کردبوو، هاتبوونە لای، کاتێک منداڵەکانی دەبینێ، لێیان دەپرسێت:

– ئەی دایکتان بۆ نەهاتووە.

رۆشنا:

– دایکمان دابڕاوە.. گوتیان بەرەو سلێمانی رۆیشتووە.

– خۆ هیچی بەسەر نەهاتووە؟

– زۆر پرسیمان و گەڕاین، هیچ خەبەری ناخۆشمان لەسەر نەبیست، ئێمەش دابڕاین و نەمانتوانی یەکتر بگرینەوە.

مشکییە رەشەکەی سەری هێنایە خوار و دەستێکی بە پرچی داهێنا. بە پەنجە ئارەقەی نێوچاوان و بناگوێیانی خۆی سڕییەوە. جارێکی تریش لووتە پانەکەی خۆی هەڵپشاوت.. ئەمە جووڵەیەکی دەم نا دەمە دەیکا. ئەوانەی لە نێزیکەوە دەیناسن پێش هەموو شتێک ئەوەی لەسەر دەزانن:

– لالۆ چۆن لەم نەبەردە دەگەی؟

گوتم:

– من خەریک بووم لە تۆ بپرسم.

دەمی بەش کردەوە و نەرم پێ کەنی:

– پێشمەرگە زۆر دڵسارد بووە.

برۆکانی خۆی کەوانە کرد و دەموچاوی خۆی لێک کێشایەوە:

– خەڵکیش وا دیارە زۆر ترساون و پەیتا پەیتا جێگە چۆڵ دەکەن. هەقیشیانە بترسن. ئەم حکوومەتە زۆر دڕندەیە و شەڕی لەناوبردنی یەکجارەکی دەکا.. برا لە دار و بەردی ئاگر داوە. لە لایەکی تریش ئەوەی

چەند ساڵە بە خەڵکی دەڵێین، وا خەریکە بەراواژو دەردەچێ. بۆیە پێم وایە گوزارمان بکەوێتە ئەودیو. ئەودیویش لەمەودوا هەڵوێستی وەک جاران نابێ، خراپ بوو خراپتریش دەبێ، خۆ بۆ من دنیا دەبێتە کونەمشک، من لەودیو قاچاغم و دیاری بۆ سەرم دادەنێن.

گوتم:

– بڵێی لایەنەکانی تر داڵدەت نەدەن؟

– نا، پێش ئێستا سووکە پرسێکمان پێ کردوون. دەڵێن لەم بوارەدا ناتوانین. ناهەق نین لەسەریان گران دەکەوێ.

– ئەگەر ناچار بووین ئێمە دەتشارینەوە. ئەو توانایەمان هەیە.

وتی:

– بەتەمای خوا..

کاروانێکی تر بە رێگەکەدا هەڵدەچوون، پیاو و ژنەکان بە پیادە دەڕۆیشتن و هەندێکیشیان منداڵی ساوایان لەسەر قەڵاندۆشکان، یان بە کۆڵەوە بەستبوو، باریان بە وڵاغ بار کردبوو وێ دەچوو چەند پەتۆیەک و کەمێک خۆراک بێت.. بە دوایاندا چەند کەسێکی تر ملی هەورازیان گرتبوو. برینداڕێکیان لەسەر هێستڕێک دانابوو یەکێک لە پشتەوە گرتبووی. کەمێکی تر رۆیشتن ئەوجا راوەستان و یەکێک بە پرتاو بەرەو لای بنکەکەی ئێمە شۆڕ بووەوە. کە گەیشتە لامان هەناسەبڕکە گرتبووی بەدەم راوەستان و پشوو خواردنەوە پرسی:

– ئەرێ کاکە دوکتۆرتان لەگەڵدا نییە؟

رەوەند وەڵامی دایەوە:

– نا وەڵڵا.. کوێی بریندار بووە؟

– رانی.. شکاوە.. خوێنیشی ناوەستێ، دەترسێن نەگاتە ئەودیو..

– لە کوێ بریندار بووە؟

– لێرە لە شێخانۆک.

ئیتر نەوەستا و بەرەو لای برینداره‌کە گەڕایەوە. دوور بەدوور تێی گەیاندن، هاوەڵەکانی لەسەری نەوەستان و تا دەگاتە کنیان، ملی ڕێگەیان گرت، ئەویش بەدوایاندا ملی نا.

ڕۆژنامەیەکی بەدەستەوە لوول دابوو. پرسیم:

– هاوڕێ ڕەوەند ئەوە چییە؟

– ڕۆژنامەی خۆمانە.. گفتوگۆیەکی هاوڕێ ڕابەری تێدایە.

– ئاها.

– زۆر قسەی بەهێزی کردووە. پیاوێکی لێهاتووە. دوایی دەتدەمێ بیخوێنەوە،. حەتمەن دەبێ بیخوێنیتەوە..

پێش ئەوەی وەڵامی بدەمەوە، هاوڕێ ڕابەر و ئەبونادیا و ئەبوداود لە خێوەتەکە هاتنە دەرەوە و بە چەند شەقاوێک گەیشتنە لامان.

هاوڕێ ڕابەر هەردوو دەستی نایە بن هەنگڵی:

– ڕۆژنامەت خوێندووەتەوە؟

وتم:

تازە بەدەست هاوڕێ ڕەوەندەوە دیتم.

بیخوێنەرەوە زۆر شتم گوتووە.

پێ کەنیم، کەمێک مات بووم:

– پێش ئەوەی دەرچێت خوێندوومەتەوە، چونکە من خۆم..

– ڕاست دەڵێی، خۆت گفتوگۆکەت لەگەڵ کردم، سەرقاڵم و شتم لە بیر نامێنێ.

سەفەری پێشوو، کە هاتمە سەرکردایەتی ئەم گفتوگۆیەشم لەگەڵ ئەودا ڕێک خستن و بەنامەیەک بۆ شاخەوانم نارد، ئەویش لە هەمان ژمارەدا بڵاوی کردووەتەوە.

ئەوجا رووی کردە مەلا محەمەد:

– یوسف لەگەڵ تاقمێک پێشمەرگە پاشەکشەیان کردووە. دەڵێن هەردی گوتوویەتی ناکشێمەوە و سەرپێچیی لە بڕیارەکە کردووە. بەهەرحاڵ ئەمشەو ئەگەر بکرێ پێش تاریک بوون، لێرە دەڕۆین، جێگەی دواییمان دەکەوێتە سەر سێ گۆشەی سنوور کەمێک بەلای تورکیادا.

چیی تر لەوێ نەوەستام، بەرەو لای شاخەوان چووم، کەمێک لە سەرەوەی ئێمە بە تەنیا دانیشتبوو:

– حەفتەیەک بەر لە ئێستا دوا ژمارەی ڕۆژنامەکەمان چاپ کرد، بەڵام هەر لەناو باردا بووە، دیارە ئێستا چەند ژمارەیەکیان دەست کەوتووە.

– بیستت، هاوڕێ ڕابەر چی گوت؟

– وەڵامی دامەوە:

– ئەدی.. دیارە دەیەوێ پێشبڕکێ لەگەڵ خەڵکی ئاوارەدا بکات.

ڕەوەندیش هاتە لامان. شاخەوان بەردەوام بوو:

– ئەم میللەتە ئاوها ڕابەرایەتی کراوە بۆیە لە کاتی تێ شکاندا کەس ناتوانێ پێیان بڵێ خاکەکەت بەجێ مەهێڵن. ئەوە دەڵێن"

"ئەگەر مەلا بترێ جەماعەت حەقیەتی بفڕێ"

ڕەوەند کەمێک بە گرژییەوە:

– ئێـوه بۆ هەر خـۆمـان دەبین. دەفـەرمـوو لایەنەکـانی تر کـامـیـان سەرکردەکانیان لەناو شەڕدان، هەریەکە حەوت قۆناغ ڕێگە لە خەڵک دوورن. چاک نییە ئەوانەی ئێمە هێندە تەحەمول دەکەن تا کارەساتەکە دەقەومێ.

گوتم:

– دوای نسکۆی شـۆڕشـی پێـشـوو، زۆربەی خـەڵک بەدوای دۆزینەوەی جێگرێکی باشتر دەگەڕان و دەیانویست جارێکی تر ئەو کارەساتە دووپات نەبێـتـەوە ئێـمـەش بەلای خـۆمـانەوە وامـان دەزانی باشـتـرین جـێـگرمـان هەڵبـژاردووە، بۆیە ئێـستـا بەخـۆمـان نادەین کەمـوکوڕییـەکـانمان، یان با روونتـر بڵـێم لێنەهاتووییمـان بەهی خـەڵکی بقـرسـێندرێ، ئەگـەر لێی ورد بیتەوە، قووڵاییی کارەساتان لەوەدایە..

زیاتر هەڵچوو:

– ئەوان دەستی بێگانەیان گرت و تا قـووڵاییی وڵاتیـان برد. بەداردەسـتی بێگانە تـا توانییـان سـووکـایەتییـان بە خـەڵک کرد و ئـازاریان دان.. چ بڵێم ئەوان قەت حیسابیان بۆ خەڵک نەکردووە.. کوڕە بەقەد گونی خۆشیان ڕێزی رای جەماوەریان نەگرتووە.

– حەز دەکەم لە قسەکانم ورد بیتـەوە لێنەهاتوویی خۆمان بەکەموکوڕیی ئەوان مەشۆ، ئێمە ئەوان نین، گوایە پرۆژەی پێشنیازێکی تازەین..

ئەستێرە بە باوەشـێک چیلکەوە بەلامـاندا بۆ لای ئاگردانەکە شـۆڕ بووە، ئاوڕێکی لێمان دایەوە و بەنیوە خەندەوە ددانە زلەکانی گڕ کردەوە:

– بەخوا سەد ساڵی تریش موناقەشە بکەن ناگەن بە هیچ..

توند قـاقـایەکی کرد و لێمـان ون بوو. هەر لەوێوە بەهـار بەرەو لامـان هـات. بانگی کردم بەشەرمەوە گوتی:

– چیت کرد.. ئەرکی برایەتیت بەجێ بگەیەنە.

– هەر ئێستا هەوڵێک دەدەم بزانین چیمان بۆ دەکرێ.

هەر لەوێوە راست چوومە لای هاورێ رابەر، بەسەری پەنجە لە خێوەتەکەم دا.

– کێیە؟ فەرموو.

– منم، هاورێ ئەگەر وەختت هەبێت؟

چوومە ژوورەوە. پەتۆیەکی راخستبوو و یەکێکی نابووە ژێر سەری. لەولاتر درەخشان نووستبوو. لە سووچێکی تر ئەبوداود خەریکی خوێندنەوەی نامەیەکی درێژ بوو.

– ها خێرە ئینشائەڵڵا؟

وتم:

– هاورێ بەهار تەندروستیی بەرەو خراپییە. وێ دەچێ منداڵبوونی هەبێ. جا ئەگەر رێگە بدەی من رەوانەی ماڵی خۆمانی دەکەم.

– ئەی ژنەکانی تر چ لێ بکەین؟ ئەوانیش وەزعیان هێندە باش نییە.

– ئەمەیان زیاتر مەسەلەیەکی تایبەتییە. خۆم دەتوانم یارمەتیی بدەم. هیچ گرانایی ناخەمە سەرتان. بۆ ئێوەش بارسووکییە.

– وا بیر لەوە دەکەینەوە هەموویان راگوێزین. پێی ناوێ خۆت ماندوو بکەیت.

ویستم هەڵستم، گوتی:

– وەرەقەکانت سەیر کردووە.

– بەڵێ ئامادەن؟

– لە من جیا نەبیتەوە.

پێش ئێواره. هاوکات لەگەڵ چڕتربوونی بۆردمانی ناوچەکە، خێرا خۆمان پێچایەوە و بەرەو شوێنی دیاریکراوی تر رۆیشتین. ملی ئەو هەورازەمان گرت کەوا سێ رۆژە و تاکو ئێستاش خەڵک پێیدا هەڵدەزنن و بەرەو ئێران رادەکەن. لە هەڵکشاندا لەگەڵ تاقمێک پێشمەرگە تێکەڵ بووین کە زیاتر لە سی دیلی سوپای دوژمنیان پێ بوو، بەرەو پشتەوەی بەرەکانی شەڕ دەیانبردن. هەموویان سەربازی شڕ و شەپرێو و جل بە چڵک و دڕاو بوون، ئێش و ئازار و بێزاری بەدیمەنیانەوە هاواری دەکرد. لە یەکێک لە پێشمەرگەکانم پرسی:

– ئەوە بۆ هێندە شەپرێو بوون؟

– هێندەی کوردستان وێران بکەن.. هەر ئەوانەن ژەهر بەسەر گونداندا دەبارێنن.. ئەگەر لێم گەڕابان هەر لەوێ دەمکوشتن.

– کوردیان لەگەڵدایە؟

– کورد زۆربەیان جاشن و کەمتر بەر دەست دەکەون، ئەوانە هەموویان عەرەبن.

ئەوەی راستی بێت هەستم بەشەرم کرد کە ئێمە لەگەڵ سەرکردایەتیدا رادەکەین و لە تەک مانەوە کۆمەڵێک پێشمەرگەی دیل بەرەو دواوە دەکێشنەوە.. لەپێشمانەوە ژنێک دەڕۆیشت منداڵێکی بچووکی لە کۆڵ قایم کردبوو. گۆلکێکی ساوای لە ئامێز کردبوو و مانگایەکیش بەدوایدا دەڕۆیشت، دیارە مانگاکە لە رێگە زا بوو گۆلکەکە توانای بەڕێگەدا رۆیشتنی نەبوو. رێگەی ئێمە زۆر لە خەڵکەکە جیا بووەوە و تەواو بەسەر سنووری تورکیا بووین. مەلا محەمەد دەستی خۆی درێژ کرد:

– لە هۆو رووبارەی خوارەوە بەوبەر تورکیایە.

– بەرامبەریشمان بەودیوی چیاکەدا ئێران بوو، ئەو شوێنەی کە لێی

وەسـتـابووین عـێـراق بوو. جگە لەپێـشـەوە. بەرەو دواوە هـەریـەک بچین پاش چەند سـەعـاتێک دەگـەینـە گوندێکی کوردەواری کـە هیچ جـیـاوازیی لەگـەڵ خۆمـان نییە، بەڵام هـێڵێک لە ئێمەی جیا کردووتەوە و سـەربازی یەکێک لەو دوو وڵاتە پێـشـمـان پێ دەگـرن و لەپشـتـمـانەوە سـەربازی عێراق خـەریکی وێرانکردن و سـووتاندنی تەڕ و وشـکن. وێ دەچوو تازە هەسـتم بە قـووڵاییی ئەو کارەسـتـانە کردبێ کە ئەم مـیللەتە تیـایدا دەژیـت. هەندێک رووداو هەر چەند لە ژیانـی مـرۆڤـدا کـەم دێنە پێش. بەڵام بەقـەد درێژاییی تـەمـەن مـرۆڤ ورد و ناسـک دەکـەنەوە. وای لـێ دەکـەن بـەخـۆیدا بگەڕێتـەوە و زیاتـر لە برینەکـانی گـیـانی، ئـەو برینانـەی کـە رووداوەکـانی مـێـژوو بە ناهـەق لە جەستەیان خستووە ورد بێتەوە.

لە لای زۆمـێکی رەشـمـاڵان دامـان کوتا. رۆژ ئاوا بوو بەڵام هـێشـتـا دنیـا تاریک دانەهاتبوو. دوو جۆگەلە ئاوی گەورە لە دوو لاوە تێکیان دەکردەوە و دوو شەلەگەی گەورەی ئاو لە شوێن تێککردنەوەکەدا دەبوونە دەسـتە ئاوێکی گەورە و سارد.

گیـا لە لێـواری شـەلەگـەکاندا روابوو. هـەوایەکی فێنکی مـەیلـەو ساردی دەهـات، پیـاوەکـانیـان لەبەر مـەڕ بوون، تـەنیـا ژنەکـان لە مـاڵ مـابوونەوە. بەگەرمی پێشـوازییان کردین و نان و ماسـتێکی زۆریان بۆ هێناین، چایەکی خـۆشـیـشـیـان بـۆ لێ ناین. لەپاش مـاندووبوون، لە کـوێسـتـانان خـواردنی مـاستی مـەڕ و چای گـەرم تامێکی تایبـەتی هـەبوو. لەو رەشـمـاڵەی ئێمـە لێی دانیشتبووین پیرەژنێکی بەساڵداچوو چای بۆ تێ دەکردین:

– کوڕم یاخوا بەخێر بێن.

وتم:

– ماندووتان دەکەین... زەرەری زۆریشتان لێ دەدەین.

– نا كوڕم بەنانخواردنی نگۆ رزقی مە زیاد دەبێ.. پێشمەرگە زۆر لەمێژە بوونەتە لایەکی ژیانی ناو ماڵمان.

بەدەم چا تێکردنەوە و بەبێ ئەوەی تەمـاشـامـان بكات، لەبەر خـۆیەوە دەیگوت:

– داکتان بمرێ... چەند بێ مرادن، هەر رۆژە و لە جێیەکن، ئەو دوژمنەش بەو بێرەحمیە بەدواتانەوەیە.

دوو ژنی جحێڵ لە بەردەمی رەشماڵەکە خەریکی قاپ شوشتن بوون. بەدەم یەکترییەوە قسەیان دەکرد و پێ دەکەنین.

وتم:

– پوورێ خەڵکی کام ناوچەن؟

– کوڕم لێرە لەو سەر سنوورانە دەبێ بپرسی خەڵکی کام وڵاتن.

دوایی هەر خۆی وتی:

– ئێمە خەڵکی ئێرانین، ئی لای دەشتەبێلێین، نێزیک شنۆ.. ئەویش ئەوە دەڵێن سەربازی ئێرانی نایەڵن بگەڕێینەوە. دەڵێن سنوورتان بەزاندووە. یەک دوو پیاومان بەدزی ناردوونەوە کارەکانمان بۆ چاک بکەن. ئاخر بەناشوکری نەبێ ئەمساڵ ئەمدیوە یەکپارچە بووەتە ئاگرباران.

کەمێکی تر بە شووشتنەوەی ئیستکانەکان خەریک بوو، پشوویەکی هەڵکێشا و بەردەوام بوو:

– پێشمەرگەی دیوی خۆشمان لێرەن. زوو زوو دێنە لامان.. هەندێکیان ئی لای خۆمانن و شەوانە هەر لێرە دەنوون.

هەموومان پاش نانخواردن لە رەشماڵەکان هاتینە دەرەوە، لە دوو بەری جۆگایەکە دانیشتین، پێشمەرگە ئافرەتەکان لە سەرەوەی ئێمە خەریکی

شـووشـتـنـی قـاچ و دەمـوچاویان بوون. ئەنـدامـانـی سـەرکـردایەتـی هـەمـوویان گـەیشـتبوونـە ئـەوێ. تەنیـا تاقمێک پێشـمـەرگە لەگـەڵ هـەردی مابوون و شـان بەشانی لایەنەکانی تر مقاوەمەتیان دەکرد.

لەسـەر لێوی جۆگاکـە و کـەمێک دوور لە ئێمـە، هـاوڕێ ڕابەر هـەمـوویانـی بەدەوری خـۆی کـۆ کـردەوە. نیـو سـەعـاتێک قـسـەیان کـرد. ئێـمـە هـیـچـمـان نەدەبـیـسـت. دەمـامــەیەک لـە کـۆبـوونەوە تەواو بوون، بـانگی ڕەوەند و چـەند پێشمەرگەیەکیان کرد:

– بە هـاوڕێیـانـی ئافـرەت بڵـێن بڕیاری حـزبە دەبێ ئـەوان بەرەو ئێـران بکشێنەوە و چەکەکانیان لێ وەربگرن.

دوو سێیەک لە ئافرەتـەکان بۆڵاندییان و هـەندێکیـشـیـان دەسـتـیـان بەگریان کرد. ئەستێرە پەلکێشی دەکرد چەکەکەی بەدەستەوە نەدات:

– من دەمەوێ هاوڕێ ڕابەر ببینم، من بەم بڕیارە ڕازی نیم.

هاوڕێ ڕابەر:

– من وەختـی ئـەوەم نییە تۆ ببینم، چەکەکـەت بدە و ماندوویان مـەکە، دەنا بەتۆبزی لێت دەستێنن.

ئەسـتێرە دەسـتـی کرد بە گـریان، چەکەکەی فڕێ دایە سـەر ئـەرز و خۆشـی دانیشت و بەگریانەوە لاقی لە خۆڵ دەکوتان:

– من نامەوێ چەک دابنێم.. من تواناى مانەوەم هەیە..

کـەوتنە پێـچـانـەوەی نان و دوو پێـشـمــەرگـەیان ئامـادە کرد تاکـو لەگـەڵ کـابرایەکی قـاچاغچی ژنـەکان بگەیـنـنە یەکەمین گوندی دیوی ئێران. کـاتێک لەدوای بنکەی (حـەمرین) بەرێ کـەوتین رادیۆیەکی گـەورە لەو کەوتبـوو، هـەڵم گرتەوە و لـەگـەڵ خـۆمدا هێـنام. هێندە نوێ بوو دڵم نـەهات جێی بهێـڵم. بە شـوێن تاشـە بەردێکی پاندا دەگەڕام تاکو لەسـەر پاڵ بدەمەوە. مـیلی مەوجی

رادیۆکەم دەگێڕا هەر چەند وەختی هیچ دەنگوباسێک نەبوو. کەوتە سەر بەغدای کوردی، گۆرانیی دەگوت:

شلێره وای شلێره

بۆن خۆشه وەک کنێره

شلێرم چەنده جوانه

له بەگزادەی هەولێره

– خۆشه خۆ.. دەنگی بدەرێ.

مەلا محەمەد بوو. له جۆگاکه پازی دایه لای ئێمه و به پێوه:

– بڕیارێکی خراپ نییه.. با ژنەکان بڕۆن چونکه هەر ڕووداوێکی بەپەله و به ئازار ڕوو بدا. ئەوانمان له لا نەبن باشه.

دوور بەدوور دەستم بۆیان رادەوەشاند و مالاواییمان لێیان دەکرد:

– بەخێر چن.. دڵنیا بن زوو بەفریاتان دەگەم.

شاخەوان بەسەر لێوانەوه گوتی:

– ئەگەر زوو بەفریای بگەیت لەوانەیه منداڵی داهاتوومان ساغ دەرچێ.. ئەم شتانه بەلای ژنانەوه زۆر گرینگن.

– دنیا تاریک داهات تەنیا به ئاگری جگەره دەکرا دەستنیشان بکەیت لەوێ خەڵک دانیشتوون. پەڵه هەورێکی پان بەری مانگی گرتبوو.. سەر سەرمان وەک چرە دووکەڵی دوای تەقینەوەی تۆپ وا بوو، جار جار بریسکێک چەرخی لێ دەدا، دەتوت تروسکی ئەستێوبەردی دێوی ناو ئەفسانەکانه له پشتێری ئەشکەوتێکی تاریکدا ئاگر دەکاتەوه..

– مام حەمەدەمین داستانی دێوان ڕاستن؟

– نا کوڕم ئەو داستانانه وێژەری ئێش و ئازاری میللەتەکەمانن. ئێستاش

لەم زەمانە دیمەنی ئەوتۆ دەبینی لە هی دێوان دزێوترە.

– کوا؟

– ئەتۆ منداڵی و هەست پێ ناکەی... راوەستە بەشی تۆ دەمینێ.

لە منداڵیمدا ئەم دەمەتەقەیەم لەگەڵ مام حەمەدەمین کرد.

لە کەلێنی چەند شوێنێکی هەورەکە تریفەی مانگ دەرچوو، گردەکەی پشتەوەی ئێمەی رووناک داهێنابوو، پەتۆیەکم وەرگرتبوو:

– شاخەوان لەگەڵ من نانویت؟

– پەتۆت وەرگرتووە؟

– بەڵێ.

– وا هاتم.

هەردووکمان پەتۆکەمان، بەخۆمان دادا، چاوم نایە سەریەک و هەوڵم دا خەوم لێ بکەوێت. شنەبایەکی فێنک لە مۆڵگەی مێگەلی زوومەکەوە دەهات و توێخێک تەپ و تۆزی بەدەموچاومان دەدا. بۆنی پشقل و میزی مێگەلەکە کاسی کردبووم، وام هەست دەکرد گەرووم بە قوڕی ئەو تۆزە پەچناوە، جار جار پاسەوانی شوێنەکەمان یەکێکی دەنگ دەدا:

– کێی زەلام.

– خۆمانین.

تاقمێک پێشمەرگە بوون کە بە پاشەکشە گەیشتبوونە لامان. پاش دەمێکی تر لە زیندەخەو دابووم، پاسەوانی ئەو سەعاتە دەنگی هات:

– ماندی نەبی.

– خۆش بیت کاکە.

– (قف اگل لک) ماندی نەبی.

– دەنگێکی مەنگ لە تاریکاییەوە وەڵامی دایەوە:

– ئێ دەخۆ بی برام.. ئەوە کەی ماندوونەبوون کردنە؟

شاخەوان سەری بەرز کردەوە، دیار بوو پاسەوان گۆڕدرا بوو. ئەوەی ئێستا پێشمەرگەیەکی عەرەب بوو، بە عەرەبی بانگی کرد:

– هاورێ چیی تر تێیان مەخورە و تفەنگیان لێ ڕامەکێشە، هەر لە خۆمانن. هەر بەبن پەتۆکەوە گوتی:

– ئەم برادەرە تازە لە دەرەوە هاتووە و تەنیا شەش وشە کوردی فێر بووە.

کێ زەلام – خۆمانین.

ماندی نەبی– سەلامەت بی.

چۆنی – باشی.

وا دیارە شوێنی بەکارهێنانی وشەکانی لێ تێک چووە. هەر بە ئاگا بووم، بەڵام سەرم خستبووە ژێر پەتۆکە. یەکێک بەسەر سەرمەوە بەهێواشی بانگی کردم:

– هەڵسە.

بەهێواشی راست بوومەوە و پەتۆکەم لە شاخەوان هاڵاند. دیار بوو خەوی لێ کەوتبوو:

– بەڵێ.. هاورێ جەلال تۆی؟

– خەوتبووی؟

– نا.. زەحمەت خەوم لێ دەکەوێ.

– هاورێ ڕابەر داوات دەکات.

کەمێک لە سەرەوەی ئێمە، ئەوان خەوتبوون. لایتی دەستی هاورێ جەلالم وەرگرت و سەیرێکی سەعاتەکەی خۆم کرد. دووی پاش نیوەشەو بوو. هاورێ رابەر بە پێوە وەستا بوو، رادیۆ بچکۆلەکەی بەدەستەوە بوو. جانتایەکی لەبەر لاقان دانابوو. قەمسەڵەکەی کردبووە بەری. لەولاتر درەخشانی خێزانی هەڵتررووشکابوو، زانیم مەبەستی رۆیشتنە. ئەندامانی سەرکردایەتی دەوریان دابوو. یوسف کەمێک دوور وەستابوو، بەژنیم دەدی بەڵام دەموچاوی روون نەبوو:

– ئامادەی؟

وتم:

– بەڵێ.

هاورێ رابەر و درەخشان لەگەڵت دێن.. دەمانەوێ رێگە بۆ خەڵکی تریش بشکێنین.

قسەکانی گازندەیان پێوە دیار بوو. لەوە دەچوو لەم پاشەکشەیە رازی نەبێت. هاورێ رابەر تۆقەی لەگەڵ هەموویان کرد.. کە تەواو بوو رووی تێیان کرد:

– هیوادارم بە زووترین کات بتانبینمەوە.

درەخشان خانیش خواحافیزیی لێ کردن، هەردووکیان سواری ولاغ بوون و منیش لەگەڵ ئاری کەوتینە پێشیان و دەستەیەک پێشمەرگەش لەگەڵمان هاتن. پرسیم:

– ئەوانە تا کوێندەر دێن؟

هەر یوسف وەڵامی دایەوە:

– تا سنوور، لەوێ ولاغەکان دێننەوە و بەجێتان دێڵن.

هەورەکە وردە وردە تەخش و پەخش دەبوو، کەلێنی زۆر تێ کەوتبوون و مانگ لە دەرزەکانیەوە تیشکی دەخستە سەرمان. هەورازی یەکەممان بڕی. قەد بەقەدی سنووری تورکیا بەرەو ئێران ڕۆیشتین. لەسەر دوندی چیاکەوە بەرەو ئێران تا ماوەیەکی زۆر تەختانی بوو، زەمەندی کوێستان تاکو چۆکان دەهات. زەمەندەکە پڕ بوو لە جۆرە گیایەکی بە ئەستری کە بە بەلەکانم دەکەوت قاچەکانمی دەهێنایە خوران. ڕێگەکە شارەزا بووم.. جار جار کۆمەڵێک کوێرەڕێ دەگەیشتنەوە یەکتری و لەنێو تاریکیی شەودا خەریک دەبوو لێم تێکەڵ بن، بەڵام پاش هەڵوێستەیەک ڕێگە سەرەکییەکەم دەدۆزییەوە.

هاوڕێ ڕابەر ئۆقرەی نەدەهات لەوە دڵنیا نەبوو کە من ڕێگەکە بە باشی پێ بزانم، پرسی:

– تۆ ئەم ڕێگەیە باش شارەزای؟

– بەڵێ.. چەند جارێکی تر پێیدا هاتووم.

– ئاخر وریابە نەمانبەیتە ناو تورکیا.

– نا.. دڵنیابە.

– چەند سەعات ڕێگەیە؟

وتم: نێزیکەی نۆ سەعات.. نۆ سەعاتی دین دەگەینە یەکەمین گوندی ئێران.

– کام گوند؟

– گوندی "نوێ".

– لەوێ چی دەکەین؟

– ماڵی برادەرانی خۆمانی لێیە دەچینە ئەوێ. دوایی دەتانگوازینەوە بۆ

لای خۆمان.

– دەڵێن ئێرە چەند ڕێگەیەکی هەیە، کامیان ئەمینە بەوێدا برۆ.

کەمێک راوەستام هێسترەکەی لووتی بە شانمەوە نا و پرمەیەکی کرد. وتم:

– تۆ دڵنیا بە من لە ئیشەکانمدا وردم، دەشزانم ئێستا کێ بەرەو کوێ دەبەم.. ئێمە بە رێگەی (کانی خاسک)دا دەڕۆین. ئەویان لە هەموویان ئەمینترە، هەرچەندە کەمێک لەوانی تر دوورترە.

زانیم زۆر لەگیانی خۆی دەترسێ، جانتاکەی بەقەدی هێسترەکەوە کردبوو، درەخشان لەدواوە هاتە وەڵام:

– دە کابرا هێندە سواڵپێچ مەکە، ئەو ئیشی خۆی باشتر دەزانێ، تۆ بڵێی بمانداتە دەست پاسدارانی ئێران؟

قسەکانی بەلاتاو بوون و دیار بوو زۆر لە من دڵنیا بوو.

هاوڕێ ڕابەر:

– تۆ حسابی خۆت هەیە و منیش حسابی خۆم دەکەم.. سەرکردەی حزب نابێ قەت بکەوێتە دەستی دوژمن و لە تەنگانەش پێویستە بۆ شوێنی قایم بگوازرێتەوە، هەروەک چۆن لە سوپادا پێویستە ئەفسەر بپارێزرێ، بەڵام سەرباز دەبێ شەڕ بکات. ئەگەر ئەفسەر نەمێنێ سەربازەکانیش هەڵدێن، یان خۆیان بە هیلاک دەدەن.. ئەی تۆ چەند ساڵە لە ئەنستیتوی حزبی شیوعی لە سۆڤیەت دەخوێنی چی فێر بووین؟

وام زانی رووی قسەکەی لە منە، گوتم:

– هاوڕێ من تا ئێستا لە هیچ شوێنێک..

قسەکەمی بڕی:

لەگەڵ تۆم نییە. مەبەستم ئەوە..

درەخشان:

– من لەوێ باسی ئەو شتانەم نەخوێندووە.

– چۆن دەڵێ نەمخوێندووە؟ ئەی ژیاننامەی لینینت نەخوێندووەتەوە، نازانین لە تێکشکانی ساڵی ١٩٠٥ – ١٩٠٧دا چۆن لە ڕێگەی فینلەنداوە ڕۆیشتە دەرەوە؟ ئەویش هەر بە شەو دەرچوو، بەڵام لە جیاتیی ئەوەی وەک ئێمە بە شاخاندا بڕوات، بەسەر پارچە سەهۆڵی قوتبی شیمالدا ڕۆیشت و لە چەند شوێنێک نێزیک بوو نقوم بێت.

– "سەیر بکە ڕێککەوتێکی چۆنە؟ ئەویش هەر بەشەو دەرچوو!"

دینا هێدی هێدی ڕووناک دادەهات، ئیتر تەواو پێش چاوی خۆمان دەدەیت. گەیشتینە ئەو سێڕیانە سەرەکییەی کە عێراقی لە ئێران جیا دەکردەوە و سنووری تورکیاشی بەو بەرەوە دیاری دەکرد، دوو دۆڵی بچووک دێنەوە ناو دۆڵێکی گەورەتر و هەردووکیان بەرەو ناخی دۆڵی خواکورک شۆڕ دەبنەوە، هەریەکە دەستە ئاوێکی ساردیشی پێدا دەهات. چەند هێسترێک بەبێ کورتان بەسترابوونەوە. لەوان بەولاتر بارەکانیان خسترابوون و یەکێک بەدیار ئاگرەوە دانیشتبوو، کترییەکی بچووکی لەناو گڕی ئاگرەکە دانابوو، بەدڵنیایی پرسیم:

– کاکە ڕێگەی کانیی خاسک سەربازی لێیە؟

– نا، کەسی لێ نییە.. من ئەمشەو بەوێدا هاتووم.

– ئەدی ئەو ماڵانەی ئاوارە بوون بەم ڕێگەیەدا ئاوای دیوی ئێران نەبوون؟

– کەمتر بێرەدا دێن، دەچنەوە ئەولا، ئەوێ نێزیکترە.

دەستی بۆ ڕێگەیەکەی بەری تورکیا درێژ کرد.

– لەوێ تورکیا ڕێگەیان پێ ناگرێ؟

– نا.. ئاوارە هەند زۆر بوون دەچنە ناو تورکیاش.

ئەوجا ئەو پرسی:

– ئێوەش ئاوارەن؟

ئاوڕێکم لە هاوڕێ ڕابەر دایەوە. وام زانی ئەم قسەیە کاری تێ دەکات کەچی زۆر ئاسایی بوو. من کەمێک بەشەرم داکەوتم.

هاوڕێ ڕابەر رووی کردە من:

– دەڵێ چی؟ ئەوانە بگەڕێنەوە؟

– مەبەستی تاقمە پێشمەرگەکە بوو.

– بەڵێ با بگەڕێنەوە.

ڕووناکی هێدی هێدی شوێنی بە تاریکی چۆڵ دەکرد، دۆڵەکە هێندە قووڵ و چیاکەی بەردەممان ئەوەندە بەرز بوو کە هەستمان بە شەبەقی ئاسۆ نەدەکرد، هەموو شوێنێک وەک یەک ڕووناک داهاتبوو، ئەستێرە گەش و پتەوەکەی بەری بەیانی هەر لە ورشەدا بوو، کەمێک مابوو پەڕەکانی لە لووتکەی چیا بخشێت، لە ئاسمانی لێڵ و سپیی بەری بەیانیدا ئەویش بەرەو توانەوە دەچوو. چۆلەکە پاساری و پەپووەسلێمانکە لەبەر پێماندا هەڵدەفڕین و بەجیک و هۆڕ لەسەر تاشە بەرد و بنچە گوێنیان هەڵدەنیشتن. دەستە ئاوێکی سارد و ڕوون وەک زەنگوڵ لە کەڤیە بەفرەکانی بەرپەسارەکە دەچۆڕایەوە و بە قووڵاییی دۆڵەکە بە قۆنگرە دەهاتە خوارێ. ئێمە چوار نەفەر ملی ڕێگەمان گرتبوو: من و ئاری و هاوڕێ ڕابەر و خێزانەکەی.. گرمەیەکی مەنگ یەک لەدوای یەک بەردەوام هێمنی و ئاسایشیی سروشتی ناو دۆڵەکەی تێک دەدا. لەگەڵ هەر گرمەیەک وام هەست دەکرد، هەوای ناو دۆڵەکە لەوپەڕی بەرزاییەوە بەخەستی دادەپەسترێتە خوار و گرانایییەکی

نادیار بەرەو رۆچوون فشارم دەدات. لەسەر پنجە گوێنییەکەی ڕووبەڕووم پاسارییەک هەڵنیشتەوە و لەگەڵ گرمەی هەر تۆپێک سەری دەبردەوە ناو هەردوو باڵی، دواجار ئۆقرەی نەگرت و هەڵفڕی.

ئاری گوتی:

– ئەم دۆڵە چەندە هێمن و چۆڵە، وا دێتە پێش چاوم بە هەمان ئەندازەش شلۆقە.

گوتم:

– لەم بەرەبەیانە پەشێوەدا کام دۆڵ و بن کام پەسار هەیە هێمن بێ؟

وەک هەمــوو کــات لە کــاتێکدا شــەرم تێکڕای دەمــوچاوی داگــرتبــوو خەندەیەکی بەنرکەی کرد.

گوتم:

– ئاری تۆ بوخچە نانەکەی لە کۆڵت قایم بکە و منیش جانتای هاوڕێ ڕابەر هەڵدەگرم.

درەخشان:

– هاوڕێ، منیش کۆڵەپشتێکم لایە و زۆریش گرانە، بزانە یەکێکتان هەڵی ناگرن.

ڕاوەستام تا گەیشتە لام. لێیم وەرگرت، جارێک هەڵم سەنگاند:

– چەند گرانە دەڵێی مسی تێدایە.

هاوڕێ ڕابەر ئاورێکی دایەوە و گۆچانەکەی دایە ژێر کەلەکەی:

– ئەمە چییە هێناوتە؟

درەخشان:

– هەندێ شتی خۆمە.

– شتی چی؟

– بۆ هێندە دەپرسیت پیاو، شتە و ئەی...

سەرە زلەکەی ڕاوەشاند:

– ئاخر نەدەکرا ئەم شتانە جێ بێڵی.. ئەمانە لە هەموو شوێنێک دەست دەکەون. ئاخر ئەم ڕێگەیە و کەلوپەلی ژنانە؟

کۆڵەپشتەکەیم لە شانم قایم کرد. هەرچەند زۆر گران بوو، بەڵام چارە نەبوو. ئاری لێم هاتە پێشەوە و پرکێشیی دەکرد بیدەمە ئەو، گوتم:

– با نانەکە بخۆین ئەوسا.

هەندێک ڕۆیشتین... ئیتر هیچ کاممان توانای قسەکردنمان نەما.. هەر قسەیەکی بەر هەوراز بەقەد لا بارێک پیاو ماندوو دەکات.. سەیرێکی هاورێ ڕابەرم کرد، وام دەزانی لە ڕێکردن پەرێشانە کەچی بە پێچەوانەوە زۆر باش دەڕۆیشت:

– من لە گەنجیدا وەک مار بەرێگەدا دەخشام.. جارێکیان لە هەولێرەوە دەهاتمە دەرگەڵە نازانم چەند خێرا دەڕۆیشتم، ئەوەندەم زانی کابرایەکی سەپان بانگی کردم:

– هۆی کاکە هۆی.

گوتم:

– هۆی.

– ئەوە چیت لێ قەوماوە وا غار دەدەی.

پێ کەنیم و گوتم:

– ئێستا چی وا کەمتر لەبەر ئەو کاتدا نیت؟

– نا ئێستا پیر بوومە، نابینی لە ترسی ڕێگە، ئەمجارە گۆچانێکم بەدەستەوە گرتووە.

کەمێکی تر بێدەنگ بووین. من لە پێشەوەیان دەڕۆیشتم، دنیا تەواو ڕووناک داهاتبوو، بەڵام هێشتا تیشکی خۆر بەر ئێمە نەکەوتبوو، چونکە ڕێگەکەمان بە نزاردا هەڵدەگەڕا. شنەبایەکی فێنک دەموچاومی سارد دەکردەوە و لە گەرمای ماندوویێتیی هەوراز بڕینمی کەم دەکردەوە کە لەژێر جلەکانم دڵۆپ دڵۆپ ئارەقی دادەچۆڕاند. لەبەر پەسارێک دانیشتین، بەقەدی پەسارەکەوە ئاو دەهاتە دەرەوە و مێرگێکی سەوز بەدەوریدا خەملی بوو.

– هاوڕێ ڕابەر وا بزانم چێشتانەمان بخۆین باشە.

– کەیفی تۆیە.

درەخشان:

– بەخوای من زۆر برسیم هەر بڕستم تێدا نەماوە.

هاوڕێ ڕابەر:

– جا تۆ کەی برسی نەبووی.

درەخشان:

– دەباشە پیاو، دایم لە هەل وەستاویت ئاخۆ من چی دەڵێم.؟

بەگرژی ڕووی خۆی وەرگێڕا.

یادی بەخێر "مەلا نەفتە" دەیگوت:

– ئەمن لە تەجرەبەی ژیانی حزبایەتیی چل ساڵەمدا قەناعەتم بۆ دروست بووە کە ژن هەر چەند هەتا ئەگەر لینینی بۆ لە تۆڕێک باوێی و لە پشتی ببەستێ.

دەمگوت:

– هاوڕێ مەلا، ئاخر ئەم قسەیەت لەگەڵ پێشکەوتن تێک ناکاتەوە.

– تێک ناکاتەوە بە گونم. هەتیم وڵاتی ئێمە فەلاحن فەلاح.

– هەن فەلاح نین.

– مەبەستت خۆتە؟

– نا من کوڕە فەلاحم، بەڵام سەرکردەکانمان..

قومێکی لە سیگارەکەی دەدا:

– بەدبەختیی ئەوان لەوەدایە نە قەلن و نە کۆترن.

خواردنەکەمان پەنیری قوتوو و نانی وشک بوو، لەبنە مەتارەشدا چایەکمان لێ نا. نەختێک شەکریشمان کردە ناوی هەموو بەیەکەوە کوڵا. پاشان هەریەک و چەند قومێکیمان لێی دا. بەدەم چای فڕکردنەوە هاوڕێ ڕابەر وەقسە هات:

– زۆر غەریبی منداڵەکانم کردووە.

درەخشان:

– منیش هەروا.

گوتم:

– هاوڕێ ڕابەر ئێستا ئەوان لە کوێن؟

– ئاراس و شیرین، هەردووکیان لە مۆسکۆن.

کەمێک پێ کەنی:

– هەردووک شەیتان و بزۆزن، ئەوی تریان لە ئەڵمانیایە مەبەستم فرمێسکە.

ئەوجا رووی کردە درەخشان:

– دەکەمـەوە یادی ئەو جارانەی کـە تۆش لایان بووی و من کە دەگەیشتمە وڵاتێکی جـیـا لە عێـراق، تەلەفـۆنم بۆتان دەکـرد، تۆ لە وەڵامـدا دەتگوت: تا دێیتەوە ماستەکە ئامادەیە.

من هەر لە دنیای دۆڵەکەدا بووم، گوتم:

– ماستی چی؟

– درەخشان کۆمەڵێک شووشە شیری زلی دەکڕی و دەیکردن بە ماست.

کـەمێکی تـر وەسـتـا ئەوجـا دەسـتی بەقسـەکردن کـردەوە، منیش بەسـەیری تەماشـام دەکرد، دەتگوت: هـاوڕێ ڕابەری جاران نییە:

– زۆر لە خـەمی فرمـێسک دام، کچێکی عـاقڵـە و ڕۆشنبیرە، کەچی مێرد ناکا. کەمێک سەختگیرە.. ئەوانی تر جێی خەم نین، شیرین هەر لە ئێستاوە لەگەڵ کوڕێکی فەڵەستینی بڕاندووتییەوە، ئاراسیش بە کەیفی خۆی دەکا، بۆ خـۆی لەگـەڵ کـچـە رووسـان تێک هاڵاوە، بەڵام ئەمـەیان چاوی لەسـەر کوردە، چۆن کوردێک..؟!

هەڵسـاین ملی ڕێگەمان گرت. پاش سەعـاتێک هەوراز بڕین گەیشتینە بن لووتکە، تیشکی خـۆر وەک کۆمەڵێک پرۆژەکتـۆری بەهێـز لەناو تاشـە بەرد و ڕەوەزە نووک تیـژ و قـاش قـاشـەکـاندا تێ دەپەڕێ. لە دوورەوە چاوم بە پیرەژنێک کەوت لەسـەر تاشـە بەردێکی زل دانیشـتبوو، پشـتی لە هەتاودا بوو. هەڵوەسـتـەیەکم کـرد، یەکسـەر بە مـێشکم داهات، ئەوە دەبێ شـێت بێ. بۆیە لەسـەر ئەو شوێنە بەرزە دانیشتووە، چونکە ماڵەمەڕدار دەشێ کەسانی تێکچوویان لەگەڵدا بن. هەرکە گەیشتینە تەنیشتی، سووک خۆی لە بەردەکە فڕێ دایە خوار و جگەرەکەی دەستی بە بەردەکە کوژاندەوە، هێندەی پـەنجە بەسەردا گرت تا فیچقاندییەوە. پێش ئەوەی من سەلامی لێ بکەم ئەو بەقسە هات:

– کورا من هنگ لکیرێ دێن؟

– له لای (پێربینان).

هەردوو چاوی تروکــانـدن و بێ ئەوەی بـەســەر خــۆی بێنـێ. شــێــوەی ئاخافتنەکەی کردە سۆرانی:

– ئەنگۆش هـەڵاتـوون؟.. وێ ناچـێ خـــەڵکی خـــودی پـێـــربـینان بـن.. قسەکردنتان له خوارتر دەکا.

– پێشمەرگەین پووری.

خێرا خێرا قسەی دەکرد، زۆر تامەزرۆ بوو:

– زۆر دەترسم، کـورەکـەم مـەڕی بردووەتـە ئەو دۆڵەی خـوارەوە. گـرمـەی تۆپـانیش لـەو نێــزیکه دێ. ئـەوە چەند رۆژە ئـێـمـــەش هەوار بەهـەوار بەرەو هەوراز هەڵدەکشێین، تا هاتینه ئێره، لێرەش بەرەو ژوورتر ئێرانه..

کەمێک وەستا و دەستی بەدەم و لیچە گنجاوییەکەی داهێنا:

– ناشـمـەوێ بچمـه ئێرانێ.. خوا غەزەب له خـۆم بگرێت، ئەمن کورەکانم هێنایه کـوێسـتـانـێ ئەگـەرنا ئەوان نەدەهاتن. داکـتـان بمرێ کـچـەکـانم له خوارێن و چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئێمە دەکەن.. خوا دەزانێ..

هاورێ ڕابەر و ئەوانی تریش گەیشتنه لامان، سەلامێکی ساردیان کرد:

– ها چی دەکەیت؟ بۆ ڕاوەستاویت؟

وەڵامم دایەوە:

– لەگەڵ ئەم پوورە قسە دەکەین.

پیرەژن:

– دەفەرموون کاکە، میوانی پیرێ بن، دەی دەی رامەوەستن.

گوتم:

– ڕەشماڵەکانتان لێرەوە نێزیکن؟

– ئادی، ئادی لەو گردۆڵکە بەودیوی دایە.

هاوڕێ ڕابەر:

– ماندووتان ناکەین و دەڕۆین.

– ماندووبوونی چی کاکە.. لەو چۆڵ و هۆڵەی خوا خوامانە هاودەنگەکمان بۆ پەیدا بێ.. شەکر زۆرە چای زۆرە ماستیش بەلاشە، هەر منەتی تێدا نییە. خوا دەکا ئەو شەڕە دەکوژێتەوە و چیی تر ولاتن لێ کاول نابێ، هەموو شت وەک کایە وایە.

گردۆڵکەیەکی بەگژوگیا بوو، لە پشتیدا چوار ڕەشماڵ هەڵدرا بوون، لیچکی ڕەشماڵەکان بە پەتی درێژ لە سینگی بەرز بەستترابوونەوە، دەوروپشتیان بە پێخوستی مێگەل و ڕەشەولاغ کوترا بووەوە، دوو گۆلک لەپشت ڕەشماڵەکان بەسترا بوونەوە، مەڕێکی پیریش سەری بە سنگێکی ڕەشماڵەکان کردبوو، دەم نا دەم پشمەیەکی دەکرد، جۆگەلە ئاوێک بە لێژی بەناو ڕەشماڵەکاندا دەهاتە خوارەوە و نیوە بەنیوە، کردبوونی بەدوو کەرتی لێک جیا. بەوبەر جۆگەلەکەوە سەگێکی گوێ پان بەقەد بەردێکی سپی نیوە لە گڵ ڕۆچوو، پاڵی دابووەوە، هەرکە ئێمەی دیت بەدەنگێکی گڕ پێمان وەڕی، پیرەژن:

– چەغە.. بۆگەنی.

سەگ لە شوێن خۆی مات بوو.

ئێمەی بۆ ڕەشماڵەکەی سەرەوە برد. بە پێشییەوە کەپرێکی بێ هەراش هەڵچنرابوو، بەولاتریەوە سێ کوچکەیەکی بەرز بۆ مەشکە ژاندن دروست کرابوو.

وەژوور کەوتین. نیوەی یەکەمی ژێر ڕەشماڵەکە دوو لاکێشی لبادی لێ ڕاخرابوو، نیوەی دووەم چەند کەسێکی لێ نووستبوون. تا دانەنیشتین جوان دیقەتم نەدایە نووستووەکان.

پیرەژن جارێکی تر بەخێرهاتنی کردین و بەدەم قسەکردنەوە کەوتە ئاگرکردنەوە. کترییەکی ڕەشی گەورەی لەسەر ئاگرەکە دانا، مەشخەڵی ئاگرەکە بەشی خوارەوەی کترییەکەی لە خۆیدا ون دەکرد.

گوتم:

– پووریێ، ئێمە نانی بەیانیمان خواردووە، تەنیا چا دەخۆینەوە.

– قبووڵ ناکەم. لەم چیا و چۆڵەی لە کوێ نانتان خواردووە.

– بەخوای خواردوومانە.

– جێی پاروویەکی هەر مایە.

گوێی پێ نەداین، سینییەکی گەورەی هێنا و نانی ڕشاو و ماستی نەشکاوی خستە سەر.

جارێکی تر بەوردی سەیری خەوتووەکانم کرد، پیاوێک لە نێوان دوو ژندا نووستبوو، هەر ژنەش لانکی منداڵێکی ساوای لە تەنیشت خۆی دانابوو. بە غڵبەغڵبی ئێمە لە خەو هەڵنەستان. من وام هەست دەکرد نایانەوێ هەڵستن، بە تایبەتی پیاوەکە جینگڵی دەخواردن. پیرەژن وا دیار بوو سەرنجی منی خوێندبووەوە بەدەم نان دانانەوە:

– ئەوە کوڕمە، ئەوانی تر هەردووک ژنی ئەون.. کوڕەکەی ترم مەڕی بردووەتە لەوەڕێ.. داکت بمری دەترسم تۆپەک بەناو مەڕی بکەوێ.

پرسیم:

پووریێ خەڵکی کام شوێنن.

– خەڵکی لای دیانەین، چەند ساڵە نەهاتووینە کوێستانان، ئەمساڵ گوتم کورم پیر بوومە دەترسم بمرم، با مەڕێ ببەینە کوێستانێ.. ئاخر من منداڵی و جحێڵیی خۆم لەو کوێستانەدا بەسەر بردووە. یادەکانی شیرین و تاڵیی عومرم لەسەر ئەو دۆڵ و هەردانە هەن... لەم کوێستانەدا مێردم بە بابی منداڵان کرد و هەر لێرەشدا کوڕ و کچەکانم گەورە کردوون.. خەریکە بڵێم لەگەڵ هەر بەرد و بنەدارێک یادێکم دێتەوە بیر. مرۆ شتەکی سەیرە خوو بە دار و دەوەنی بێ رۆح دەگرێ، ئاخر دنیا چییە.. کوڕەکانیشم گوتیان بێ دڵیت ناکەین، هەرچەندە ترس و لەرز هەبوو، کەچی هاتن. وا وێ دەچێ نەتوانین بگەڕێینەوە و بەماڵ و مەڕەوە ئاوای دیوی ئێران ببین.. ئێستاش شەرم لە کوڕەکانم دەکەم چونکە ئەمن ئەوانم تووشی ئێرە کرد..

گوتم:

– پوورێ ئەدی باوکی کوڕەکان نەهاتووە؟

– ئاخێکی سارد و قووڵی هەڵکێشا، بەسەر کترییەکەدا شۆڕ بووبووەوە تا چا دەم بکا.. بۆم روون نەبووەوە ئاخۆ فرمێسکی لە چاوان دێن یان نا. بەڵام لەوە دڵنیا بووم کە لە دەروونda دەگرییێت. زۆر جاران مرۆڤ لە کارەساتاندا دەگرییێت و فرمێسکی نابیندرێت.

وەڵامی دامەوە:

– بابی منداڵان، پێنج ساڵ پێش ئێستا لەبەر مەڕی گرتیان و تا ئێستا هیچ خەبەرمان لێی نییە.. هەر بە ئاواتەوەین رۆژێک بگەڕێتەوە.. زۆریش پیر و بێ تاقەت بووبوو.

ئێمە خەریکی نان و ماست خواردن بووین. ئەویش لە دەم ئاگردانەکەدا خەریکی شکاندنی قەندی کوڵاو بوو. گەرمایی ئاگرەکە خۆشییەکی تایبەت بەخۆی هەبوو. ساڵانی پێشوو هاوینان لە بنکەکەماندا شەوان ئاگرمان

دەكردەوە و لە دەوری كۆ دەبووینەوە، تا درەنگان دادەنیشتین گاڵتەوگەپمان دەكرد. ئاگری شەوانی كوێستان لەزەتی لەبەر سۆبەی زستانان كەمتر نییە. شەوێكیان كە ئاگرمان بە دوو بنەداری وشك و گەورە كردبووەوە و كۆمەڵێك پێشمەرگەی عەرەب و كورد لەبەری دانیشتبووین، لەولای ئێمە لە دۆڵی لۆلان شەڕەتۆپ و كاتیوشا لە نێوان هەردوو سوپای ئێران و عێراق بەردەوام بوو، تریفەی مانگەشەو رەنگی خۆڵەمێشی هەڵگرتبوو.. راوێژ گوتی:

– دایكتـــــان بگێم، هـەرچی ئـاگـــر و ئـاسـن هـەیـە لـەم دۆڵانـە بە ئـەرزی دادەدەن، تەماشا بكەن تۆز دەوروپشتی مانگی خواشی گرتووە.

لەو كاتەدا مارێكی بۆری ئەستوور، كە وێ دەچوو بەساڵداچووش بێت، لە پشت ئێـمـە لە تاریكاییـیـەوە خشـپـەی هات و بەناومـاندا بـەرەو خـوار خلۆر بووەوە. هەمـوومان ڕاچەڵەكین ئینجا هێرشمـان بۆی برد، هەریەكە و گاشـە بەردێكمــان تێی گــرت. نیــشــانـەی هەمــووان هـەڵە بوو، تـەنیــا راوێژ بە مـەترەقـێكەوە هەڵی كـوتایە سـەر و بەردوو زەبر پلیشـاندییـەوە، ئەوجـا لێی كشـایەوە و باڵی خـۆی فش كرد و رووخـسـارە رەشـتـاڵە هێسكانییـەكەی گەشایەوە:

– پاشماوەی گوندە راگوێزراو و وێرانكراوەكان دوو شت یەكەم پشیلە – كە هەموو كێوی بوون. دووەم مار كە ئەوانیش هێندە پیر بوون ناتونن لەبەر دەست و پێیان ڕابكەن.

بۆ سبەینێ، هاوڕێ جەلال هات و مارەكەی كەوڵ كرد:

– ئەمـە شـتـێكی زۆر بەتـامـە، دەڵێ گـۆشت مـاسـیـیـە. كـەوڵەكـەش وشك دەكەمەوە بۆ دایكی منداڵان دەینێرمە پراگ لەوێ ژنان لەسەر یەخەی پاڵتۆی زستانانی خۆیانی دەدوورن.

ئێمـە هەموو بەسەیرەوە تـەماشامـان دەكرد، راوێژ خۆی دەخـۆ نەگرت پێی گوت:

– ناترسی خوا نەخواستە پێی شەهید ببیت.

هەموومان لە قاقای پێکەنینمان دا. هاوڕێ جەلال بە قسەکە قەڵس بوو. بەمۆڕەیەکەوە تەماشای کرد:

– تۆ پاشکەوتوویت، لە ئەوروپا مار وەک مریشکی ئێمە دەخۆن، بەناخێری گیانت گوایە کۆمۆنیستیشی.

راوێژ خۆی نەشێواند و بە پێکەنینەوە:

– مانگێک بەر لە ئێستا، لە مەقەڕەکەی خوارەوەماندا تووتکە سەگێکی زیرەکمان هەبوو، فەرخە مارێکی قوت دا، دەستەو لە جێ تۆپی، دەترسم تۆش خوا نەخواستە..

هاوڕێ جەلال چاوی خۆی لێی زەق کردەوە و بەدەم لەشیشدانی مارەکەوە گوتی:

– ناکەی ئاگەداری دەمت بیت..

گۆشتەکەی بە شیشەیەک داکرد و لەناو تەندووری نانکردندا برژاندی. هەر بەپێوە دەستی کرد بە خواردنی.

بەدەنگی پیرەژن هاتمە سەر خۆم.

– ها ڕۆڵەکە چایەکەت بخۆوە.. ئەتۆش لە فیکران دای، یان مانووی بووی؟

– پووریێ هەردووکیانە..

– خەڵکی کێندەری؟

– خەڵکی لای بیتوێن.

– گەرمینە.. ئەمن نەمدیتییە، بەلام ناوبانگم بیستییە.. ئەوێش چۆڵ کرایە؟

– نەخــێــر بـەڵام پڕیان کــردووە لە ئۆردووگــا.. ئـەوێش هـەر دیمـەنێکە لە ڕاگواستن و وێرانکردن.

– بەخـوا وایە کـوڕم.. کـچـۆڵەکـانی منیـش خـوا دەزانی لـۆ کـێندەر ڕاپێچ کراینە.

ئەوجا ڕووی کردەوە هاوڕێ ڕابەر:

– بە قــوربان ئەتـۆ هـەر بـەمــەلایان دەچی، تۆ بڵــێی خــوا غــەزەبی لەو میللەتەی نەگرتبێ. ئەگەرنا لۆ وامان لێ دێت؟

هاوڕێ ڕابەر پێ کەنی:

– باش دەبێ خـوشکە باش دەبێ، تێکۆشـان هـەر وایە. ناخـۆشـیشـی تێدا دەبێ، دڵنیابە سەرکەوتنی بەدواوە دێت.

پیرێ ڕووی کردەوە من و بە مەنگییەوە:

– کوڕم چی گۆت؟ باش لێی حاڵی نەبووم.

بەردەوام چاوەکانی دەترووکاندن، چای نایە بەردەممان.

وەڵامم دایەوە:

– دەڵێ خوا کەریمە، دوای تەنگانان فەرانابییە.

– بەخـوای ڕاست دەکەی، بەڵام کـەنگێ؟ عـەبدی خـواش تا حـەدەک تاقـەتی هەیە.

ئەوجا لە منی پرسییەوە:

– ئەوە مەلای کام گوندەیە؟

خەریک بوو لە پرقەی پێکەنین بدەم. بەڵام خۆم بەرزەفت کرد:

– مەلای گوندێکی وێران کراوە پوورێ.

چایمان خـواردەوە، دەمـانویست هەڵسـتین درەخشـان کـە تا ئێسـتـا هیچ قسەی نەکردبوو گوتی:

– پووری گیان پەرداغێک دۆ هەیە بیخۆمەوە؟

پیرەژن وەک بڵێ لە شتێک خەجاڵەت بیت:

– رۆڵە ئێسـتـا مـەڕ نەگەڕاوەتەوە مەشکیشـمـان نەژانـدووە. سـبـەینەیە و زووە. جا بۆیە نە شیرم بۆ هێنان نە دۆ، راوەستە ماستاوەکت لۆ بکەم.

درەخشان:

– سوپاس دەڕۆین.

چەند هەنگاوێک لە رەشماڵەکان دوور کەوتبووینەوە کە درەخشان گوتی:

– هاوڕێ تازە بزانم مـەشک بەیانیـان دەژینـدرێ و دۆ دروست دەکەن. من وام دەزانی شەوان ئەم کارە دەکەن.

گوتم:

– دیارە

– باشە بۆ شەوان مەڕ لە رەشماڵ دوور دەخەنەوە؟

– بۆ لەوەڕاندن.. بەدوای شوێنی بە گیاوگۆڵدا دەگەڕێن.

– ئەی لە گورگ ناترسن.

لە پرسـیارەکـانی پەست بـووم. لەبەر خـۆمـەوە گـوتم مـاڵت نـەڕمێ دەڵێی بیانییە هیچ لەم ژیانە نازانێ.

گوتییەوە:

– ها، لە گورگ ناترسن؟

گوتم:

– شوان گۆپاڵێکی ئەستووری پێیە، گورگی پێ گێژ و هوڕ دەکا.

ئاوڕم دایە دواوە ئاری دەستی بە دەمی خۆیەوە گرتبوو نەیدەویست بزانن پێکەنینی دێ. لە ساڵانی کۆن کۆنی شۆڕشی ئەیلوولدا، ئەوسا کە من منداڵ بووم و ئێواران لەگەڵ باوکم و مام حەمەدەمین و کوێخا عەزیز لەبەر دەرگە لەسەر لاکێشەی لباد دادەنیشتین، باوکم رادیۆیەکی گەورەی لە تەنیشت خۆی دادەنا و دەنگی ئیسرائیلی دەکردەوە و دەیگوت هەر ئەو دەنگوباسی ناو عەرەبان هەڵدەڕێژی چونکە ناحەزن. مینەی کوڕی پووریشمی بانگ دەکرد تاکو بۆی بکاتە کوردی. ئاخر مینە تا پۆلی سێی ناوەندیی خوێندبوو، بە سەری رووتەوە دەهاتە گوندەکەمان و چەند وشەیەکی عەرەبیی دەزانی. رۆژێکیان دوای دەنگوباس وەرگرتن لە باوکمی پرسی:

– ئەرێ خاڵە، بەران مەڕە یان بزنە، نێرە یان مێیە؟

باوکم لێی سوور بووەوە:

– ئەتۆ چۆن تا ئێستا نازانی بەران کامەیانە؟ چۆن لە بەران دەپرسی مێ یان نێرە، ئێ دیارە کیری پێوەیە. ئەدی ئەتۆ چۆن کوردێکی، لە کوردستان دەژی یان لە ئەوروپای؟

لە کاتێکدا لە تووڕەییان چاوە سوورهەڵگەڕاوەکانی هەڵدەسووڕاندن، پێی گوت:

– وەڵڵاهی لە دەنگوباس گێڕانەوەکەشت گومانم هەیە.

هێشتا لە رەشماڵەکان ئاوا نەبووبووین، من چونکە شارەزای رێگەکەش بووم، هەر لەپێشەوە دەڕۆیشتم، هاورێ رابەر بانگی کردم:

– ئەرێ باوکم تۆ هەر دەڕۆی و سەرهەڵنابڕی.

– فەرموو هاورێ.. چ قەوماوە؟

– چۆن چی قـەومـاوە! تۆ تـا ئێـسـتـاش نازانی کـێت لەگـەڵدایـە. ئەی ئەو هـەموو گرینگی پێدان و فێرکردنە نـهێنی و ڕێکخستنەت بۆچی وەرگرتووە؟

نەمـــزانی چۆن وەڵامی بـدەمـــەوە، چـونکـە هـیـچ شـــتـــێک رووی نـەدابوو، لەوەوپێشـەوە دەمزانی کـە هـاوڕێ ڕابەر زۆر دەترسـێ و وا دەزانی لە کەمینی سـوپای عێراق و ئەرتەشـی ئێران دەکەوینە ناو یەکێکیان.

دەیبۆڵاند:

– تۆ سـەرۆکی حـزبـت بەدوای خـۆت داوە و ئاوهـاش بە دڵنیـایی بە ڕێگەدا دەڕۆی، وەک بڵێی منداڵێکت بەدواوەیە.. باشـە تۆ دڵنیایی لەو پێشـەوە..

دەستی بۆ دۆڵە بچووکەکانی بەردەممان درێژ کرد:

– ئا لەم خوارەوە سوپای عێراق دانەمەزرابێ؟

کەمێک بەجیدییەوە گوتم:

– نا گـیانـە، گـومـانت لە ئەمـینـیی ڕێگەکە نەبێت، مـنیش دەزانم سـەرۆکی حـزبەکەم بەدەسـتەوەیە و لـەم کاتی ئاگرباران و بەرەنگاریدا دەبێ بیگەیـنمـە شوێنێکی زۆر هێمن و ئەمین..

ئێرە بەناو خاکی ئێرانە و دەبوا ئەرتەشی ئەوانی لێ بێت.

دەستم بۆ نیشانەکانی سنوور درێژ کرد:

– ئەگـەر بـاوەڕیش ناکـەی هۆوانە نیـشـانەی سنوورن کـە ئێـمـە لێـیـان تێ پەڕیوین. هـەڵبەت ئێرانییەکان لەم چۆڵەوارە ئێشکە ناگرن و کشاونەتەوە ناو گـوندە سنووریـیـەکـان. ئا لەم خـوارەوەدا کـە ئێـمـە دوای دوو سـەعـاتی تر دەیگەینێ، گوندی کەچەڵەیە کە پایگای ئەرتەشی ئێرانی لێیە. ئەم دەشـتـەی بەردەمـیـشـمـان دەشـتـی مـەرگـەوەڕە و ئەوەی ناو قـەدیشـی ئۆردوگـای ئاوارەکـانی خـۆمـانـە واتە زێوەیە. کـەواتە دڵت لەدەست سـوپای عـێـراق لێ نەدا.

– ئاخر تۆ خۆت دەزانی چییان بەسەر دامەزرێنەری حزب و هاورێکانی هێنا، ئەوانە درندەن، ئێرانیش زۆر دڵێ پێمان خۆش نییە.. تۆ خۆت لەناویاندا دەژی..

من بێدەنگ ملی رێگەم گرت و ئەوان بە دوامدا خلۆر بوونەوە. هەموو لەشم شل بووبوو. گرمەی تۆپ بۆ ساتێکی هەر چەند کەمیش هەلیان پێ نەدەدام وا بیر بکەمەوە پشت سەرم ئارامە. هەر تەقەیەک سەنگەرێک و هەر گرمەیەک تانکێکی دەهێنایە بەرچاوانم: "بەرەنگاری و دەستوەکەری بەردەوامە".

رێگەکە پیادەرێی شاخی بوو، بەلام لە بەرئەوەی زۆر کاروانی قاچاغچییان پێدا هاتبوون و ماڵە مەرِدارەکانیش هەر بەوێدا گەرمێن و کوێستانیان دەکرد، ببووره تۆز و خۆڵە پەتە. پێچ و لۆفی یەکجار زۆر بوون، ئێستا لە نشێویدا بووین و بە پرتاو دەهاتینە خوارەوە. نێزیک بە سەعاتێک رۆیشتین گەیشتینە لای زۆمێکی تری مەرِداران. زۆمەکە لە شەش تا حەوت رەشماڵ پێک هاتبوو. بەردەمیان گۆرِەپانێکی قووڵ و بەرفراوان بوو. دەتگوت بەدەست چیمەنکاری کراوە، دوو شەلەگە ئاو بەناو قەدی گۆرِەپانەکەدا بەخورِ دەهاتنە خوارەوە، ئاوەکان بە ئەندازەیەکی ئەوتۆ روون بوون ئەگەر گیا لە دەوروپشتیاندا نەرِوایا و بە هاتنە خوارەوەیان چڵە زل و پونگەکانیان نەلەراندبایەوە، هەستم نەدەکرد ئاو بەوێدا تێ دەپەرِێ. چەند هێستر و ماینێک لە ناوەراستی مێرگەکەدا بەسترابوونەوە. یەکێک لە ماینەکان وەک بڵێی بۆنی کردبین، هەرکە گەیشتینە تەنیشتی حیلکەیەکی توندی کرد.

گوتم:

– هاورێ رِابەر لادەینە کن ئەو مالانە دۆیەکی سارد بخۆینەوە؟

– جا دەماندەنێ؟

وام زانی به سوحبەت وا دەڵێ، گوتم:

– چۆن ناماندەنێ؟

– نەیاندا نەیاندا، ماڵی خۆیانە.

گوتم:

– تۆ بەراستیتە.. ئەوانە جگە لە میوانداری، هەر حەز دەکەن لەم وەختەی ڕۆژدا ڕێبوارێکیان لە لادا تێ پەڕێ و نان و ماستێکیان لە لا بخوا و قسەوباسێکیان بۆ بکا.

درەخشان بەجواب هات:

– دەتوخوا با لادەین من دڵم بۆ دۆ ئەخێورێتەوە.

لە ڕێگە سەرەکییەکە بەرەو ڕەشماڵەکان لامان دا.

تیشکی خۆر سەر گۆنا و تەوێڵ و پشتە ملی دەگەزتین، گەرما وەک هەمیشەی کوێستانان تینێکی بەتامەی هەبوو.

کۆڵەکەم نایە زەوی و دەستێکم لێ هەڵهێنان:

– سەلامون عەلەیکوم.

– وەعەلەیکوم و سەلام بەخێر هاتن.. دەفەرموون.

ژنێکی بەساڵداچوو، چەند کچ و ژنی جحێڵیش لەولاتر مەشکەیان دەژاند. لە دوو جێ مەشکەی داریان هەڵواسیبوو، جامێکی گەورە دۆیان بۆ هێناین. ژنە بەساڵداچووەکە ویستی ڕاسپێرێ چامان بۆ لێ بنێن، گوتمان ناخۆینەوە.

هاوڕێ ڕابەر ڕووی کردە ژنەکە:

– ئەوە بۆچی وازتان لە مەشکەی پێست هێناوە و یەخەی ئەم دارە مردووەتان گرتووە؟

ژنە بەساڵداچووەکە:

– وەڵڵا برا دەمێکە ئەو مەشکەیە بەکار دێنین.

هاورێ ڕابەر:

– ئاخر مەشکەی پێست بە روحتر و زیندووترە.. لە بیرمە دایکم بەدەم ژاندنییەوە گۆرانیشی بۆ دەگوت.

– جا خۆ ئێمەش دەیڵێین.

لەگەڵ ئەوەشدا ژنەکە هەندێک پێ کەنی.. کچەکان لەولاوە قاقا پێ دەکەنین دەتگوت بارۆکەن بەدیتنی کەڵەشێرێکی شەپرێو قوشقی بوون.

هاورێ ڕابەر دووپاتی کردەوە:

– ئەوە لە کەنگینەوە مەشکەی دار بەکار دێنن، ئەوە بۆ یەخەی ئەو دارە مردووەتان گرتووە.

پیرەژنەکە:

– برا ئەوە زیاتر لە هەشت نۆ ساڵە لێرە لەناو مەڕدارەکانی کوردستانی ئێران مەشکەی دار شوێنی مەشکەی پێستی گرتووە. خۆ تازە نییە. جەنابت وەک بڵێی لەم وڵاتە نەبووی؟

خۆم پێ نەگیرا و دام لە پرمەی پێکەنین، وتم:

– ها.. هەر رانەوەستای.. پەندێک هەیە دەڵێت: کورد بدوێنە شەرحی حاڵی خۆی دەکا.. تۆ وات کرد ئەو بزانێ زۆربەی ژیانت هەر لە دەرەوەی وڵات بووی.

جا من بە ئیشی حزب چووم.. خۆ هەر بۆ خۆشیی خۆم نەڕۆیشتووم! دوای ئەوە پیاو تا دەرەوە نەبینێ ناتوانێ میللەت و وڵاتی خۆی بەباشی بناسێ.

دیار بوو له دڵی گران هات، برۆکانی تێک نابوو.

بەرەو بناری کوێستانەکانی دزێ هاتینە خوارەوە. دەشتەکە کشومات دەهاتە بەرچاوم، وەک بڵێی هیچ جووڵەیەکی تێدا نەبێ. هەر مانگێک پێش بوو بە ئۆتۆمۆبێل بەو ڕێگە خۆڵەی "دزێ"دا کە ئێستا وەک گوریس پێچاوپێچ لە بەردەمم ڕاکشاوە، هاتم و لە "نوێ"ش سواری ئەسپ بووم.

قادریش پێم کەوت و بەرەو "خواکورک" کەوتینە ڕێ. قادر هاوڕێیەکی حزبییە، خوێندەواریی نییە و هەر ئەوەندە دەزانێ حزب شتێکی باشە و لە لایەنەکانی تر پاکترە، ڕقی لە کۆبوونەوە دەبێتەوە و سۆسیالیزم بەلای ئەوەوە بریتییە لە لێستاندنی مووڵکی دەوڵەمەندان و دابەشکردنی بەسەر هەژاراندا. لە دژی هەموو جۆرە خۆشگوزەرانی و ڕابواردنێکە، زۆرجاریش کە من بە ئۆتۆمۆبێلەوە دەبینێ، پێم دەڵێ:

– ها.. هاڤڕێ تۆ ژی بوویە بورژوا.

نێزیک بە سەعاتێکی تر ڕێمان کرد، گەرما تینی پەیدا کرد و کەم کەم عارەق بەشتمدا دەچۆڕایەوە. ماندوویەتی لە چەهرەی هاوڕێ ڕابەر دەباری، بێدەنگ و هێواش هەنگاوی دەهاوێشت. هەندێک ڕاوەستا و کۆخەیەکی کرد:

– چەند سەعاتە ئێمە لە مەقەڕەوە هاتووین؟

– دە سەعاتە.

– ئەی تۆ گوتت هەموو ڕێگەکە نۆ سەعاتە.. منیش بۆ نۆ سەعات خۆم ئامادە کردبوو، لە خۆمدا سەعاتێکە ماندووم و ئیتر قورس بەڕێوە دەچم.

کەمێک شەرم دای گرتم، لە هەمان کاتدا پێم وا نەبوو لەو تەنگانە و هەنگامەیەدا تاوانم کردبێ ئەگەر لە بەراوردکردنی ڕێگەکە بەهەڵەدا چووبم.

گوتم:

– منیش ئەم ڕێگەیەم هەمووی نەبڕیوە و تەنیا نیوەی ڕێگەکەم دیتبوو.

ئێستاش زۆرمان نەماوە پاش سەعاتێکی تر دەگەینە دەشت و دەچینە گوندی "نوێ".

بەسەرسوڕمانەوە لێی پرسیم:

– باشە تۆ بەم رێگەیەدا هاتوچۆت نەکردووە؟

– بەدی، بەڵام ئەم رێگەیەم بە درێژاییی خۆیدا هەموو نەبڕیوە، لە هەندێک شوێن لێی دەرچووم و هاتوومەتەوە سەری.

– تۆ دەزانی کێت لەگەڵدایە و بۆ کوێندەرێی دەبەی؟

پێم وایە کەمتەرخەمیت کردووە.. ناکا لە بەرێکردنیشدا هەر وا بکەیت؟

بە گرژیش رووی خۆی لێم وەرگێڕا. هەستم کرد دیسان ترس دای گرتەوە، ویستم دڵنیای بکەم:

– هاوڕێ دڵنیابە هیچ مەترسییەکی ئەوتۆمان لەپێش نییە. من خۆم گرینگی و بایەخی ئیش و کارەکانم باش دەزانم، چۆن نازانم سەرکردەی حزبەکەم لەدەست دایە، دەشزانم بەرەو کوێی دەبەم.. تۆ تەنیا هیممەت بدە بەر خۆت و سەعاتێکی تریش خاترم بگرە، دەگەینە شوێنێک لێی بحەسێینەوە.

درەخشان و ئاریش گەیشتنە لامان. درەخشان خۆی دا بەرەزدا:

– ئای باوکەڕۆ، شل و شەکەت بووم. ئەرێ هاوڕێ زۆرمان ماوە؟

پێ کەنیم:

– وا گەیشتین.. هەر هیمەتێکی بچووکی تر بکەن..

## سێیەم

هەرکە لە چیا دەگەیتە خوارێ لە پێدەشتەکەوە، گوندی گیسیان، لە هەرتک لای ئەو جۆمەی لە چیاوە دێتە خوارەوە، دامەزراوە و وەکو دەروازەی دەشتی (مەرگەوەڕ) دێتە بەرچاو. هاوینانی ئەم ناوچەیە زۆر گەرم نییە، خۆ ئەوانەی لە گەرمێنەوە دێن، هەست بەسەرما دەکەن. جادەکەی ناو ماڵان خاکییە و بە تێپەڕینی هەر ئۆتۆمۆبێل، یان تراکتۆرێک تۆز بەری ئاسمان دەگرێت. پاسگای "ژاندارمیری" لەسەر گردەکەی پشت ماڵان چاودێریی هەموو دەوروبەری دەکات. ئۆتۆمۆبێلێکی سوپایی لەوێوە بەرەو لای ئێمە هاتە خوارەوە، شوفێرەکەی هێندە بەگورجی خۆی خستە پشت سوکان، هەموومان وامان زانی بۆ گرتنی ئێمە دێت، کەچی خێرا بە بەردەمماندا گڤەی هات و گشتمانی لە تۆزی خۆیدا ون کرد. هاوڕێ ڕابەر دەستێکی بەڕیشی خۆیدا هێنا و گوتی:

– من زۆر ترسام.. گوتم بۆ ئێمە دێ.

درەخشان:

– وەڵڵا من هەر دڵم لە خۆم چوو.

ئاری بە پێکەنینێکەوە کە شەرمیش لە گۆناکانی نیشتبوو:

– ئەم ئیشانە بەبێ ترس نابن.. خۆ ئێمە هەموو رۆژێ چەندان جار مل لەم مەترسییانە دەسوین.

ئۆتۆمۆبێلێکی لاندرۆڤەری شڕ بەلامان داهات. دەستم لێی هەڵبڕی، رای گرت و پاشەوپاش بۆ لامان هاتەوە. پیرەمێردێکی جامانەبەسەر لێی دەخوڕێ:

– بۆ کوێ دەچن؟

وەڵامم دایەوە:

– دەچینە "نوێ".

لە بەردەم ماڵی قادر دابەزین، هەمووویانم بردە ژوورەوە. خۆی و هاوسەرەکەی بە ڕووخۆشییەوە پێشوازییان لێ کردین.

پێی گوتم:

– بیستم بە تەنیا رۆیشتووی و بە تەنیاش دێیتەوە. زۆر نیگەران بووم. ترسام ڕێگەکە باش پێ نەزانییەوە.

– وەڵا جا هەرواش بوو، زۆر ماندوو بووین.

– بەکوێدا هاتنەوە.

– بەڕێگەی "کانیی خسکێ".

– خەڵکێکی زۆر ئاوارە بوونە و هاتوونەتە ئەم دیوە، هەندێک هەر بە "خواکورک"دا. هەندێکی تریش چوونەتە تورکیا و لەودیوەوە هاتوونەتەوە ئێران.

– دەنا لەسەر چیاوە دەشتەکە زۆر چۆڵ و کشومات دەهاتە بەرچاو.

قادر:

– لەودیوە نێـــوان "زێوە" و "دزێ" دیارە، ئاوارەکـــان لە نێـــوان "زێوە" و "راژان" کەوتوون.

رووم کردە هاورێ ڕابەر:

– وا دەچم ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆم دێنم، چونکە دەبێ بە قاچاغە ڕێگەکاندا بڕۆین.

– ئەو لەسەر پشت ڕاکشابوو خەریک بوو خەو دەیبردەوە:

– چۆن بەباشی دەزانی وا بکە.. گرینگ ئەوەیە بە سەلامی بگەین. لەسەر ڕێگە خۆڵییەکە وەستام تا پیکابێک هات بۆی ڕاگرتم و خۆم خستە دواوەی. وەختێک گەیشتینە نێزیک زێوە، لەبەر قەڵەباڵغیی خەڵکی ئاوارە ڕێگە نەبوو ئۆتۆمۆبێلەکە خێرا بڕوات، منداڵ و ژن و پیرەمێرد لە ماندوویەتیی ڕێگە، بەسەر جادەکەوە لەبن سێبەری درەختان ڕاکشابوون. شەکەتی و بێزاری و ترس لە سەرتاپای هەموویان دەباری. کەمێکی تر ڕۆیشتین ئیتر من لە ئۆتۆمۆبێلەکە دابەزیم و بە پێیان ملی ڕێگەم گرت. لە پێشەوەمدا ژنێک دەڕۆیشت منداڵێکی ساوای بە ئامێزەوە بوو، دووانی تریش کە هەردووکیان کچ بوون و بەدوایدا ڕایان دەکرد. منداڵە ساوایەکە زۆر بەبێهێزی دەگریا:

– دادا.. بسی.. بسی

لە پڕ چەپۆکێکی بەدەموچاوی منداڵەکەدا کێشا:

– دە.. وس.. چ بکەم.

گوتم:

– خوشکێ وا بە پەلە بۆ کوێ دەچی.

ئاوڕێکی گرژی لێم دایەوە:

– دەڵێن لە هۆوەندێ نان دەدرێ، بەڵکو بەرمـــان کـەوێ. شـــەو و رۆژێکە لێرەین تا ئێستا پەلکە نانێکمان دەست نەکەوتووە.. رەبی بە قورێ گیرێ.

– ئەدی بابی منداڵەکان؟

– چوزانم.. لێمان دابڕا.. هەروا خوا دەزانێ..

گـەیشـتـمـە لای گـەراجی ئۆتۆمـۆبێلـە کـرێیـەکـانی ناو زێوە. تـەنیـا یەک لاندرۆڤەری لێ وەستابوو:

– کاکە نامانگەیەنیتە نەغەدە؟

– بەبێ دڵییەوە.

– درەنگە، ناتوانم بگەڕێمەوە.

– چەندی دەڵێی دەتدەمێ.

– هەقی هەردوو سەرانت لێ دەستێنم.

لەگەڵی سـوار بووم، تۆز لە پـشـتـمـانەوە لوولی دەخـوارد و وەک رەشکە کا دەکەتە زەوی. بە بازگەی "ژاراوە" پاسدارێک پرسـی:

– کجا میری؟ "بۆ کوێ دەچی"

– دەچمە نەغەدە.

جارێک تێم ڕاما.

– بیا پاین ببینم! "دابەزە بزانم"

چوومە خوارەوە کارتەکەمی سەیر کرد:

– شما سیاسی هستی؟ "تۆ سیاسیت؟"

– نەخێر

– پس چەهستی؟ از کجام ای؟ "ئەی چیت؟ لە کوێوە دێیت؟"

– قاچاغچیم لە زێوەوە دێم.

گوتی:

– دینار، دۆلار داری؟ "دینار دۆلارت هەیە".

– نەخێر.

هەموو لەشمی پشکنی. هیچم پێ نەبوو.

– برو سوار شو. "برۆ سوار بەوە"

کەمێکی تر رۆیشتین، شوفێرەکە خێرا پەنجەرەی ماشێنەکەی کردەوە و سەیرێکی دەرەوەی کرد:

– ئەی بەریشی خێوی!

– ها چی بووە؟

– پەنجەرە و تایەی سپێریشم لا نییە.

دابەزین، بەدیار ماشێنەکەوە دانیشتین.

گوتم:

– لە بێشانسیمان کەس بێرەدا تێ ناپەڕێت یارمەتیمان بدا.

– پاش نیوەڕۆی هەینی هەر وایە. خەڵک هاتوچۆ ناکات. شوێنەکە بەر رۆژ بوو، گەرما تینی بۆ هێنابووین، لەوبەرمانەوە بەقەد پاڵەوە پیاوێک خەریکی کۆکردنەوەی مەڵۆی یونجە وشکبووەکانی بوو. بەشەنە چەند دانەیەکی لەسەر یەکتری خڕ دەکردەوە و بەردێکی زلی لەسەریان دادەنان. سەیرێکی سەعاتەکەمم کرد دروست سەعاتێک بوو هاورێ رابەر و جەماعەتم بەجێ هێشتبوون، گفتم پێ دابوو بۆ ئێوارە بیانگەیەنمە لای خۆمان. کەمێک بە دەوری ماشێنەکەدا سوڕام و بێ هیچ مەبەستێک سەیریم دەکرد.

له شوفێرەکەم پرسی:

– خەڵکی کوێندەری؟

– منیش هی ئەودیوم.

– دەزانم، مەبەستم ئەوەیە خەڵکی کام شاریت؟

– خەڵکی رواندزم.

– دەمێکە لێرەی؟

– چوار ساڵە.

– هەمووتان یەعنی ماڵەوەشتان لێرەن.

– من و خێزانم و دوو منداڵ و دایکم.

– وێ دەچێ باوکت نەهاتبێ..

– بەکەمێک تاخیرەوە گوتی:

– باوم لە شۆڕشی ئەیلوول شەهید بوو.

لەبەر خۆمەوە:

– ئەومان بەشتێک ناو نا.. سەرەتا و کۆتاییە تاڵەکەی ئەمەی ئێستا دەبێ چ ناو بنێین؟!

ئەوجا ئەویان پێی گوتم:

– ئەمجارەش پیس تێ شکاین.

من هیچ وەڵامم نەدایەوە، چ بڵێم؟ ئەوجا بەردەوام بوو:

– هەموو جارێ هەموو جارێ..

گوتم:

– گوتم هەموو جارێ چی؟

– هەموو جارێ لاقینە قونێ قورتار کەن.

– کوا لاقی ئەم خەڵکە قونیانی پێ قورتار کراوە؟

– خەڵک نا..

– لێی پرسیم:

– ئەتۆ لە کام حزبی؟

گوتم:

– وەڵڵا چیت پێ بڵێم.

– بۆ؟

– حزبی ئەو ڕێگەوبانەم.

پێ کەنی:

– یانی قاچاغچی؟.. ئێستا چیت پێیە؟ دینار دۆلار یان تریاک؟

گوتم:

– لە سەر و رووم دەوەشێتەوە تریاک بفرۆشم؟

– بۆ، چی تیایە، معامەلەیە.

لە دوورەوە گەردەلوولی تۆزێکی باریک بەدیار کەوت.

کاکە، با شتێکت بدەمێ من بەپەلەم، لەگەڵ ئەم ئۆتۆمۆبێلە دەڕۆم.

کە گەیشتە لامان دەرکەوت تەکسییە، دوو نەفەر بوون. شوفێر و یەکێکی تر، بۆیان راگرتم و شوفێرەکە سەری خۆی دەرهێنا و گوتی:

– کاکە بەخوای جێگەمان نییە.

بە پاڕانەوە گوتم:

– ئەی ئەوە نییە پشتەوە چۆڵە.. بە پەلەم تا کوێندەرم هەڵدەگرن مەمنوون

دەبم، چەندیش دەڵێن دەتاندەمێ.

سوار بووم. کە چوومە ناو ئۆتۆمۆبێلەکە ئەوجا زانیم بۆ جێگەیان نییە. دوو گونیە شەکریان لەبن کوشینەکان شاردبووەوە. ئەم شتانەیان لە تورکیاوە دەهێنا لە ئێران قاچاغ بوون.

لە مەیدانەکەی قەراغ شار دابەزیم و بەرەو ماڵەوە ڕۆیشتم. بێتاقەتی دای گرتبووم، تۆز لە سەروپۆتەڵاکم نیشتبوو. لەسەری کۆڵانەکەمان یەکەمین کەس کە تووشی بووم مام بابەکر بوو. کەمێک وەستایەوە و هەردوو چاوی بە ڕوومدا زەق و گەش کردنەوە:

– ئای.. کوڕە ئەوە سەلامەتی؟

هەر خۆی: یاخوا بەخێر هاتییەوە.

گوتم:

– خێرە مام بابەکر، بۆ پێت وا بوو لە سەنگەرگرتنێدا بووم؟

– کوڕە لێرە وامان دەزانی بەردەستیان کەوتووی، ئاخر زۆر مەیت هاتنەوە هەموو لە ڕێگە بەردەستی جەیش و جاشان کەوتبوون، مێردی "ئەستی"ی کچیشم ئاوا کوژرا. فەقیرە بەخۆڕایی تێدا چوو..

ماڵەوەشمان لە نیگەرانیدا بوون. باوکم باوەشی لێم دا و جارێک ماچی کردم. منداڵەکان بە دەورمدا کۆ بوونەوە. گوتم:

– جارێ وەختی نییە دەبێ بگەڕێمەوە "زێوە" چونکە میوانم لەگەڵدا هەیە.

ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆمم لە گەراج هێنایە دەرەوە و شەمامی برام لە تەک خۆم سوار کرد. بەپەلە بەرەو "نوێ" گەڕامەوە، چوومە ژوورەوە، هاوڕێ ڕابەر و درەخشان، نووستبوون، نیسێ هاتبووە خوارەوە ژوورەکە زۆر فێنک بوو، "زلفێ" خێزانی "قادر" پەرداغێک دۆی ساردی مەڕانی بۆ هێنام، هاوڕێ ڕابەر لە خەو هەڵسا.. دەستێکی بە سەر و رووی خۆیدا داهێنا:

– ها گەڕایتەوە

– بەڵێ.

– ئۆتۆمۆبێلەکەت هێناوە؟

– لەبەر دەرگە رام گرتووە.

– وەزعی رێگەکە چۆنە؟

– بە قاچاغە رێدا دەڕۆین.

هەردووکیانم سوار کرد و ئاریشم بەرەو خواکورک گەڕاندەوە. دەبوا تاقمێکی تر لە ئەندامانی سەرکردایەتی لەگەڵ خۆیدا بێنێ. هاوڕێ ڕابەر دەیگوت "لە کاتی تەنگانەدا پێویستە ئەندامانی سەرکردایەتی پێش هەموو شتێک رزگار بکرێ، ئەوانە سەری حزب و شۆڕشن. سەر دەبێ سەلامەت دەرچێت.. بەشەهیدبوونی هاوڕێی دامەزرێنەر، حزب بۆ جاری یەکەم هەتیو بوو، بە فەوتانی هاوڕێکانی تری، لەدوای شۆڕشی چواردەی تەمووز بۆ جاری دووەم هەتیو بووەوە، جاری سێیەم نابێ دووپات ببێتەوە".

بەزەحمەت لەناو ئۆردووگای زێوە دەرچووین. ناو وەردەکانی نێوان ئۆردووگا و شارۆچکەی دزێ هەمووی هەر خێزان بوون و لەناو خۆڵدا کەوتبوون. لەزگەکەی بەولاوە کۆمەڵێک ژن و پیاو لەسەر جادە خۆڵەکە خڕ بووبوونەوە سەیارەیەکی سوپایش لە قەراغ رێگەکە راوەستابوو. چەند ژنێک شینیان بوو.. چەند منداڵێکی بچووک لەگەڵ ژنەکان دەگریان پرسیم:

– ئەرێ چی قەوماوە.

پیرەمێردێک:

– هیچ بابە هیچ.. لەوێ لەبەر جەیش هەلاتین، لێرەش عەسکەرەک بەسەیارە دایکی چەند منداڵێکی پان کردەوە.

تەزوویەکی سارد بەلەشمدا هات، کەمێک ناو مێشکی خۆم تاووتوێ کرد:

– دەڵێ ئەو منداڵانەم دیون؟ لە کوێ؟...ها..!

سارد بووم.. هەمان منداڵی دوای ئەو ژنە بوون کە پێش چەند سەعاتێک دیتبوونم بەرەو ناو ئۆردووگا دەهاتن:

ئای بێ بەختینە.. باوک لەودیو رۆیشت و دایکیش لێرە لە دەستتان چوو. (لەبەر خۆمەوە گوتم)

– ئەوە تۆ لەبەر خۆتەوە چی دەڵێی؟

ئاورم دایەوە هاورێ رابەر بوو. قــووڵتـــر ســـەیرم کـــرد و هیچ وەڵامم نەدایەوە. هەستم کرد تۆزێک دەوری هەردوو چاوەکانم تەڕ دەبێ و قورگم وەک بلێی قوری پێدا دراوە. لە شارۆکەی دزێ دەرچووین، چەند چەکدارێک لە هەردوو قەراغی جادەکەوە دەڕۆیشتن وێ دەچوو بەرەو "کەمین" بچن.. درەخشان پرسی:

– ئەوانە چین.. پێشمەرگەن؟

ئاورێکم لێی دایەوە:

– نا.. جاشی ئەم دیوەن. دەچن کەمین بۆ پێشمەرگەکانی لای خۆیان بنێنەوە.

ئێوارە درەنگان بوو کە لە رووباری گادەر پەڕینەوە، پردێکی گەورە و بە پەرژینی جوانیان بەسەردا هەڵچنیوە. دوو گوندی گەورە لەمبەر و ئەوبەریدا هەن. گاڕان بەرەو ماڵان دەهاتەوە، گامێشێک بەهێواشی رێ دەکرد و سەرجادەکەی دەگرت، من ئۆتۆمۆبێلەکە رادەگرم تاکو تێ دەپەڕی.

درەخشان:

– ئەرێ هاورێ ئەمانە چین؟.. بەخوای ناویانم لە بیر چووەتەوە.. ماشاڵڵا

له ئەوروپا و له شاخدا ئەمانه نین.

گوتم:

– چۆنیان ناناسی؟

– گەر نەمدیبن خۆ بەخەو نایانبینم.

– حوشتر دەناسی؟

– ئەی ماڵت ئاوەدان، جا هەیە حوشتر نەناسێ؟

– ئەمانەش حوشتری کوردستانن.

شەمامی برا بچووکم دایه قاقای پێکەنین.

– کاکه گیان ئەوانه گامێشن، کوا حوشترن.

درەخشان:

– ئا ئا.. گامێش، دەمخۆش هاتەوە بیرم.

خــۆر لەســـەر ســـوێی چیـای "کـێـڵـەشین" ســـوور هەڵگەڕابوو، دەتگوت کوندەیەک خوێنیان بەسەردا رشتووە. رەنگدانەوەی بەسەر ئاستی ئاوی گادەردا رەنگی رووبارەکەشی سووری مەیل بەزەرد کردبوو.

درەختەکانی قەراغ رووبار گەردێکی خۆڵەمێشی مایل بە سووریان بەسەر و پۆپەوە دیار بوو. خەڵکی لەناو باخی سێو و ترێ دەگەڕانەوە، هەموو بێڵ و زەنبیل بە شانەوە، گەنجان کوڕ و کچ بە شان داتەکاوی و شەکەتی و خانووەکان بەرچاوم پۆتەلاک کوتراو بوون، دنیا زۆر بە خەمگینی دەهاتە بەرچاوانم، وێ دەچوو کوردستان لە هەموو دیوەکانیدا غەم دای گرتبێ، دەنگی هیچ قورینگێک بەسەر ئاسمانی گادەرەوە نەدەبیسترا، وەک بڵێ لە داخان هێندە بڵند فڕی بن، هەر بەیەکجاری ناوچەکەیان بەجێ هێشتبێ.

تاریک داهاتبوو، ئۆتۆمۆبێلەکەمم لەبەر دەرگە راگرت و سووک دابەزیم و

دەرگەی ماڵەکەی خۆمم کردەوە. هەردووکیانم بردە ژوورەوە، بە چایدانە کارەباییەکەم خێرا چایەکم بۆ لێ نان:

– شەمام بۆیان تێ بکە تا من دەگەڕێمەوە.

– بەرەو ماڵی باوکم چووم. هەر لە کۆڵانەکەی خۆماندا بوون. مام بابەکر بەکزی لەبەر دەرگەی ماڵەکەی خۆی وەستابوو:

– کاکە دەنگوباس چییە؟

– جا چی هەبێ مام بابەکر؟

– پێم وایە هیچ نەما، دیسان بەسەر گونی خۆیاندا بەردراینەوە.

– چی بڵێم.. تۆ بڵێی سوپای ئەو خارجییانەی بۆ ناوبژی دێن، ئاگربڕی شەڕەکەی ئێمەش نەکەن؟

– ئەگەر تا ئەوان دێن، ئاگر نەمانسووتێنێ؟

هەر خۆی گوتی:

– دەڵێن خەڵکێکی زۆر ئاودیوی ئەم دیوە بوونە، گوایە بە ژەهری مردوون دەڵێن هەر بەجارێک ئاسمانی ئاگر دەدا.

هەڵوەستەیەکی کرد:

– هەی دایێت دەگێم عێراق.. چەند ناخۆشە پیاو هەواشی لێ ببێتە ئاگر و شوێنیش نەمێنێ خۆی تێدا بشارێتەوە.

لەناو حەوشەی ماڵی باوکم، کەژاڵ بە دزی پێی گوتم،

– چنوور دەیەوێ بتبینێ.

– جارێ میوانمان هەیە و زۆریش مەشغوڵم، دەکرێ بێتە ماڵێکی تر؟

– زەحمەتە، چونکە زڕباوکی ئازاری دەدات.

هیچ خـۆشـەویسـتـیـیـەک لە نێـوان من و ئـەودا دروست نەبووبـوو، باوکم فشـاری بۆ دەهێنام دەیگوت: پێویستـە ژن بێنی، پیاو ئەگەر لە تەمـەنی خۆی تێ پەڕی و دانەمەزرا، ئەوە ناسیاو و دەرودراوسێ گلەییی لێ دەکەن.

منیش کـە سـەیری بارودۆخی ژیانـی خۆم و ئـەرکی پێشمـەرگایەتی و کـارە نەهێنییـەکانم دەکرد، پتـر لەسـەر ئەوە جـووت بووم کـە ژنێک بێنم لای کـەمی خواستەکانی منی تێدا بێت.

"من ئەو کاتەی لە تافی لاویدا بووم، بۆ کـچە فەلەیەکی شـەقلاوەیی خـەریک بوو واز لە دینی خـۆم بێنم و بچـمـە سـەر دینی ئەوان. ئاخـر کـچـەم هـێندە خـۆشـدەویست تـوانام نەبوو دەسـتی لێ هـەڵبگرم. مـاریا چ مـاریـا.. باوکی دەیگوت کچم نادەمـە غەیرە دینان.. بردیانم بمشۆن و ئەوجا بمدەنێ. پاشـان "ونس قـەسـاب"ی برادەرم گـوتی: حـەمـەدەمین مـوسـڵـمـان هـەتکت دەکـەن و ئەوجـا دەتکوژن، کـاکۆ لە ترسـان پەشـیـمان بـوومەوە". ئەمـە قسـەیەکی مـام حەمەدەمین بوو، لە پڕێکا هاتە بیرم.

– مام حەمەدەمین.. پاشان چی لێ هات.

– هـیـچ.. هـاتمـەوە گـــــوندی "وەرە" و بـابم دایکـی مـنداڵانـی بـۆ هـێنـام. هێندەمـان ئێش و ئازار پێکەوە دیت.. وەختێکی بەسـەر منداڵەوە گیانی دا.. بۆی گریام.. زۆریش گریام و ئێستاش کـە ژنم هێناوەتەوە و منداڵم لێ هەن، ئەوم لە بیر دەرناچێت.

– ئەو قسانەی لە کاتێکدا بۆ دەگێڕامـەوە لە ئاوارەییدا لە "تاران" لەسـەر تەختی نەخۆشخانە کەوتبوو و لە گیانەڵادا بوو.

ئەوم لە شـایـیی ژن گـواسـتنەوەی کـوڕەکـەی "سـمـایلە پوتە"دا دیتـبـوو. حـــەبای بەخـــۆیدا دابـوو، ئەوەی هـاتە بەرچاوم بەژنێکی درێژ ژێر حـــەبا و چهـرەیەکی باریکەڵەی مـەیلەو زەرد بوو، وێ دەچوو هـیـچ فـیکری لەســەر من

نەبێت.. بە خێرایی تەماشام کرد. بۆ سبەینێ هاتە ماڵەکەم، کەم قسەی کرد. بۆیە زۆربەی دانیشتنەکە هەر خۆم دوام.

کاتێک پێم گوت:

– ئامادەی ببیتە هاوسەری داهاتووم؟

بێدەنگ بوو، من هەر بەردەوام بووم.

– بۆ بێدەنگی، حەز دەکەم لە زاری خۆتەوە ببیستم.

لچکی حەبا ئێرانییەکەی کەمێکی تر خزاندە سەر سەری و عارەق بەنێوچاوانییەوە مەیی و خەندەیەکی شەرمنانەی کرد:

– نازانم.. من.. من..

– تۆ چی؟

– هیچ؟

– چایەکەم بۆ خۆم و یەکێکم بۆ ئەو تێ کرد. گوتی:

– من چای ناخۆمەوە.

– هەر ناخۆیتەوە؟

– قەت نەمخواردووەتەوە.

چایەکەی خۆم هەڵگرت و پێش ئەوەی فڕی بکەم لە دەستم خزی و رنگەی لە ژێرپیاڵەکەوە هێنا. بەسەر خۆمم نەهێنا و لەژێرەوە سەیرێکی ئەوم کرد و نیگامان تێک هەڵئەنگوتن، ئەویش منی بەراورد دەکرد.

گوتم:

– وەڵامەکەت نەدایەوە.

– رازیم.. بەڵام..

– بەڵام چی؟

– بەڵام من سەرهێشەم زۆر بەدواوەیە، دووسبەی دێمەوە و قسەی لەسەر دەکەین.

گەڕامەوە لای ماڵەکەی خۆم هاوڕێ ڕابەر بە درێژاییی ژوورەکە پیاسەی دەکرد. درەخشان لەسەر کەلەکە راکشابوو، شەمامیش حەمامی بۆ گەرم کردبوون.

درەخشان دەیگوت:

– بەخوای من بەبێ خۆشۆردن دەمرم. لە مەقەریش هەموو رۆژ خۆم دەشۆری.

هاوڕێ ڕابەر بە خەندەیەکەوە:

– هیچ خۆشۆردنێک ناگاتە حەمامەکەی ماڵی خۆمان.

– ئاخ.. هەر بگەمەوە، لە هەر شارێک بم، راست تەلەفۆن بۆ ماڵەوە دەکەم.. کە..!

– کە چی؟

– کە حەمام داگیرسێنن.. حزبیش جاری وا هەیە ئەرکی گرانمان پێ دەسپێرێ. ئاخر ئەمە چییە هەموو ساڵێک ئەم رێگە دوورە دەبڕین و دێینەوە شاخ.. خۆ دەکرێ پیاو هەر لەوێوە ئیشەکانی بکات.

هەر خۆی بەردەوام بوو:

– هاوڕێ دامەزرێنەر لەوێوە بە هەزار کون و کەلەبەردا گەڕایەوە وڵات، سەرەنجامیش گیرا و شەهید کرا. ماڵەوەی نەدیتەوە، ژنەکەی لە رۆژنامەدا زانی مێردەکەی سەرۆکی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی وڵاتێکی ترە..

– چاوی بڕییە بنمێچی ژوورەکە، وەک بڵێی بەخەیاڵدا بچێتەوە، بەدەم

پیاسەوە گوتی:

– یادی بەخێر ئەو ساڵە هەر لە بەغدا کچەکەمان دەعوەت کرد بێتە ئەوێ و پێشوازییەکی باشمان لێی کرد.

رووی کردە من:

– پێویستە دوا هەواڵی هاوڕێیان بزانم.

– باشە بەیانی زوو دەچم.

– کۆمەڵێک شت هەیە بۆ "ئەبوداود"ی دەنووسم، تۆش بە زار لێیان بپرسەوە، لەو کابرایەش دڵم زۆر پڕە، پیاو نابێ هێندە بێ ئیلتیزام بێ، پێویستە سزا بدرێ تاکو جارێکی تر لاق لە بەڕەی خۆی نەباتە دەرەوە.

– نەمزانی مەبەستی کێیە، پتر خەیاڵم بۆ ئەندامانی سەرکردایەتی دەچوو:

– کامیان؟

– راوێژ.

– جا چوون بەرەو ئاگر و خۆ لە شەڕ هاویشتن دەبێ سزا لە جێی پاداشتی بێ؟

– بێ ئیلتیزامی و بێ ڕێزی بەرامبەر بە سەرکردایەتی، بەڕەڵڵایییە بەرامبەر بە حزب، حزب لە سەرووی هەموو کەسێکەوەیە، ئەوانەی تریش، لە بۆڵەبۆڵیان زۆر رازی نیم.

– بێدەنگ بووم، زۆر بەخەم سەلامەتیی ئەوان کارە نهێنییەکانی ترەوە بووم، لەوە دەترسام زەبرێکمان بەرکەوێ. شەو سەرێکی کاوەم دا. بەشەقامەکەی لای ماڵیاندا پێکەوە چەند قەدەمێکمان بەژێر دارتێلەکانی کارەبادا لێ دا:

– هیچی تازەت لە گیراوەکان نەزانیوە؟

– نا.. تەنیا چاودێرییەکەی جاران هەر ماوە، لەم دەوروبەرە هەستیان بە شتێک کردووە.

کەمێک بێدەنگ ڕۆیشتین، لە پڕێکا گوتی:

– من تێ ناگەم ئەم دوژمنایەتییەمان لەگەڵ ئێران لە پێناو چییە. ئاخر کوا دەتوانین لە هەردوو دیودا هەر بەنهێنی بژین؟

– سەرکردایەتی ئاوهای پێ باشە وپێی مەبدەئیانەیە.

– کام مەبدەئ و کام شت.. نە وەک حزبەکانی تر نە لە کۆنەوە گوتوویانە: دوژمنی دوژمن دۆستمە، کاکە هی ئێمە با دۆست نەبێ، بەڵام ئەو دوژمنەش نەبێ کە لەبەری نەحەوێینەوە.

پرسیم:

– مەولوودت نەدیتوە؟

– دیتومە، هەند قسان دەکا مێشکمی کاس کردووە. قسەکانیشی ڕاستن، بەڵام من لە لای خۆمەوە هیچ وەڵامم پێ نییە. باش بوو هاتەوە بیرم.. نەوزادیش دەڵێ توانای ئیشم نەماوە و دەیەوێ بۆ تەواوکردنی خوێندن بچێتە ئەورووپا. ئەوانی تریش هەموو لەو شل و خاوترن.

بەیانی زوو پێش تاو هەڵاتن بەرەو زێوە بە ڕێ کەوتم، دووکەڵی چای لێنان لە تەنیشت سیپاڵی کۆوەکراوەی هەموو ماڵە ئاوارەکان بەرەو ئاسمان هەڵدەکشا، تەنیا ژنانی چارۆگە بەسەر و هەندێکیان سەر ڕووت و پرچ پەرێشان لە جموجۆڵدا بوون.

زانیم هەندێکی تر لە ئەندامانی سەرکردایەتی گەیشتوونەتە ئەم دیوە و یەکسەر چوومە لایان. ئەبوداودیش لەگەڵیان بوو:

– منیش ئەمشەو گەیشتمە ئێرە.

لە دەنگوباسی شەڕم پرسی، گوتی:

– پێشمەرگەی ئێمە و لایەنەکەی تر لە بەرەنگاری دان.

بەدەم نامە خوێندنەوە:

– زیانیشمان هەیە.

پێش ئەوەی لە زیانەکان بپرسم، گوتی:

– یوسف کۆمەڵێک پێشمەرگەی نامولتەزیمی لە خۆی هالاندووە و دەڵێ پاشەکشە ناکەین، ئەگینا منیش لەگەڵ رایەکەی هاوڕێ ڕابەر دام، پێویستە ئەندامانی سەرکردایەتی زوو بگەنە دەرەوەی وڵات.

هەر خۆی پشتی قسەکانی خۆی گرت:

– جا چی لە وڵات بەدەستەوە ماوە، چەند تاشە بەردێک کە ئەویش هەر سەعاتە هەزار تۆپ و گوللە دۆشکای پێ دەکەوێ..

ئەوجا بێ پسانەوە پرسی:

– ئەرێ چیتان لە هاوڕێیانی ئافرەت کرد؟

– بە سێ نۆبەت هەموویان ڕەوان دەکرێن.

– گەیشتوون؟

– بەڵێ.. بەڵام تۆ بە من بڵێ زیانەکانمان چین؟

– دوو شەهید و بەجێمانی ئێزگە و چاپخانە و ژمارەیەکی زۆر چەک و پارەش..

– شەهیدەکانمان کێن؟

بە تەنگەتاوی چاوەڕوانی وەڵامی ناوەکانیان بووم..

گوتی:

– مام عەلی و راوێژ.. مام عەلی هەوڵی داوە ئێزگەکە دەربێنێ و لەسەر مەسئوولیەتی خۆی بەرەو ئێرە بیهێنێ، تۆپێک لێی داوە. راوێژیش بە تەنیا هێرش دەکاتە سەر کۆنە سەنگەرێکی خۆمان کە کۆمەڵێک جاشی تێدا بوون، ئەویش لەوێ نەگەڕایەوە.

هەواڵەکەم بەبێدەنگی وەرگرت. بۆ هەردووکیان زۆر بە داخ بووم: مام عەلی بێچارە و بەدبەخت! لە شاری سەقزەوە سەری هەڵگرتبوو هاتە لای ئێمە بووە پێشمەرگە. خۆی دەیگوت پێنج منداڵ و ژنێکی دەستەوستانی جێ هێشتووە. مامۆستای زمانی فارسی بوو. دێتەوە بیرم کە دەیگوت: ستەم و ئازاری گەلی کوردیش رەنگدانەوەی چەوسانەوەی چینایەتییە. دوا جار لێرە لە دۆڵێکی قووڵ و بە دووکەڵ و باڕووت ئاخناو، لە یەکێک لە مەیدانەکانی مان و نەمانی میللەتەکەیدا مالآواییی کرد. تەنانەت دەرفەت بۆ هەڵکەندنی گۆڕەکەشی نەبوو، بۆ ئەوەی تەڵیشە ئاسنەکان، ژن و کۆشە منداڵەکەی بێنە دیداری و دڵنیا بن ئەوە گۆڕیەتی و دوو دڵۆپ ئەسرینی لەسەر ببارێنن. ئەتۆ راوێژ، کوڕە ئێسقانییە رەشتاڵەکەی دەشتی هەولێر تۆش جارێکی تر هەواڵی باوک و دایکە پیرەکەت نەپرسییەوە ئەو دووانەی زۆر جاران یادت دەکردن و لەوە دەترسای براکانت نەتوانن سکیان تێر بکەن. تێکۆشان و چەک لە شان کردن لای تۆ بۆ سەربەخۆیی و رزگارکردنی وڵاتەکەت بوو لە چنگ تواندنەوە و راگواستن. لە بیرمە هەموو جارێ هەڵدەچووی و دەستە پڕ لە پەنجە ئەستوورە ئێسقانییەکانت بەرز دەکردەوە و دەتگوت: من بۆ ئازادی و پێشکەوتنی وڵاتەکەم تێ دەکۆشم، زۆر کارم بە ئەودیوی وڵاتی خۆمدا نییە.. دوایی کە دەتزانی بە بەرچاوتەنگ و نەتەوەپەرست تاوانبار دەکرێی، بات دەدایەوە: بەو مانایەم نییە کە خۆشبەختیی گەلانی ترم نەوێ. ئەگەر لە دەستم هاتبا لەگەڵ سەربەخۆیی

وڵاتی خۆ هەموو دنیام خەنی دەکرد. کە دەشهاتییە سەر باسی ژنهێنان، مەسەلەکەت تێکەڵ دەکرد و بە پێکەنینەوە دەتگوت: من پێشمەرگایەتیم مارە کردووە.

ئەبوداود پێی گوتم:

– ها، هاورێ داماویت.

– کە یەکێک شەهید دەبێ ناتوانم هەروا بە ئاسانی بەلایدا تێ پەڕم و لە خەیاڵی خۆم بیسڕمەوە.

– هێندە گران لە خۆت بار مەکە، تێکۆشان هەر وایە خەڵکی دێن و شەهید دەبن.

لەگەڵ هەندێش پێ کەنی.. منیش وام دەزانی تاڵاوم بە گەروودا دەکات و ژیلەمۆم بە رووخساردا دەڕێژێ.

ئەوجا حەزی دەرسدانی هەڵسا و کەوتە هەڵڕشتنی تیۆری:

– ئەوەی زۆر بەلای سەرکردایەتییەوە گرینگە. ڕاپەڕاندنی ئەو نەخشەیەیە کە ئێستا تەسلیمی تۆی کردووە، واتە دەربازکردنی سەرکردایەتی و گەیاندنیان بۆ ئەودیوی سنوور..

دەستی خستە سەر شانم:

– ئێمە ئەو فیداکارییەی تۆی خۆشەویست قەت لە بیر ناکەین. من بەناوی مەکتەبی سیاسییەوە سوپاست دەکەم.

بەلامەوە دیمەنێکی زۆر سەیر بوو...

گوتی:

– هەڵبەت پێویستە بزانی، منیش ئەو پێشنازەی هاورێ ڕابەر پەسند دەکەم کە سەرکردایەتیی حزب لە ماوەی حەفتەیەک هەمووی بگاتە دەرەوە.

واقم ورمابوو، پرسیم:

– هەر هەمووی؟

– بەڵێ، هەر هەمووی. هەڵبەت لێژنەیەک بە سەرپەرشتیی "مام نادر" دادەنێین، با ئەو پێشمەرگانە بەرێوە بەرێ کە لێرە دەمێننەوە. ئەرکی دەرچوواندنی سەرکردایەتیش لە ئەستۆی تۆیە. ئەمە ئەوپەڕی متمانەی سەرکردایەتی و خودی هاورێ رابەرە بە تۆ، لە هەمان کاتدا کارێکی مێژوویشە و شەرەفەکەی بەتۆ دەبرێ کە خۆتی بۆ دەخەیتە مەترسییەوە.

من عەرەبییەکەم زۆر شەپرێو بوو، بەڵام لە هەموو قسەکانی ئەو دەگەیشتم. ئەبوداود پێشدان پارێزەر بووە و لە قسەکردن دانامێنێ، "مام نادر" پیرەمێردێکی پەککەوتوو بوو، تەنانەت لە سادەترین شێوەی فیکر و سیاسەت بێبەش بوو. لەو کەسانەیە قەت خۆی بەخوێندنەوە ماندوو ناکات:

"بەخوا من بەگەنجی زۆرم خوێندووەتەوە و ئێستا کە پیر بووم کەڵکی لێ وەردەگرم" هەموو جارێ بە پێکەنینەوە وای پێ دەگوتین:

– هاورێ هەست ناکەیت مام نادر بۆ ئەم کارە نالەبارە و لە ئۆدەی نایەت؟ بۆ چەند کەسێکی گەنج و بەتوانا دیاری ناکەن؟

– نا هاورێ، مام نادر کادیرێکی کۆن و ئەمینە، موو بەموو فەرمانی سەرکردایەتی بەرێوە دەبا، لە کاتی ئاوها ئاستەنگدا ئێمە پێویستمان بە یەکێکی وەکو ئەو هەیە کە زۆر لە فەرمانەکان ورد نەبێتەوە و بە پێشنیازان سەرمان نەیەشێنێ و حزبیش لە کردەوە دوا نەخا.

– کەمێک هەردووکمان بێدەنگ بووین، ئەوسا گوتی:

– چوار کەس لە سەرکردایەتی گەیشتوونەتە ئێرە منیش خۆم دوای هەموویان دەردەچم.

– ئەو چوار کەسانە کێن؟

– دوایی دەیانزانی.

ئۆتۆمۆبێلەکەمم هێنا بەر دەرگەی ئەو ماڵەی چوار کەسەکەی لێ بوو، هەر چواریان هاتنە دەرەوە سوار بوون:

هاوڕێ جەلال و عامیل و ئەبونادیا و حەیدەر.

هێـــواش هێـــواش ئۆتـۆمـــۆبێلـەکـــەم داژوا، ڕێگەکــە خـــۆڵ بوو، تۆز دەوروپشتمانی گرتبوو، کابینی ئۆتۆمۆبێلەکە وەک لانک ڕادەهەژا و سیرە و جیرەی دەکرد. حەیدەر شەش ساڵ لە زیندانی ئێران بووە و هەموو چەند مانگێکە ئازاد کراوە. لەدوای بەربوون کراوە بە ئەندامی سەرکردایەتی. زۆر گۆرانی دەڵێ و تەپڵ و دوزەلە لێ دەدا. چەند جارانیش دیتومە لەو شوێنەی هاوڕێ ڕابەری لێ بووە. گـۆرانیی بەســەر ئەودا دەگـوت، ئەویش لەژێرەوە بزەیەکی دەهاتێ.

– هاوڕێ من زۆر لەوە دەترسم بکەومەوە دەستیان خۆ ئەمجارە چەرمم لێ دادێنن.

– نا حەیدەر گیان مەترسە.

– هەروا بە سانایی؟

– ئەو قاچەی رادەکا، بە ئەسپاییش پێ دادەنێ.

– چییە توانجمان لێ دەدەی؟

– نا، بەڵام ئەم هەموو پێشمەرگەیە، ئەم هەموو خەڵکە ئاوارەیە هەمووی خەریکی خۆ قورتارکردنن؟ ئەگەر وا نییە سەرکردایەتیی حزبێک کە چەندان هەزار پێشمەرگەی بە دواوەیە چۆن دەبێ وا بەخێرایی مەیدان چۆڵ بکات. ئێمە هەموومان گلەییمان لە سەرکردایەتیی شۆڕشەکەی کۆن دەکرد، کەچی سەد خۆزیا..

حەیدەر کەمێک تەماشای هاوڕێکانی کرد و هەردووک چاوە زلەکانی

واقیان وڕما:

هاوڕێ گـیـــان، هەست ناکــەی زۆر لە ئیلتــیــزام دوور کــەوتـوویتـــەوە؟ هاوڕێیەکی بەزەبت و رەبت نابێ لە دەرەوەی لێژنەکەی رای خۆی بدرکێنێ.

– توخوا حـەیدەر لەوە ماندووترم سـەرم بـەم شـتـە سـەرەتایی و بەرپێیانە بێشێنی، من لەوە جیدیتر دەدوێم.

– ئینجا بۆ حزبەکانی تر لە ئێمە زیاتریان کردووە؟

– فەرموو ئەوانیش لە لێشاو بەرەو ئێران دێن و سـەرکردایەتییەکانیشیان بۆ ئێران دەست بەسنگەوە دەنێن.

تا توانیشـیـان پاسداریان هێنایە کـوردسـتـان و بیانوویان دایە دەست دوژمن تاکو بە رق و کینەوە گوند و شارەکانی راگوێزێ.

کۆتاییی قسەکانی بە رقەوە بوو. دیار بوو لە من زۆر قەڵس بووبوو.

– ئاخر ئێمە لە چەشنێکی نوێ و لەوان خۆمان بە پاکتر دەزانین.. دەڵێین پێشەنگین!

– ئێ جا تۆ خۆت بەرپرسی کارە نهێنییەکانیت، ئێی جا خۆ ئێمە ناچینە ئەمەریکا و ناشچینە بەردەم ئێران، دەچینە وڵاتێکی شۆڕشگێڕ و برا.

– کام برا؟

– چۆن کام برا؟!

بە تووڕەیییەوە گوتم:

– من بەبرای نازانم، هاوکاری دوژمنەکەمە.

– بەدەنگێکی بەرز پێی گوتم:

– من گومانم هەیە تۆ کۆمۆنیست بیت.

ئاوڕێکم دایەوە و بە زەردەخەنەیەکەوە گوتم:

– من کۆمۆنیزم بەسەر سپردەیی و نۆکەریی نازانم، پێشەنگیش بە مانای راکردن و لە پێشەوەی خەڵک نییە.

هاوڕێ جەلال هاتە دەنگ:

– هاوڕێیان، ئێوە وا قسە دەکەن وەک بڵێی لە دوو حزبی لێک جیادا بن، ئێوە هەردووکتان ئەندامی یەک حزب و یەک ئایدۆلۆجیاتان هەیە، جا کەوایە بۆ بەم چەشنە لەگەڵ یەکتری دەدوێن، فەرموو ئێمە هەر دوێنێ خوێنمان بەخشی. ئەی بۆ ئێوە شەهیدان راوێژ و مام عەلیتان لە بیر نییە. ئەی ئەوان چین؟ نیشانەی قارەمانیەتی و لەخۆبوردوویی ئێمە نییە؟

گوتم:

– راوێژ لە هەڵمەتبردن بۆ سەر سەنگەرێکی داگیرکراو شەهید کرا نەک..

– نەک چی هاوڕێ؟

– نەک لە ڕاکردن بەرەو دواوە.

ئەبونادیا هاتە ناوبژی:

– هاوڕێیان وا گەیشتینە بازگەیەک، با سەری لێ نەشێوێنین، تکایە بیبڕنەوە.

چوار وەرەقەی پڕکراوەم لە جانتا بچووکەکەی بەردەستم دەرهێنا و هەر بە ڕێگەوە دامە دەستیان:

هەریەکەتان ناوێک لەبەر بکا.. وەرەقەکان رەسمیان پێوە نییە.

پاسدارەکان لەپێش ئێمەوە پیکابێکی بارکراویان دەپشکنی، نۆبەت گەیشتە ئێمەش:

– لە کوێوە دێن؟

گوتم زێوە.

– کوێندەرین؟

– کوردی عێراقین.

– ئەوانە کێن؟

– لەگەڵ من دان.

حەیدەر رەنگی گۆڕا بوو، ئەژنۆکانی کەمێک دەجووڵان.

گوتم: زۆر خۆت مەشێوێنە هیچ نابێ.

کابرای چەکدار پرسی:

– کوردی ئێرانیتان لەگەڵدا نییە؟

– جا چ ئیشمان بەوان دایە؟

– بۆچی، جاری وا هەیە یەکتری دەگرنەوە.

گوتم:

– زۆر جاریش هەیە یەکتری دەکوژین.

– زۆر پێدا دەچیت.. هەمووتان وەرنە خوارەوە.

ناو ئۆتۆمـۆبێلەکـەمـانیـان پشـکنی، یەک یەکی وەرەقـەکـانیـان وەرگـرتن و سەیریان کردن:

برۆن.

پاش نیوەڕۆ درەنگان گەیشتینە ماڵەوە. ئەوانیشم بردە لای هاوڕێ ڕابەر.

## چوارەم

ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆم بردە لای فیتە و پێم گوت چاوێک بە هەموویدا بگێڕێ و عەیبی تێدا نەهێڵێ. ئاخر دەبوو دە سەعات بڕوا و دە سەعات بێتەوە. بەری ئەوەم نەدەگرت لە ڕێگە ماندووم بکات. بە هاوڕێ ڕابەرم ڕاگەیاند سبەینێ بەڕێ دەکەوین، خەریکی ئامادکردنی خۆی بوو.

– من پێویستم بە قاتێکی چاکەت و پەنتۆڵی سپۆرت هەیە.

– دەچم لە بازاڕ بۆت دێنم، سایزەکەتم بدەرێ.

– پێڵاو و بۆینباغت لە بیر نەچێ لەگەڵ کراسێکی باش و جلی ژێرەوە.

بۆ ئەو و ئەوانی تریش ڕۆژێکی تەواو هاتوچۆی بازاڕم کرد تاکو تەیار بوون و دڵیان دامرکا. هاوڕێ درەخشانیش گوتی:

– خۆ کەس من ناناسێت کەواتە خۆم دەچم جلوبەرگ دەکڕم، تۆ تەنیا ژنێکم لەگەڵ بنێرە بەسمە.

گوتم:

– هەمووتان پێکەوە ڕەوان دەکەم.

هاوڕێ ڕابەر هەڵچوو:

– چۆن شتی وا دەکەیت؟ جاری یەکەم من و درەخشان دەڕۆین، دوایی ئەوان دێن.

– جا چی تێدایە ئەگەر هەمووتان بەجارێک بچن.

وەڵامی دامەوە:

– نا نا، دنیا هەزار پێشهاتە.. تۆ نابێ بەرامبەر بەئەندامانی سەرکردایەتی هێندە کەمتەرخەم بیت.

– وا دەهاتە بەرچاوم هاوڕێ ڕابەر گیانفیدایی بکات و خۆ پێش ئەوانی تر بخاتە مەترسییەوە.

گوتم:

– لە ڕێگە هیچ مەترسییەک نییە. من خۆم دەتانبەم.

– لەگەڵ من هەر دەبی بێی تۆ بێی!

ئەوجا لەبەر خۆیەوە گوتی:

– حزبی ئێمە قەت چاکەکانی حزب و دەوڵەتی برا گەورەمان لە بیر ناکات: کەتەگۆریای (الاممية تساوي السوڤيتية) زۆر ڕاستە.

– مەبەستت؟

بە جیدییەوە گوتی:

– مەبەستم حزب و دەوڵەتی لینینی مەزنە.

– ئەی کەوایە بۆ هاودەریی لەگەڵ قوربانییەکانی گەلەکەمان ناکات.

– ئەوان هیچ هەڵوێستێک وەرناگرن ئەگەر حیکمەتێکی تێدا نەبێ. من باوەڕم بە پاکیی سیاسەتی ئەوان هەیە.

منگەیەکم کرد:

یەعنی بەدۆرخستنەوەی کارەساتی هەڵەبجە شتێکی راستە؟ خۆ من پێشمەرگە بریندارەکانی حزبی خۆمانم بۆ وێندەر بەرێ کردوون، مەبەستم ئەوانەیە کە لە بادینان بەر بۆردمانی کیمیاباران کەوتبوون.

بەجیدیتر لە جاران رووی تێ کردم:

– ئەگەر ئەوان بڵێن "هەڵەبجە" بۆردمان نەکراوە، من لە هەواڵی بۆردمانکردنی کیمیاییی هەڵەبجە دەکەومە گومان!

گرژ بووم:

– حاڵی نابم..!! "سەرم لە قسەکەی کاس بوو"

جەلال دەستێکی لە سمێڵەکەی وەر دا کە وەک خۆی دەیگوت لەبەر خۆشەویستیی "ستالین" وا پان و زل هێشتوونیەتەوە، گوتی:

– خۆ من دۆستی نێزیکی گۆرانی شاعیر بووم و مامۆستای ناوبراو لەدایکبووی هەڵەبجە بوو، گریمان ناوبراو لە گۆڕ هەڵسێتەوە و بۆ شارەکەی شین بگێڕێ، ئەگەر "دەوڵەتی برا گەورە" بڵێ ئەم شارە کیمیاباران نەکراوە، ئەوە من روو دەکەمە مامۆستای شاعیر پێی دەڵێم فرمێسکەکانت بسڕەوە، چونکە شوکر هەواڵەکە درۆیە.

رووی لە من کرد:

– هاورێ گیان تۆش ئەوەندە زوو تەنگاو مەبە و هێندەش زوو کوڵ و کۆی نەتەوەییت هەڵنەستێ.

دووجار زەنگی دەرگەکەمان لێ درا، جارێک بەکزی و جارێکی تر بە توندی، ئەمە نیشانەی خۆییبوونی میوانەکە بوو. چووم دەرگەم کردەوە، کەژاڵ نامەیەکی دایە دەستم:

– ئەمە ئامانج هێناویەتی، دەڵێ بەپەلەم، دەگەرێمەوە. زەرفەکەیم پچڕی، برێتی بوو لە چەند برووسکەیەکی هاورێ یوسف کە باری شەرەکانی

خواکورکی تێدا روون دەکردەوە. لە یەکێکیاندا کە مێژووەکەی دوا برووسکە بوو، نووسرا بوو (بەری شەڕ گەیشتووەتە سەر سنوور و سوپای عێراق هەموو شوێنەکانی گرتنەوە. سەرۆکی حزبی هاوپەیمانمان خۆی هاتووە بۆ سەرکردایەتیکردنی دوا دوای ڕەنگارییەکان لە خواکورک. تکایە هەڵوێستی خۆتانمان بۆ روون بکەنەوە". نامەکانم دایە هاوڕێ ڕابەر. گشتیانی خوێندەوە و دایە دەست ئەوانی تریش، پاش دەمێک رووی کردە من:

– بۆی بنووسە بڵێ من وا رۆیشتم و برادەرەکانی تریش هەر وەها، ئەویش لە دوای ئێمە بێت. وا مام نادر دانراوە و بۆمان کێشاوە چی بکات. لەم هەموو کوردستانە هیچ شوێنمان پێ نەپارێزرا ئێستا بۆ چەند قونەشەرێک خۆمان ئازار بدەین، فلان کە هاتووەتە ناو بەرەی شەڕەکانەوە کەیفی خۆیەتی..

گوتم:

– هەندێک جار بەرەنگاری ئەگەر تێکشکانیشی بەدواوە بێ، ئازایەتییە و ورەی خەڵک بەرز دەکاتەوە.

زوو وەڵامی دامەوە:

– ئەوە بەرزیش کرایەوە، پاش دوو رۆژی تر نزم دەبێتەوە.

گوتم:

بەوە دەیسەلمێنین کەوا بە ئاسانی خاک بەجێ ناهێڵین.

بە تووڕەییەوە دەستی راوەشاند:

– دەڵێمان گەڕێ باوکە، پیاوی سیاسی نابێ هێندە بەرچاوی کورت بێنێ. بچوو یان بڕوانە و ئاسۆی بەرچاوت فراوانتر بکە..

مەبەستی هاوڕێ ڕابەرم کردە نامەیەکی کورت و بۆ هاوڕێ یوسفم نارد.

"حاجی زادە" پیاوێکی چوارشانەی تێک چەقیوە. پرچی هەموو سپی

بووە، بەڵام بە تەمەن لە چل ساڵ تێپەڕ ناکات. لە کادیرە نارازییەکانی بزووتنەوەی کوردستانە لە دیوی ئێران، ساڵێک زیاترە هاتووەتەوە شار و دانیشتووە. ئەو تاکە کەسێکە لە نێزیکەوە هاوکاریم دەکات، زۆرجاریش بە ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆی خەڵکمان بۆ ئاودیو دەکات.. حەیدەر و جەلال و ئەبونادیا و مەلا محەمەدم دایە دەستی، ئەوانە لەو دیوەوە دەهاتن، وەجبە وەجبە بەڕێ دەکران. خۆشم شەودرەنگان هاوڕێ ڕابەر و درەخشانم خستە ئۆتۆمۆبێلەکەی خۆم و درم بە سنگی شەوەزەنگ دا و بەڕێ کەوتم.

وەرەقەی ڕێگەم بۆ هەموویان دروست کردبوو، درەخشان گوتی:

– هاوڕێ گیان دڵنیایت بە سەلامەتی دەگەین؟

– بەڵێ.. بەڵێ.. لە هیچ مەترسە.

ئەوان هەر زوو خەویان لێ کەوت، بۆ ئەوەی خۆم خەو دام نەگرێ، پەنجەم نایە بان دوگمەی ڕێکۆردەرەکە، کاسێتێکی فارسی بوو:

شب سیاه سفر کنم

ز تیره راه گزر کنم..

...

مرابیوس، مرابیوس برای اخرین بار

خداترا نگهدار کەمیروم بەسوی سرنوشت..

دە سەعات ئۆتۆمۆبێل لێخوڕین ماندووی کردبووم، پێڵووی چاوەکانم بە زەحمەت ڕادەوستان. لە شاری "ئەردەبیل" دەرچووین و گەیشتینە سێ ڕیانەکەی "بەنین". هەموو نیو سەعات مابوو. بازگەیەکی سەختگیری لێ بوو. ڕایان گرتین، پاسدارێک هاتە پێشەوە:

– ئەمانە کێن؟

– باوکم و خوشکم.

نەیگوت بۆ کوێ دەچن:

– فەرموون.

پێش ئەوەش لە چەند بازگەیەک رایان گرتین، بەڵام چونکە شەو بوو هێندەمان لێ ورد نەدەبوونەوە.

درەخشان:

– بەخوا من خەریک بوو دڵم بوەستێ.

تونێلە درێژەکەی هەورازی (حەیران)مان بڕی و لە چایخانەیەکی سەر رێگەکە لامان دا، کابرای گارسۆن هەر زوو گوتی:

– تەنیا مریشکی سوورکراوەی بە هێلکە و تەماتەمان هەیە، لەگەڵ چای.

بەیانی بوو، نانمان خوارد و چایشمان بەسەردا کرد، کەمێکی تر شۆڕ بووینەوە، پەرژینە ئاسنە تێلدراوەکەی سنوور لە بەردەممان بوو، بەردێکی گەورەی سپی لە لایەکی چیاکە هەڵکەنرابوو، کەوتبووە دیوەکەی تری جادەکە. لە بنیدا ئۆتۆمۆبێلەکەم وەستاند و ئەوانم هێنایە خوارەوە. جانتاکانیان بەدەستەوە گرت و بەرەو لای تێلەکان شۆڕ بوونەوە. هەرچی چووبایە ئەودیو نەیدەتوانی بگەڕێتەوە، بۆیە من نەمدەتوانی بپەڕمەوە. سەعات حەوتی سەرلەبەیانی بوو، دۆڵ و چیاکان بە لێڕەوار و سەوزاییی دارستان داپۆشرا بوون. لەم جەنگەڵە چڕوپڕە و لەم ساتەدا تەنانەت جریوەی مەلێک یان فڕکەی چۆلەکەیەک یان زیڕەی کلۆیەکیش نەدەهات.. گوتم:

– راست بڕۆن لە تێلەکان پاز بدەن و بپەڕنەوە.

## پێنجەم

بێ ئاگا برووسکێک بەلەشم داهات، هەموو گیانمی داگیرساند مووی لەشم وەک نەشتەر راوەستا بوون. هاتەوە یادم چۆن "راوێژ" بەڕاپسکان بەرەو قووڵاییی وڵات جمی. خشپەی قاچەکانی کە چیلکە و وردە زیخی دەهاڕی هاتەوە بەر گوێم، تفەنگی لە گۆلە گرتبوو، بەژنی هەموو شاجوری کلاشینکۆف بوو، دەتگوت رۆستەمی زاڵە پێ دەنێتە سەر زەویی داغ و تا ئەژنۆی بەخاکدا دەچێتە خوارەوە.. لە بەردەمیشمدا زەلامێکی وردیلە بەپەلە پڕووزێ بەرەو سنووری وڵاتێکی تر خلۆر دەبووەوە و خۆی و جانتا رەشەکەی سەر شانی دەسووڕان و هەڵدەبەزینەوە.. لە خوار منەوە، لەناو گەڵای وەریوی درەختەکان و لەن ێوان قەدی دارەکاندا قاڵۆچەیەک ریخی گرمۆڵە دەکرد و بەدەوری خۆیدا خولی دەخوارد و خلۆر دەبووەوە.

پێش ئەوەی بەرێ کەوێت.. دەستی درێژ کرد تۆقەم لەگەڵ بکات، هەرچەندە کردم دەستەکانم لە قوڵفی مەچەکم کە لەپاش خۆم گرتبوون جیا نەدەبوونەوە و هەر بە رامانەوە پێیم گوت: بڕۆ..

یەکسەر بەرەو لای ئۆتۆمۆبێلەکەم گەڕامەوە.